# سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات

**هیرمان هسە**

**وەرگێڕانی**
**کەریم دەشتی**

2018

* ناوی کتێب: سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات 2018
* ناوی نووسەر : هێرمان هسە
*ژمارەی سپاردن (         ) (         ) هەولێر
* چاپی دووەم هەولێر
* ئیمێل karimdashti59@yahoo.com
* ژمارەی مۆبایل 07504512785
* مافی چاپکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە، بەو مەرجەی دەسکاری ناوەڕۆکی نەکات، ئەگینا دەکەوێتە بەر لێپێچینەوەی یاسایی



## پێشەکی چاپی یەکەم

ئەم کتێبە نوڤلێتێکی رۆمانووسی ناوداری ئەڵمانی- هێرمان هیسە- یە کە لەساڵی (١٩٣٢)دا نووسیویەتی، دوای ئەوەی کە رۆمانەکانی(دمیان)و (سیدهارتا)و (گورگی بیابان)، و (نرسیس) (گەمەی کەلا شوشەکان)ی نووسیوە، بایەخی رۆمانەکە لەقودرەتی هێرمان دایە کە چۆن لەناو فانتازیایەکی چڕو پڕدا باس لەگەشتێکی خەیاڵی دەکات بۆ رۆژهەڵات، ئەو رۆژهەڵاتەی کە خودی خۆی تیایا عاشقی بینینی فاتیمەی شای جوانان بووە، گەشتەکە خۆی کۆمەڵێ کەس بووینە بەناوی – کۆبەند- کەتیایا هەریەکەو ئارەزوویێکی هەبووە تا لەرۆژهەڵات بێتەدی خەیاڵێکی سۆفیگەرانە و موغامەریەکی حەکیمانەیە هیوادارم سوودێکی هەبێ بۆ خوێنەرانی کورد.

کەریم دەشتی

٢٠٠٢

## پێشەکی چاپی دووەم

خوێنەری ئازیز:

کاتی خۆی کە چاپی یەکەمی ئەم نۆڤلێتەم کرد، هێشتا مەسەلەکانی چاپ و دیزاین و بابەتەکانی تر ئەوەندە لە برەو دانەبوو، بۆیە دەزگای نما لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەوەندەی لە دەست نەدەهات کە کتێبەکە بە چاپێکی جوان بخاتە بەردەستی ئێوەی بەرێزوئازیز، ژمارەیەکی باشی لێ چاپ بکات، چونکە باری دارایی ئەو سەردەمە زۆر خراپ بوو، هەربۆیەش چاپی دەووەمم کردۆتەوە، بە ئومێدی ئەوەی کە سوودی لێ ببینن.

کەریم دەشتی

2018

هێرمان هیس:
- لەتەمموزی ١٨٧٧ لەدایک بووە.
- لە١٩١١ چۆتە وڵاتی (هیند)
- لە١٩٤٦ خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە.
- لە ١٩٦٢ رۆمانی - گەشتێ بۆ رۆژهەڵات- ی نووسیوە .(ممدوح عدوان) کردوویەتی بەعەرەبی. منیش کردوومە بە کوردی.

## پاژی یەکەم

لەبەر ئەوەی ئەز بەشم بوو، کە بەشداری ئەزموونێکی مەزن بکەم و بەختم یار بوو، بچمە ڕیزی هاوبەندکەوە و بەشداری گەشتێکی دەگمەن بکەم، کە ئەفسسونی ئەو گەشتە ئەستێرە ئاسا درەوشایەوەو پاشان لە نێو فەراموشیدا نوقم بوو، ئێستێکە بڕیاری ئەوەم داوە هەوڵی ئەوە بدەم، کورتە وەسفێکی ئەو گەشتە ناماقوڵە بکەم. هەر لە رۆژگاری **هیگۆ** و **ڕولاندی** شێتەوە، تا ڕۆژگاری ئاوارتەی ئیرۆکەمان، هیچ مرۆڤێ گەشتێکی سەرکێشانەی ئاوای نەکردووە، ئەو ڕۆژگارە شێواو و پڕ گرفتەیە، ڕۆژگارێکی تەڕو بە پیتی دوای جەنگی گەورە بوو. هیچ وەهمێکم نەبوو لەبارەی ئەو ئەستەمانەی ڕووبەڕووی هەوڵێکی وا دەبنەوە، کە ئەستەمێکی گەورەن، هەر بە تەنها زاتی نەبوون، سەرەڕای ئەوەی کە زۆریش لەم ئەستەمانە زاتی بوون، نە لەبەر ئەوەی کە من یادەوەری و بەڵگەی ڕۆژانەییم نەبووبێ پەیوەست بن بەو گەشتەوە، بەڵکو لە سۆنگەی ئەوە بوو، کە لە ساڵانی دژواری سەخت و نەخۆشی و خەم و خەفەتی قووڵدا، هەر لەو کاتەوە زۆر لە یادەوەرییەکانم ونبوون، جا لە ئەنجامی شاپی قەدەرو نائومێدی بەردەوامدا، یادگە و متمانەم بەو یادەوەرییە زیندوو و دێرینانە تووشی بەلا هاتن، بەلام بێ ئەو تێبینیە ڕووت کەسێتیانەم، هەست دەکەم لە سۆنگەی ئەو

سوێندەی کە من پێشتر بۆ هاویەندەکە خواردبووم، فەلەج بوویمە، هەرچەند ئەم سوێندە ڕێگەی ئەوەم پێدەدا، هەندێ لە ئەزموونی دیاریکراوی خودیم  ئاشکرا بکەم، بەڵام ڕێ لەوە دەگرێ، کە هیچ نهێنییەکی هاوبەندەکە خۆی ئاشکرا بکەم. هەرچەندە کۆبەند وەک چۆن بەدیاردەکەوێ، بوونێکی نەماوەو ماوەیەکی دووردرێژە، هیچ یەک لە ئەندامەکانیم نەبینیوەتەوە، بەڵام هیچ وادەیەک و گوڕەشەیەک لە دونیادا نییە وام لێبکات، کە سوێندەکەم بەتاڵ بکەمەوە، بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، ئەگەر ئیرۆ یاخود سبەی واهاتە پێش لە بەردەم ئەنجوومەنێکی میلیتاریدا بوەستم، سەرپشک بم لە میانی مەرگ و ئاشکراکردنی نهێنی ئەو هاوبەندە، ئەوە بە شادییەوە مردن هەڵدەبژێرم. دەتوانرێ تێبینی ئەوە بکرێت، هەر لە کاتی بڵاو بوونەوەی ڕۆژانەی – **کونت کیسیرلینگ** – ەوە، چەند کتێبێ کەوتۆتە ئاراوە، سرووشی ئەوەیان بەخشیوەتە نووسەرەکان، هەندێ جار بە وەعییەوە، بەڵام هەندێ جاریش بە شێوەیەکی ئەنقەسد، کە ئەوان بریانی کۆبەندن و بەشدارییان کردووە لە گەشت بەرەو ڕۆژهەڵات، هەتا وەسفەکانی – **سندنوسکی** – بۆ گەشتە ترسناکەکەی خۆی، ئەوەشیان هەر دەکەوێتە بازنەی ئەو گومانە پاساودارەوە، بەڵام پەیوەندی بە کۆبەندو گەشتی

ئێمەوە نییە بۆ رۆژهەلأت، ئەوەندەی پەیوەندی بە قەشەی تایەفەیەکی مونافیق و - **رزگارکەر**- و- حەوارییەکان - و رۆحی قودسەوە هەیە، کە بۆ چەند دەسکەوتێکی تایبەتی و بانگەشەی چوونە ریزەوە، بەڵگەی بۆ دەهێننەوە، هەتا ئەگەر – **کونت کسیرلینگ** – یش بەدەوری دونیادا چەرخەڵەی کردبێت و **سیندوسکیش** ئەو شارانەی بڕیبێ کە وەسفی کردوون، ئەوە گەشتەکانیان گرینگ نەبووە و هیچ زەوییەکی تازەیان نەدۆزیوەتەوە، بەڵام ئێمە لە چەند قۆناخێکی تازەی گەشتی خۆمان روەو ڕۆژهەلأت، سەرەڕای پشت گوێ خستنی یارمەتییە باوەکانی گەشتی تازەی هێڵی ئاسنین و کەشتی و بەرقیەو ماشێن و فڕۆکەو شتی تر، سەرکێشیمان کردووە و خۆمان لە هەمووشتێ داوە، کە پاڵەوانێتی و ئەفسسونکاریی بووە. کارەکە کەمێ دوای جەنگی گەورە بوو، باوەڕی نەتەوە شکست خواردووەکان لەحاڵەتێکی ئاوارتەیی ناواقیعیەت دابوو، ئامادەگی ئەوە هەبوو کە باوەڕ بەشتگەڵی بهێنێ تێپەڕی واقیع بکات، سەرەڕای ئەوەی کە چەند تەگەرەیەکی کەم لە نێوبردران، بەرەو پێشەوە چوونێکی کەم هەبوو، لەبواری چارەسەری دەروونی ئایندەگەراییدا. ئەو گەشتەمان لەو کاتەدا بەناو دەریای مانگدا بەرەو – **فاماگوسکا** - کە بەرابەرایەتی ئەڵبێرتی بلیمەت بوو، یاخود بڵێ دۆزینەوەی - دورگەی پەپوولە - بوو، لەدووری

دوازده فەرسەخ لە- زینگانگۆ- یا ئاهەنگ گێڕانی گەرمو گوڕی هاوبەند بوو لەسەر گوڕی – رودیگر- ئەوەیان تاکە کارو کارامەیی تایبەت بە کۆمەڵی خەڵک بوو، لە رۆژگارو دونیای ئێمەدا من وای دەبینم کە ئێستێکە لە ڕۆمانەکەمدا ڕووبەڕووی یەکێ لە گرنگترین تەگەرە دەبمەوە، ئەو لوتکە بەرزانەی کەکارەکانی ئێمە پێی گەیشتنو .. ئەو باڵا بوونە رۆحییەی کە ئەزموونی ئەو کارانە لەو دابوون، دەتوانین ڕێژە ئاسا وایان لێبکەین نزیکتر بن لەدەرک پێکردنی خوێنەرەوە، ئەگەر ریمان پێ بدرێت گەوهەری کۆبەندیان بۆ ئاشکرا بکەین، بەڵام هەر زۆر نا، بەڵکو هەمووشتێ ناکرێ پشتڕاست بکرێ یا تێبگەن.، تەنها پێکدژییە کە دەبێ هەمیشە قبوڵی بکەین، ئەویش ئەوەیە دەبێ هەمیشە لەگەڵ مەحاڵدا دا هەوڵ بدەین، من لەگەڵ **سیدهارتای** حەکیمی هاورێ خۆمان لە ڕۆژهەڵاتدا کۆکم، کە جارێکیان گوتی: وشەکان بەچاکی گوزارە لەبیرۆکەکان ناکەن، هەمووشتێ لەپڕێکا: جیاواز دەبێ، یاخود کەمێک شپرزە یا کەمێک گەمژەڵ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەوەی مایەی حەسانەوەی ئەزەو بەراستیش بۆم بەدیار دەکەوێ، ئەوەیە کە مرۆڤێ بە بەهاو حەکیم دەبینێ، یەکێکی دیکە بە ورێنەی دەزانێ، هەتا پێش چەند سەدەیەکیش ئەندامانی کۆبەندەکەمان و دیرۆکنووسەکان

دەرکیان بەو گرفتە کردبوو و ئازایانە ڕووبەڕووی بووبوونەوە، یەکێ لەبلیمەتەکانیان بەشیعرێکی نەمر گوزارشتی لێکردبوو:

ئەوەی کە دوور دوور دەڕوا
زۆر کەڕەتان شتگەلەکان دەبینێ
کە فرە دوور کەوتوونەتەوە
لەوەی کەوای باوەری وایە حەقیقەت بێ
کاتێ لەنێو کێڵگەکانی نیشتمانی خۆی باسی لێوە دەکات.
زۆر جاران بەدرۆ تاونبار دەکرێ
چونکە پیلەکاران باوەڕ بەوشتانە ناکەن
ئەگەر نەیبینن‌و راستەوخۆ هەستی پێنەکەن
وام باوەڕە کە نەبوونی کارامەیی
وا لە گۆرانییەکانم دەکات
تەنها باوەڕ بە کەمێکی بکەن.

نەبوونی کارامەیی‌و ئەو حاڵەتەی گەشتەکەی ئێمەی تێکەوت، بەدیاری خست کە پێشتر هەزاران هەزاری خستۆتە ناو حاڵەتی نەشوەتەوە، ئەوەش نەک هەر لەلایەن خەڵکانەوە فەرامۆش کرا، بەڵکو باسکردنیشی بەگشتی حەرام کراوە، مێژووش تەژی نموونەی وایە، زۆر کەڕەتان هەموو مێژووی جیهان، بۆ من زیاتر وەک کتێبێکی وێنەدار خۆی نانوێنێ، کە چەند وێنەیەک بۆ ئارەزووی مرۆڤایەتی بەهێزو گەمژە پێشکەش دەکات، کە

ئەویش ئارەزووی لەبیرچوونەوەیە، شتێکی دیکە نییە، ئەدی هەر نەوەیەک بەهۆی کوشتو بڕینو شاردنەوەو سوخریەت هەوڵ نادات ئەوە لەبێن بەرێت کە ئەوانەی پێشوو زۆر بەگرینگیان دەزانی. یاخود هەر ئێستێ ئێمە هەموو ئەزموونێکمان نەبوو، کە جەنگێکی بێ ئەمان بوو، لەبیرکراو شێوێنراو لەخڕ وڵاتان پشتگوێ خرا، ئایا ئەو وڵاتانە دوای ئەوەی قەیرێ حەسانەوە، هەمان ئەو وڵاتانە نەبوون کە هەولیان دەدا لەرێگەی ڕۆمانی کاریگەریی جەنگەوە وەبیریان بێتەوە کە خۆیان هۆیێک بووبن، بەرلەچەند ساڵێکی کەم لەدەستیا بەدادەدادبوون؟ بەهەمان ئەو هۆیەشەوە ڕۆژێ دێ دووبارە کەشفی کارەکانی کۆبەندی ئێمە و خەمەکانی دەکەنەوە، کە هەنووکە یا ئەوەتا فەرامۆش کراوە یا بابەتێکە بۆ پێکەنین لەجیهاندا، لێپا تێبینییەکانم بەشدارییێکی چوکەڵەی پێشکەش دەکات. یەکێ لەخەسڵەتەکانی گەشتی ڕۆژهەڵات ئەوەیە، هەرچەندە کۆبەندەکە ئارەزووی ئامانجێکی زۆر دیاریکراوی دەکرد، لەو گەشتەدا- ئامانجەکان نهێنییەکانن، ناکرێ ئاشکرا بکرێن، بەڵام هەریەک لەئەندامەکانیش بۆی هەبوو ئامانجی تایبەتی خۆی هەبێ، لە ڕاستیدا بەبێ بوونی ئەو ئامانجانە، نە دەهاتنە ریزی کۆبەندەوە، هەریەک لەئێمە سەرەڕای بەشداری کردنێکی لە ئامانج و بەها هاوبەشەکان، پەروەردەش کرابوون، دڵخۆشبوون

بەخەونەکانی مندالّی خۆیان، کە کاریگەر بوون لەقولاّیی دلّیانەوە وەک سەرچاوەیەک بۆ هێزی ناوەوەی خۆیانو حەسانەوەیان، ئامانجی کەسێتیم لەو گەشتەدا، کە سەرۆک بەر لەوەی لەکۆبەندەکەدا قبولّ بکرێم لێی پرسیم، ئامانجێکی سادە بوو، بەلاّم زۆر لەئەندامەکانی کۆبەند، چەند ئامانجێکیان بۆ خۆیان دەست نیشان کردبوو، هەر چەند من رێزم هەبوو بۆ ئەو ئامانجانە، بەلاّم بەتەواوی لێیان نەدەگەیشتم، بۆ نموونە یەکێکیان لەوانە بەدوای زێڕوزیودا دەگەڕاو بیری لەهیچ نەدەکردەوە، زێڕو زیوێکی زۆر کەپێی دەگوت – تاو- ، یەکێکی دیکە بیرۆکەی گرتنی مارێکی هەبوو کە قودرەتی ئەفسوناوی پێ دەبەخشی- کوندالیینی- پێ دەگوت، بەلاّم من ئامانجی ژینو گەشتەکەم کە خەونەکانی منی ڕەنگاو ڕەنگ دەکرد، ئەوەبوو کە ئەمیرە جوانەکە- فاتیمە- ببینم و ئەگەر بکرێ خۆشەویستی ئەو بەدەست بهێنم. کە بەختم یار بوو بچمە ریزی – **کۆبەند**-ەوە، کە ئەوەیش راستەوخۆ دوای جەنگی گەورەبوو، ولاّتەکەمان تژی بوو لەپەیامبەرو حیوارییەکانو هەستی پێشینەی کۆتایی هاتنی دونیا یا بەو ئاواتانەی لە دایک بوونی سپێدەی ئیمپراتۆریەتی سێهەم. میللەتەکەمان کە لە ئامانجی برسیەتیو بێ بەشیدا نوقمی نا ئومێدی بوو بوو، جەنگ پارە پارەی کردبوو، تەواو رزگار بوو بوو لەوەهمەکانی خۆی سەبارەت بە بێهوودەیی خۆی،

میللەتەکەمان تووشی وەهمێکی زۆر بوو بوو، وەلێ لەهەمان کاتیشدا گەلێ هەنگاو هاتە دی لەرێگەی پێشکەوتنی رۆحی حەقیقیدا، گروپکارییێکی زۆری سەمای یاکانالّی و کۆمەڵەی تازەکردنەوەی تەعمیدکردن هەبوون، شتەکان یەک لە دوای یەک پەیدا بوون، وا بەدیار دەکەوت کە ئاماژە بۆ شتی سەرسورهێنەرو پشتی پەردە دەکەن، لە هەمان کاتدا مەیلێکی زۆر بۆ مەتەڵی هیندیو فارسی کۆنو مەتەڵو ئایینی ڕۆژهەڵاتی دیکە هەبوو، ئەوەش هەمووی ئەوەی بەخەڵک دەبەخشی کە کۆبەندە دێرینەکەمان یەکێکە لەتایفە تازە باوەکانو پاش چەند ساڵێکی کەم، ئەویش دەبێتە نیمچە لەبیرکراوێکی قێزەوەنو چەپەڵ کەحیواریەکان ناتوانن سەبارەت بەم مەسەلەیە موجادەلە بکەن، بە تۆزێک ڕوون و ئاشکرا بە بیرم دێتەوە کە چۆن خۆم پێشکەشی کۆبەند کرد، دوای ئەوەی ساڵێک بەسەر تاقیکردنەوەمدا چوو، لەبەردەم عەرشی سامیدا و دوای ئاشکراکردنی ئامانجی گەشتی ڕۆژهەڵات بۆ من، دوای ئەوەی جەستەو رۆحی خۆم بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کرد، بەنەرمی داوام لێکرا، کە دەستنیشانی ئەو ئامانجە بکەم تا لەو گەشتە ئەفسووناوییەدا بەرەو رۆژهەڵات بەدیبهێنم، بەراشکاوی و بێ دوودڵی دانم پیانا تۆزێکیش لە بەردەم بەرپرسە کۆم بووەکاندا خۆم ڕەنگرێژ دەکرد بەوەی کە ئارەزووی دڵی من ئەوەیە

ریگەم بدەن- **ئەمیرە فاتیمە**- ببینم، قسە بێژ هەستایەوەو هێماکەی منی راڤە دەکرد وبەنەرمی دەستی بەسەر سەرمەوە داهێناو دەستەواژەییێکی گوت کە بەڕاست زانینیەکەی، قبولْی من بوو وەک ئەندامێک لەکۆبەندو گووتی:- ئەنیمابیا - داوای لێکردم کەسەقامگیربم لە سەر باوەڕی خۆم و ئارام بگرم سەبارەت بەبرسیەتی و هاوڕێکانی خۆم لەمرۆڤدا خۆش بووێن، سوێندی خۆم خوارد، دوای ئەوەی کە بەچاکی سەعیم لە سالْی تاقیکردنەوە کردبوو، ئیدی جیهان و خراپەکاریەکانم جێهێشت، ئەلْقەی کۆبەندم لەپێناوی ئەو وشانەی کە لە جوانترین پاژی مێژووی کۆبەندەکەمان وەرگیرابوو، خستە پەنجەوە:

لەسەر زەوی و لەئاسمان، لەئاو وئاگر
رۆحەکان بەر رکێفو پەیوەست بەون
نیگاکانی بەهێزترین وەحشی دەترسێنیو رامی دەکا
هەتا دوژمنی مەسیحیەتیش دەبێ ڕووی تێبکا. بەترسەوە....

ڤێجا لەبەر بەختەوەری هێجگار زۆری خۆمان، لەکاتی قبولْ کردنمان لەکۆبەندا ئەوەی کە چاوەڕوانمان دەکات، هەموویان بە ئێمە گوت، ئێمەی تازەکار، بۆ نمونە، دەبێ پابەندی قسەکانی بەرپرس بین، تا خۆمان بگەیەنینە یەکێ لە گروپەکان، هەریەکیان لەدە کەس پێکهاتبوو، بەناو ولاتدا دەسوڕێنەوە، یەکسەر دەرکم بەیەکێ لەنهێنیەکانی کۆبەند کرد، دەرکم پێکرد کە من پەیوەندیم

بەگەشتی سەردانی ڕۆژهەڵات کردوە، تەنها گەشتی حەج، لەڕوودا دیاریکراو بوو، بەڵام لەڕاستیدا و بە مانا فراوانەکەی، ئەو نێردەیە بۆ ڕۆژهەڵات، تەنها بۆ من و بۆ ئێستاش نەبوو . بەڵکو ئەو کۆڕەوە لەباوەڕدارانو حەوارییەکان، هەمیشەو بێ برانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێ، بەرەو نیشتمانی ڕووناهی، بەدرێژایی چاخەکانیش هەمیشە لەو ڕێگەیەدا بوون، بەرەو ڕووناهیو ئەو غەرابەتییە سەرسامکارو ئەفسوناویە، هەموو ئەندامێکیش، هەروەها هەموو کۆمەڵەیەکیش بەڵکو هەموو ئاپۆڕەی ئێمە و گەشتی مەزنی خۆیان، جگە لە شەپۆلێ لەجۆگەلەی ئەبەدیدا، هەروەها جگە لەبوونی مرۆیی و لەخەباتی ئەبەدی رۆحی مرۆڤایەتییدا بەرەو ڕۆژهەڵات و نیشتمان، شتێکی دیکە نەبوو، مەعریفە وەک تیشکێ لەڕووناهی بە ناو ئەقڵی مندا ڕەت بوو، یەکسەر دەستەواژەییێکی وەبیر هێنامەوە، کەلە دوو ساڵی سەرەتاییدا فێری بوو بووم، بەختەوەرییێکی مەزنی لەمندا دەورووژاند، بێ ئەوەی پەی بە بایەخی راستەقینەی ببەم، دەستەواژەییێکی - **نوڤالیسی**- شاعیر بوو: «بەراست ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟ هەمیشە بەرەو نیشتمان» لەو کاتەدا تاقمەکەی ئێمە دەستی بەگەشتی خۆی کردبوو، هەر زوو گەیشتینە تاقمەکانی دیکەوە، هەستی یەکێتی و ئامانجی هاوبەش بەختەوەرییێکی زێدەتری پێ بەخشین، بەگوێڕایەڵی

لەو ڕێنماییانەی کە بەئێمەیان دابوو، وەکو حاجییەکان ژیاین، سوودمان لەو فڕوفێڵە وەرنەگرت، کە لەجیهانێکەوە هەڵدەچێ پارەو پوولو زەمان و ژمارە سەری لێ شێواندوەو ژیانی لە هەموو مانایەکدا هەڵپرووکاندووە و وشکی کردۆتەوە. هەروەها ئەو فڕوفێڵانە چووە ناو ئامێرە میکانیکییەکانی وەک هێڵی ئاسنینو سەعاتو ئەو شتانەی لە لیستەکەدا هەبوون، هەروەها ڕێسایێکی نادیاری دیکە وای لێکردین زیارەتی هەموو شوێن و ئاپۆرەیەک بکەین، کە پەیوەستن بەدیرۆک و باوەڕی کۆبەندەکەمانەوە وفەرزەکانی گوێڕایەڵی پێشکەش دەکەن، زیارەتی هەمووشوێن و سەکۆیە پیرۆزەکانمان کردو سەرمان بۆ دانەواندن، هەروەها زیارەتی ئەو کەنیسەو گۆڕە پیرۆزانەشمان کرد، کە بەتەکیاندا رابردین، پەرستگا و قوربانیگاکان بە گوڵ رازێنرابوونەوە، ئەرکەکانی ریز گرتنی کەلاوەکان بەگۆرانی و رامانی کپ ئەنجامدران، یادی مردووەکان بەمۆسیقا و نوێژ کرایەوە، کارەکە نائاسایی نەبوو، تا بێ باوەڕان تیزمان پێنەکەنو وەرسمان نەکەن، وەلێ زۆر کەڕەتان وا ڕوویدەدا کاهینەکان پیرۆزبایان لێدەکردین و داوایان لێدەکردین سەریان لێبدەین و منداڵەکان بێنە ریزمانەوەو گۆرانیمان لێ فیربن، پاشان چاودێرییان دەکردین لەو کاتەی ئێمە جێمان دەهێشتن، چاواکانیانیان پڕ لە فرمێسک دەبوون، تا پیرێکیش شوێنێکی

لەبیرکراومان پێ پیشان بداو ئەفسانەیەکی ناوچەی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، هەروەها گەنجەکانیش تا بەشێکی ڕێ لەگەڵماندا بەرێکەون و ئارەزووی خۆیمان بۆ بەدیار بخەن، بۆ ئەوەی بێنە ڕیزی کۆبەندەکەمان، ئێمەش ئامۆژگاریمان دەکردن و فێری سروتی سەرەتاییو کرداری سەرەتاکانمان دەکردن. یەکەم شتی غەریبمان بینی، هەندێ جار لەرێگەی دیتنیان بەچاوی خۆمان و هەندێ جاریش لەرێگەی حەکایەت و ئەفسانەی لەناکاو، رۆژێکیان کە هێشتا ئەندامێکی تەواو تازە بووم، یەکێکیان لەهیکەوە باسی کرد کە - **ئەگرامانت**- ی فەلامەرز مێوانی خێمەی سەرۆکەکانمانە، هەولَی ئەوە دەدا رازیان بکات، رێگەی خۆیان بەرەو ئەفریقیا بگۆڕن، تا هەندێ لەئەندامەکانی کۆبەند لە دیلێتی مەغریبییەکان رزگار بکەن، کەڕەتێکی دیکە - گوبلَن- ی کارسازی قیڕمان بینی، گریمانەی ئەوەمان کرد کە دەبێ بچینە لای — قەدەری شین- بەلاَم یەکەم دیاردەی غەریب کە بە چاوی خۆم بینیم ئەو کاتە بوو، کە بۆ نوێژو حەسانەوە لەپەرستگاییێکی دێرینەو نیوە ڕووخاودا لەناوچەی - **سبیشندروف**- دا وەستاین، لەسەر تاکە دیواری نیوە رووخاوی پەرستگاکە وێنەییێکی گەورەی رەسم کراوی - **قدیس کرستوڤر**- م بینی کە - **رزگارکەری منالَ**- بەسەر شانییەوە دانیشتبوو، وێنەکە بچووک بوو نیوەی بەکاریگەرێتی زەمانەوە

نەمابوو، رابەرەکان وەک عادەتی خۆیان جارناجار پێشنیاریان نەدەکرد کە بۆ کوێ دەچین، بەڵکو هەموومانیان بانگ دەکرد تا ئارەزووێ یا مشوەرەتێکمان هەبێ، بەڵام یەکێ لەئێمە هێمای بۆ لای چەپ کرد بەمنجرییەوە داوای کرد، کەئەو ڕێگەیە هەڵبژێرین، هەموو بەبێ دەنگیماینەوەو چاوەڕوانی بڕیاری سەرۆکەکانی خۆمان کرد، ئەو کاتە قدیس کریستوڤر کە عەسایەکی درێژو ئەستووری پێ بوو دەستی خۆی هەڵبڕی هێمای بۆ لای چەپ کرد، برامان حەزی دەکرد بۆ ئەو لا بڕوات، ئێمە بەبێ دەنگییەوە چاوەڕێمان دەکرد، سەرۆکەکانمان ئاوڕی لای چەپیان دایەوەو کەوتنە ڕێ، ئێمە بەخۆشییێکی زۆرەوە کەوتینە دوایانەوە. هێشتا ئەوەندە نەڕۆیشتبووین لەرێگەماندا لە – **سوابیا** – هەتا بیریشمان لێ نەکردبۆوە، تێبینی هێزێک دەکرا، بۆ ماوەیەک بێ ئەوەی بزانین ئایا ئەو هێزە دوژمنە یادۆستە؟ کەوتینە ژێر کاریگەرێتی ئەو هێزەوە، ئەوەیان هێزی پاسەوانی تاج بوو، هەر لە دێرینەوە پارێزگاریان لەیادەوەری – **هنشتوفن**– دەکرد لەوڵاتەدا هەروەها لەمیراتەکەشی، ناشزانم ئاخۆ سەرۆکەکانمان زیاتر لەوەیان دەزانی، یا ڕێنماییێکیان هەبووبێ سەبارەت بەوان یا نا، هەر ئەوەندە دەزانم ئێمە سەبارەت بەوانەوە، زۆرجاران ئاگادار کراینەوە، وەک چۆن ئەوە ڕوویدا، لەو کاتەی گەیشتینە جەنگاوەرێکی پیرو بەویقار لە سەر بانێکدا لەرێگەی

– **بوينفينجی**–  سەری سپی خۆی هەڵتەکاندو چاوەکانیش داخرابوون، پاشان بێ ئەوەی ئاسەوارێک بەجێ بهێڵی ون بوو، سەرۆکەکانیشمان بێداریان کردینەوەو گەڕاینەوە و نەچویین بۆ رێی – **بوینفیجی**– لەلایەکی دیکەوە لەتەک –**ئوراک**– دا وا ڕوویدا کە نێردەییێکی پاسەوانی تاج لە خێمەی سەرۆکەکانمان بەدیار کەوێ، دەتگوت کانییێکە لەوقوڵایی زەوییدا، بە هەراو زەناوە هەوڵیدا رازیان بکات کە نێردەکەی ئێمە لەخزمەتی –**ستاوفن**– دا بیٚو خۆیان ئامادەکەن بۆ غەزوکردنی – **صقلیە**– کاتێ سەرۆکەکان بەپیلەوە ئەوداوایەیان رەت کردەوە گوتی: نەفرتێکی ترستاک دەخەمە سەرکۆبەند و نێردەکەتان. لەراستیدا من ئەوە دەڵێم کە بە چرپە چرپ لەنێوانماندا هەبوو، سەرۆکەکان یەک وشە چییە دەربارەی بابەتەکە قسەیان نەکرد، بەڵام لەوانەیە مەسەلەکە لەرێگەی پەیوەندییە نارستەکەمان دەگەڵ پاسەوانەکانی تاج وای کردبێ، کە ناوبانگی کۆبوندەکەمان بۆ ماوەییێکی درێژ خۆشەویست نەبێ، بەو مانابیە بوو کە ئێمە گروپێکی نهێنین و هەوڵدەدەین مەلەکیەت بگەرێنێنەوە. جارێکیان ئەزموونی دیتنی کەسێکم لە هاوەڵەکانی خۆم هەبوو، کە گومانی هەبوو و سوێندی خۆی شکاندبوو ترۆکرابوو، گەنجێ بوو خۆشم دەویست، هاندەری ئەو گەنجە بۆهاتنە ریزی کۆبەندەکەوە، ئەو ئارەزووی بوو کە تابوتی موحەمەدی

پەیامبەر ببینێ، دەیگوت : ئەو دەتوانێ بەهێزی سیحر ئازادانە سواری تابوتەکە بێ بۆ ئاسمان بڕوات ، لەیەکێ لەشارەکانی - **سوابیا**- یاخود ئەڵمانیای بچووک، کەبۆ چەند رۆژێک تیایا ماینەوە؟ چونکە بەرهەڵستییەک لە ئەستێرەی زوحەلو مانگ کۆڕەوی ئێمەی وەستاند، ئەو پیاوە خەمبارە کە خەمگین و نیگەران بوو، وا دیار بوو بۆ چەند ماوەیەک چاوی بە یەکێ لەمامۆستاکانی پێشووی کەوتبوو، هەر لەڕۆژانی خوێندندا هۆگری بوو بوو ، ئەو مامۆستایە سەرکەوتنی لەوە بەدەست هێنابوو، کەوا لەو گەنجە بکات جارێکی دیکەش مەسەلەکەمان بەو تیشکەوە ببینێ کەجاحیدەکان پێی تەماشا دەکەن. دوای یەکێ لەو زیارەتانە بۆ لای مامۆستا، بە حالەتێکی ترسناک و شپرزەڕوو، ئەو هەژارە گەڕایەوە ناو خێوەتگەکەمانەوە، هەراو زەنایەکی لەبەردەم خێمەی سەرۆکەکاندا هێنا ئاراوە، کاتێ وتەبێژ هاتە دەرەوە، بەتوڕەییەوە بەروویا هەڵشاخاو گوتی: بێزارە لەو نێردە پێکەنیناویە کە بۆ ئەبەد نامانگەینێتە ڕۆژهەڵات. بێزار بوو لەوەستان پچڕاندنی گەشتەکە بۆ چەندین رۆژ، هەرلەبەر خاتری چەند هۆیەکی فەلەکی غەبیانە، ئەوە لەقێزەوەنی بێکاری و لەئاهەنگی گوڵین و بایەخدان بەسیحرو تێهەڵکردنی ژیانو شیعرزیاترە، ئیدی ئەو ئەلقەی خۆی داوێتە ژێر پێی سەرۆکەکان و بەشەمەنەفەرێکی دڵنیابەخش دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی و

سەرکاری مەفاداری خۆی، دیمەنێکی ترسناکو خەمەنگیز بوو، شەرم دایگرتین، لەهەمان کاتدا دڵمان بەو پیاوە گومڕایە سووتا، وتەبێژ بە نەرمی گوێی لێ راگرتو بەبزەوە چەمایەوە سەر ئەڵقە فرێدراوەکەو پاشان بەدەنگێکی نەرم و هاندەر کە دەبێ شەرمەزاری پیاوە هەرا ئامێزەکەی کردبێو گوتی:

-ماڵاواییت لێکردین، دەگەڕێیتەوە هێڵی ئاسنین و کاری بایەخدار، ماڵاواییت، کرد لەکۆبەندو نێردەی ڕۆژهەڵات، ماڵاواییت لەسیحر ومیهرەجانی گوڵێنو شیعر کرد، ئەتۆ هیچ پەیوەندییێکت بەسوێندی خۆت نەماوەو شکاندووتە.

–پیاوە هەڵاتووەکە پرسی: سوێندەکە سەبارەت بە بێدەنگبوونیش؟

–وتەبێژ وەڵامی دایەوە، بەڵێ سوێندی بێدەنگبوونیش، لەبیرت بێ کە سوێندت خواردوە بێدەنگ بیت، لەنهێنییەکانی کۆبەند لەبەردەم جاحیدەکان، هەروا دەبینین کە تۆ نهێنیت لەبیر کردووەو توانای ئەوەت نابێ بۆ کەسێک ئاشکرای بکەیت.

– ئایا شتێکت لەبیر چوو؟ من هیچ شتێکم لەبیر نەچووە، گەنجەکە هاواری کرد بەڵام دڵنیا نەبوو.

کە گوتەبێژ پشتی تێکردو گەڕایەوە خێمەکە، لەهیکەوە گەنجەکە تێی تەقاند و ڕایکرد و بەخێرایی دوورکەوتەوە. ئێمە خەمبار بووین بەڵام ڕۆژەکان پڕ بوون لەرووداو، هەتا من هەر زوو لەیادم چوو، پاشان شتێکی دیکە روویدا

لەو کاتەی هیچ یەک لەئێمە بیری لێ نەدەکردەوە، وامان بیست کە خەڵکی چەند گوند و شارێک کەپێیاندا تێپەڕی بووین، باسیان لەهەمان ئەو گەنجە دەکرد، دەیان گوت گەنجێ هەبوو بەدیقەتەوە وەسفیان دەکرد و ناویان دەهێنا - لە هەموو شوێنێکدا بەدوای ئێمە دەگەڕا، پاشان دەستی کردووە بەگریان و دانی پیاناوە کە ئەو ئەمین نەبووە لەگەڵ ئێمەدا، رایکردووە، بەڵام دەرکی بەوە کردوە کە ئیدی ناتوانێ لە دەرەوەی کۆبەندا بژیت، ئارەزووی ئەوە دەکات کە دەبێ بماندۆزێتەوە، تا بکەوێتە سەر ئەژنۆکانی و لەبەردەم سەرۆکەکاندا داوای لێبوردن بکات، گوێمان لەو چیرۆکە بوو، کە لەملاو ئەملادا لەهەموو شوێنێ باسدەکرا، بۆ هەر کوێیەک دەچووین ئەو پیاوە خەمبارە بەر لەکەمێک لەوێدا بووە، لە گوتەبێژمان پرسی کە بیروڕای ئەو چۆنەو حەڵ چییە؟ گوتی: زەن ناکەم بماندۆزێتەوە. هەر بەراستیش ئێمەی نەدۆزییەوەو پاشان نەمانبینیەوە. جارێکیان سەرۆکێک لەگەڵ مندا کەوتە خەڵوەت، ئازایەتیم دایە بەرخۆو لێم پرسی کارەکە چی بەسەرهات؟ لەگەڵ ئەوگومڕایەدا، گوتم سەرەڕای هەموو شتێ ئەو پەشیمان بۆتەوەو بەدواماندا دەگەڕێ، بێگومان ئەو لەئایندەدا لە هەموو ئەندامەکانی کۆبەند پتر لایەنگر دەبێ، سەرۆک گوتی: دەبێ دڵخۆش بین ئەگەر رێگەی گەڕانەوەی بۆ لای ئێمە بدۆزێتەوە

بەڵام ناتوانین دایمەزرێنینەوە، کارەکەی زۆر لەخۆی سەخت کردوە، بەشێوەیێک کە ناتوانیَ باوەڕی وەبەر بێتەوە، لەوە دەترسم کە، بمانبینێتەوەو نەماننناسێتەوە ئەگەر بەتەکیشیا رەت بین، ئێستە کوێر بووەو پەشیمان بوونەوە بەتەنها بەس نییە، بەزەیی بە پەشیمان بوونەوە ناکرِدرێت، ، هەمان ئەوە لە زۆر کەس روویداوە، زۆر پیاوی بلیمەت و ناوداریش تووشی هەمان ئەو چارەنووسە بووینە، کە ئەو لاوە تووشی هاتووە، لە سەردەمی گەنجێتیان کەرِەتێک ڕووناهیان بۆ وەدەرکەوتووە، روناهییەکەیان بینیوەو کەوتوونەتە شوێنی ئەستیرەکە، بەڵام ئەو کات ئەقڵ هاتو جیهانی کردە قوڵایی و پاشان دڵیان کزبوو، لەروودا خیت بوونەوە، پاشان ماندوو بوون و لەوەهەم رزگاریان بوو، سەر لەنویَ خۆیان ریَی خۆیان گرتەوەو گەرانەوە ، هەندێکیان ئەو عومرەی کە مابوویان بەدوای ئێمەدا دەگەڕان بەڵام نەیانتوانی بماندۆزنەوە، ئەو کاتەی بەجیهانیان گوت کەوا کۆبەندی ئێمە جگە لەئەفسانەیەکی جوان چیدیکە نییە، پێویستە خەڵک فریومان نەخۆن، هەندێکیان بوونە دوژمنی بابەکوشتەو کۆبەندیان دەبێزاندو بەهەموو ریَگەیەک ئازاریان دەدا. رۆژانێکی ئاهەنگ ئامێزو سەرسامساز هەبوون، هەر چەند جاریَ لەریَگەی خۆماندا چاومان بەلایەنی دیکە دەکەوت لەئەندامانی کۆبەند، جارجارە خێوەتگەیەکماندا دادەمەزراند، سەدان کەس

هەتا هەزاران کەسی تیا بوو، لەراستی دا نێردەکە هیچ سیستەمێکی سەقامگیری پێشکەش نەدەکرد، هەمو کەسێ بەهەمان ئاقاردا لەچەند رەتلێکی داخراو دا جولەی دەکرد، بەپێچەوانەی ئەوەش چەند گروپێ هەبوون بەیەکەوە رێدەکەوتن هەریەکەشیان بە دوای سەرۆک ئەستێرەی خۆیدا دەچوو، هەریەکەشیان هەمیشە ئامادە بوو بۆ ماوەیەک بچێتە ریزی یەکەیەکی گەورەترەوە، بەڵام بەهەما قەدەریش ئامادە بوو دووبارە داببڕێتەوە، هەندێکیان رێگەی خۆیان دەگرت، من خۆم هەندێ جار بەتەنها دەڕۆیشتم، هەر چەند جارێ هێمایەک یا داوایەک دەهاتە ئاراوە، ئارەزووی ئەوەی پێدەبەخشیم کە بە تەنها بەڕێکەوم... بەبیرم دێتەوە لەگەڵ گروپێکی هەڵبژاردەدا گەشتم کردو چەند ڕۆژێ خێمەمان هەڵدا، ئەو گروپە وادەی دابوو هەندێ لە برا دیلەکانی ئەندامانی کۆبەندو **ئەمیر ئایزابیلا** لە دەست مەغریبیەکان ڕزگار بکات، دەیانگوت کەرەنای - **هیگو**- ی هەیە، لە میانی ئەندامەکانییدا هاوڕێی شاعیرم- لوسیشر- و هونەرمەندانی کچ و کلینگسۆرو بول کلی- هەبوون، تەنها لەبارەی ئەفریقیا و ئەمیری دیلەوە قسەیان دەکردو ئینجیلی ئەوان کتێبی دۆنکیشوت بوو، کەوایان دەبینی لەسەر شەرەفی ئەو دۆنکیشۆتە ڕێگەی ئیسپانیا بگرنە بەر. ئەوەی جێگەی بەختەوەری بوو، هەر چەند جارێ چاومان بەو گروپە دەکەوت، دەچووینە سەر سفرە و بەشداری پەرستنکاری

ئەوانمان دەکرد و داوەتمان دەکردن، تا ئەوانیش بەشداری داوەت و ڕێ و ڕەسمی پەرستنی ئێمە بکەن، گوێمان لە نەخشەو پلانی ئەوان ڕادەگرت و پیرۆزباییمان لێدەکردن، دوای یەکتر ناسین، ماڵاواییمان لێدەکردن، ئیدی ئەوان ڕێگەی خۆیان دەگرت و ئێمەش ڕێگەی خۆمان دەگرتەبەر، هەر یەکەو خەونی تایبەتی و ئارەزووی تایبەتیی و نەهێنی دڵی خۆی هەبوو، بەڵام هەموویان بەیەکەوە هەڵدەڕژانە جوگەلە گەورەکەوەو هەریەکەیان دەچۆوە ڕیزی ئەویدەیکەوە و بەهەمان ڕێزو باوەڕەوە هاوبەشیان دەکردو هەمان سوێندیشیان خواردبوو، چاوم بە – **جوب**– ی سیحرباز کەوت کە هیوای وابوو گەورەترین بەختەوەری ژیانی خۆی لەکشمیردا بدۆزێتەوە، چاوم بەلویسی رەهیب کەوت، کە خەونی بەوە دەبینی دارستانێ لە زەیتون لەسەر زەوی موقەدەس دا بچینێ و کۆیلە بکڕێت، شان بەشانی (**ئەنسیلم**) دەڕۆیشت، کە ئەویش بەدوای پەلکە زێرینەی خەونی ئەرخەوانی خۆی دەگەڕا، چاوم کەوت بە – **نینۆن**– کە بەنازناوی غەریب دەناسراو خۆشم ویست، چاوە تۆخەکانی لەژێر قژی رەشیدا دەبریقایەوە و ئێرەیی لە فایتمە دەهات، کە ئەمیری خەونەکانم بوو، بەڵام ڕەنگە هەر خۆی فاتیمە بووبێ، بێ ئەوەی من بیزانم، هەروەک چۆن بەرێکەوتین، جارێکیشیان ئەباتیرەو سەلیبیەکان بۆ رزگارکردنی نیعمەتی - **رزگارکار**– و

یاخود بۆ خوێندنی سیحری عەرەبی بەڕێکەوتن، سوار چاکانی ئەسپانیش هەر لەسەر ئەم ڕێیەدا ڕۆیشتن، هەروەها لێتۆژەکانی ئەڵمانو راهیبە ئیرلەندی و شاعیرە فەڕەنسییەکانیش بەم ڕێگەدا رۆیشتوون، بەڵام من جگە لە کەمانجە ژەنینو گێڕانەوەی چیرۆک، پیشەییێکی دیکەم نەبوو، بەرپرسی ژەنینی مۆسیقا بووم بۆ کۆمەڵەکانی خۆم، ئەلەویٚ بۆم وەدیار کەوت، کە ئەو کاتە دوورو درێژەی بۆ وردەکاری تەرخان دەکریٚ، چەند هێزمان زیاد دەکات، نەک هەر مۆسیقام دەژەنی و جۆقەم ڕێکدەداوە، بەڵکو من گۆرانی وسروودە کۆنینەکانیشم کۆدەکردنەوە، بڕگەو گۆرانی شەش دەنگ یاخود هەشت دەنگم نووسیەوە، جێبەجێشم کردن، بەڵام باسی درێژەی ئەوەتان بۆناکەم، من هەڤاڵ و رابەرەکانی خۆم زۆر خۆشدەویستن، بەڵام لەئەنجامدا هیچ یەک لەوان زاڵ نەبوون بەسەر بیری من، بەقەدەر زاڵبوونی- **لیۆ** — هەر چەند لەو کاتەدا ئەو جێگەی سەرنج نەبوو لەمیانی ئێمەدا، لیۆ خزمەتکارێکی ئێمە بوو، ئەوانیش وەکو ئێمە خۆبەخش بوون، یارمەتی دەدایەن لەگواستنەوەی ئەو شتانەی کە بۆ خزمەتکردنی کەسێتی وتەبێژ دەستنیشان دەکرا، ئەوپیاوە سادەیە شتێکی زۆر خۆشی هەبوو، شتێکی فزولی نەبوو، بەدەوری ئەودا ڕووناهی دەبەخشی و وایدەکرد هەموو مرۆڤێ خۆشی بویٚ، بە ڕوو خۆشییەوە کارەکانی خۆی دەکرد، هەمیشە گۆرانی دەگوت، کە

بەتەکیا رابردبای لە هەڵڵای دەدا، تەنها لەکاتی پێویست نەبا هەرگیز نەدەبینرا، لە ڕاستیدا ئەو خزمەتکارێکی نموونەیی بوو، هەمیشە سەگێکمان لەگەڵ دابوو، یاخود شتێکی دی بەهۆی – لیۆ– ەوە دەهاتەوە ڕیزەکەمانەوە ، دەیتوانی چۆلەکە بەخێو بکات یا وابکات پەپولەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ، ئارەزووی ئەوە بوو کە کیلیلی رەمزەکانی سلێمان وەدەست بهێنێ، کە وای لێدەکات بتوانێ لەزمانی چۆلەکەکان بگات، هەرئەوەش بوو کە ئەوی بۆلای ڕۆژهەڵات پەلکێش کردبوو، بە بەراوردکردن لەگەڵ چەندین نموونە لە کۆبەندەکەماندا، بەبێ ئەوەی لەبەهای یاخود لەسەفایان کەم کەنەوە، زۆربەیان زێدەڕۆ و غەریب و بە ویقار بوون یا موتەعەسیب بوون، بەڵام – **لیۆ**– ی خزمەتکار سادەو ئاسایی بوو عافیەتی لێ دەبریقایەوەو نەرمو نیان و بێ تەکلیف بوو. ئەوەی کەوا دەکات چیرۆکەکەم بەشێوەیێکی تایبەتی دژوار بێ، ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان یادەوەریە فەردیەکانی خۆم بوو، هەرتازە گوتم هەندێ جار بەکۆمەڵی بچووک بچووک و هەندێ جار بەرەتلّی درێژ درێژ، هەتا هەندێجاروەک لەشکریش گەشتمان دەکرد، بەڵام هەندێجار لەهەرێمێدا دەمامەوە، جگە لە چەند هاورێیەکی کەم کەسم لەگەڵدا نەبوو، هەندێجار بەتەنها دەبووم، بەبێ خێمە وبەبێ سەرۆک و بێ وتەبێژ، هەروەها چیرۆکەکەم زێتر دژوار دەبێ، چونکە ئێمە بە تەنها لەشوێند

جەولەمان نەدەکرد بەڵکو لەناو زەمانیشدا، ئێمە بەرەو ڕۆژاوا دەبزاڤتین،بەڵکو لەهەمان کاتیشدا دەچووینە سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی زێرین، ئێمە لەئیتالیا و سویسرا دەگەڕاین، بەڵام لەهەمان کاتدا جارناجار شەوێکمان لەسەدەی دەیەمدا بەسەردەبرد، موعاشەرەی بەتریرک و جنیاتیشمان دەکرد، لەو کاتانەی کەبە تەنهاییم بەسەر دەبرد، زۆر جاران هەندێ شوێن وخەڵکم لەڕابردووێکی تایبەتدا دەدیت، لەگەڵ دەستگیرانەکەی پێشوومدا لەدەوروبەری دارستاندا بەسەر کەناری- ڕایینی- باڵاوە پیاسەم دەکردو لەگەڵ هاورێکانی منداڵیم لە - **توبنجین**- یاخود لە-**باسیلو فلۆرەنسادا**- سەرخۆش دەبووم، یاخود دەبوومەوە مناڵکارێک و دەگەڵ هاورێکانی سەردەمی خوێندندا، دەچووینە ڕاوکردنی پەپوولەکان، یا سەیرکردنی گورگیلەی ناو ئاو، یاخود لەگەڵ ئەوانە دەبووم کە لە کتێبەکانمدا خۆشمدەویستن، هیوەک-**مەنسور بارسیفل**- و- فیتیکو- یاخود - **گولدموند**- ئەوانە لەتەکمەوە سوار دەبوون، یاخود **سانشوبانزا** یا دەبووینە میوانی- **بارمیکیدیس**- کە گەرامەوە لای کۆمەڵگەی خۆم لەدۆڵێ لە دۆڵەکان، گوێم لەگۆرانییەکانی کۆبەند بوو و لەتەک ڕابەرەکاندا خێمەم هەڵدا، یەکسەر بۆم ڕوون بۆوە، گەڕانەوەم بۆ منداڵی و سواربوونم

لەگەڵ- **سانشو**-دا لەبنەڕەتەوە بەم گەشتەوە بەند بوون. چونکە ڕۆژهەڵات تاقە ئاواتمان نەبوو، یاخود تاقە وڵاتی نەبوو یا شتێکی جوگرافی، بەڵکو نیشتمانی رۆح و گەنجێتی ئەو ڕۆحە بوو، ڕۆژهەڵات لەهەموو شوێنێک و لەهیچ شوێنێک نەبوو، ئەو بە تەنها هەموو زەمانەکان بوو، بەڵام هۆشم بەمەوە ئەوەوە نەبوو، تەنها ساتێک نەبێ، هەر لێرەشەوە بوو بە هۆی بەختەوەری گەروەی من، لەو کاتەدا ئەو بەختەوەرییەم لە دەست چوو، پاشان بەتەواوی لەو پەیوەندییانە گەیشتم، بێ ئەوەی هیچ سوودێک یا حەسانەوەییێکی لێ بەدەستبهێنم، کاتێ شتێکی نرخدار ون دەکەین و ناتوانین وەدەستی بهێنینەوە هەست بەوە دەکەین لەخەوندا هەڵساوینەتەوە، ئەو هەستەش لەحاڵەتی مندا بەشێوەیەکی غەریب ڕاست دەرچوو، چونکە بەختەوەری من بە ڕاستی لەئازادی تاقی کردنەوەی هەموو شتێکدا بوو، کە بتوانرێ لەیەک کاتدا ئەندێشە بکرێ و بەئاسانی دەرەوە بە ناوەوە بگۆردرێتەوە و کات و شوێن بجولێندرێت، وەک چەند دیمەنێک لە شانۆ، لەکاتێکا ئێمەی برایان لە کۆبەندا، بەبێ ماشین و کەشتی بە دونیادا دەسووڕاینەوە دەمانکرد بە فیردەوس. رابردوومان بەداهێنانەوە بەئێستا دەکرد، هەروەها ئایندە و خەیالیشمان دەگەڕاندنەوە ساتی ئێستە، جار لەدوای

جار له - **سواپیا** - یا له- **بودنسی**- یا لەهەر شوێنێکی دیکە چاومان بەخەڵکانێ دەکەوت کە لە ئێمە دەگەیشتن، یاخود بەشێوەییێکی وا مەمنونی ئێمە دەبوون هەرلەبەر ئەوەی کە ئێمە وکۆبەندەکەمان و گەشتەکەمان بۆ ڕۆژهەڵات هەبووین، لەمیانی هێڵەکانی ترام و **بانکی زویرخ**، تووشی - **فەلەکی نوح**- هاتین، کەچەند پیرە سەگێ پاسەوانیان لێدەکرد، هەموویان هەمان ناویان هەبوو، ئەوەی ئازایانە لەناو تەنکاوی مەوادایێکی کپ دا ڕێشاندەریان بوو- **هانسی** نەوەی نوح بوو، هاورێی هونەرەکان بوو، چووینە - **فنتر تورو- تەلاری سیحراوی ستوکلین**، بووینە میوانی پەرستگای چینی کە هەڵگرانی بخورد لە ژێر - ماگای - برۆنزی دا دەبریقانەوەو - **پاشای ڕەشیش**- وێڕای نەغمەی لەرزشئامێزی زەنگی پەرستگا، نەغمەیەکی خۆی بە تەنبوور دەژەنی، لەبناری چیاکانی خۆراوادا، تووشی - **سوون ماڵی**- هاتین کە یەکێ لە موستەعمەرەکانی - سیام- پاشا بوو، ڕشتن و قوربانی خۆمان لە میانی بوزای بەردینو نوحاسی دا بە سوپاسەوە وەک چەند زیارەت کارێ پێشکەشکرد. زیاترین ئەزموون ئەوە بوو، کۆبەندەکەمان لە-بریمگارتن- ئاهەنگی گیرا، هەر لەوێ بازنەی سیحراوی دەوریداین، پێشوازیمان لە هەردوو گەورەی قەڵا- **ماکس وتیلی** - کرد، گوێمان لێبوو (**ئۆتمار**) بەسەر پیانۆییێکی گەرەوە لە هۆڵێکی

هێمندا (مۆزارت) ی دەژەنی، زەویمان بینی کە بە بەبەغا و مەلی گۆیندە داپۆشرابوو، (**ئەرمیدای**) کچەجنمان بینی بە بەسەر کانییەوە گۆرانی دەچڕی، سەری زلی -**لوینجوسسی** - فەلەکیمان بینی کە بەچەند کەزیێکی شاشەوە لەتەک ڕوخساری جوانی – **هنری**- دا دەلەرییەوە، لە باخەکەشدا تاوسەکان دەیانقیڕاند- **لویس** – یش لەبوکسدا بە ئەسپانی قسەی لەگەڵ - **بوس**- دەکرد، لەکاتێکا کە- **هانس بیسوم**- بەشکاتەکانییەوە سەبارەت بە یارییە دەمامکدارەکانی ژیانەوە شڵەژابوو، سوێندی دەخوارد کە دەچێتە سەردانی گۆڕی- **شارلی گەورە** – وە، کاتێکی زۆر خۆشی گەشتەکەمان بوو، شەپۆلی سیحرمان لەگەڵ خۆماندا هێناو هەموو شتێ بەدیارکەوت، دانیشتوانەکە چۆکیان داو کەوتنە پەرستنی جوانی و زیبایی، گەورەی قەڵاکە شیعرێکی خوێندەوە باسی کارە مەزنەکانی ڕۆژی پێشووی ئێمەی دەکرد. ئاژەڵەکانیش لە دارستانەوە بەرەو قەڵا دەهاتن، لە ڕووباریشدا ئەو ماسییە بریقەدارانە چالاکانە ئاپۆڕەیان دەکرد.

باشترین ئەزموونێ کە بەڕاستی شایانی ئەوەیە بگێردرێتەوە ئەوە بوو، کە رۆحیەتی ئەو ئەزموونەی تیادا ڕەنگی دەدایەوە، وەسفکردنی منیش بۆ ئەو ئەزموونە، وادیاردەدات، کە کڵۆڵو ڕەنگە گەمرەڵیانەش بێت، بەڵام هەریەک لەوانەی بەشدارییان کردووەو ئاهەنگیان لەڕۆژانی – **بریمگارتن**- دا گێڕاوە، هەموو

وردەکارییەکان تەئکید دەکەنەوەو ئەووردکاریانەش بەسەدانی دیکەی جوانتر تەواو دەکەن، هەمیشە ئەوەم وەبیر دێتەوە چۆن کلکی تاوسەکان دەبریقانەوە، لەوکاتەی کە مانگ لەمیانی درەختە باڵا بەرزەکانەوە بەدیار دەکەوت، لە کەنار سێبەری دارەکانەوە، پەرییە ناسک و زیوییینیەکان دەدرەوشانەوە، هەروەها چۆن دۆنکیشۆت بەتەنها لەژێر درەختی کەستەنابیدا، لەنزیک - **کانییدا** - وەستابوو، تا نۆرە پاسەوانیەکەی خۆی ئەنجام بدات، لەکاتێکدا کە دوا مۆمی ڕۆمانی لە ئاهەنگی گەمەی ئاگریندا، لەبەر تیشکی مانگدا، بە نەرمی بەسەر بورجی قەڵاوە دەهاتە خوارەوە، **بابلۆی** هاورێشم بەگوڵ داپۆشرابوو، شمشاڵی قامیشینی فارسی لەبەردەم کچاندا دەژەنی، ئاخ کێ لە ئێمە بەخەیاڵی دادەهات کە بازنەی ئەفسووناوی وا بەخێرایی بەسەر دەچێ و دەڕەوێتەوە، یاخود ئێمە نزیکەی هەمووومان — منیش - هەتا - **ئانا** - ش دووبارە لەبیابانی کپی واقیعدا کە پێشتر بەدورو درێژی نەخشەی بۆ کێشرابوو سەرگەردان دەبین، تەواو وەکو بەرپرس‌و خودانی دوکانەکان، ئەوانەی دوای ئاهەنگی یا گەشتی ڕۆژی یەکشەم خۆیان سەرلەنوێ لەگەڵ ژیانی کارکردن رادەهێننەوە، لەوان ڕۆژاندا هیچ کەس لەئێمە هێزی ئەوەی نەبوو بیر لەوە بکاتەوە. لەبورجەکانی قەلا لە بریمگارتندا بۆن و بەرامەی شەو دەهاتە

ژووری خەوتنمەوە، گویم لەڕووبار دەبوو، کە لەمیانی درەختەکانەوە هەڵدەڕژا، لە پەنجەرەوە سەرکەوتمە ناو قوڵایی شەو و شەلاڵی بەختەوەری و غەریبی بوو بووم، کەوتمە شوێن ئەو سوارەی پاسەوانیی پێ سپێردرابوو، ڕمهایژەکان خەوتبوون و شۆڕبوومەوە کەناری دەریا بەرەو ئاوی درەوشاوەو پەرییە سپی و درەوشاوەکانی دەریا، منیان بردە جیهانی کریستاڵی ساردی درەوشاوە بە مانگ بەخەوندیدەییەوە وازییان بەتاج و زنجیرە زێرینەکان دەکرد، لەژوورەکانی زێڕو زیودا، وا بۆمن بەدیار دەکەوت وەک بڵێی چەند مانگێکم لەناو قوڵایی درەوشاوەکاندا بەسەر بردووە. بەڵام کە هاتمە دەرەوەو ڕووەو کەنار مەلەم کرد، تەواو شەلاڵی تامو بۆ بوو بووم، شمشاڵی قامیشینی بابلۆ هێشتاکەش لە باخە دوروەکەوەڕا دەبیسترا، مانگیش هێشتا لەنێوەندی ئاسماندا بوو لیۆم بینی یاری لەگەڵ دووسەگی سپی دا دەکات و ڕوخساری زیرەک و مناڵانەیشی بەختەوەری تێدا دەدرەوشایەوە، لونجوسم بینی لەنێو دارستاندا دانیشتبوو، کتێبێکی لە بارەی کۆیلەکانەوە بەسەر ئەژنۆیەوە بوو، وشەی یۆنانی و عیبری تێدا دەنووسی، دێوەکان لە پیتەکاندا هەڵدەفڕین مارەکانیش لێیان دەخواردەوە. سەیری منی نەکرد، بەردەوام بوو لە وێنەکێشانی و نوقم بووبوو لە نووسینە مارییە ڕەنگاوڕەنگەکانی. ماوەیەکی

درێژ بەسەر شانە لاربووەکانییەوە بۆ کەوتمە سەیر کردنی کتێبەکەوە، دێوەکانو مارەکانم دەبینی کە لە کتێبەکەیدا دەهاتنە دەرەوەو بە دەوری دا دەسوڕانەوە و بەکپی لەناو دارستانە تاریکەکەوە ون دەبوون، پێم گوت: لونجۆس، هاورێی ئازیزم، گوێی لێنەبوو، چونکە جیهانی من دوور بوو لەجیهانی ئەوەوە، لەگۆشەگیرییێکی تەواودا لەژێر درەختی تژی تیشکی مانگ – **ئەنسیلم**- پیاسەی دەکرد وگوڵی سەوسەنیشی لەدەست دابوو و غەرقی بیرۆکەکانی خۆی بوو بوو، چاوی بڕیبووە کاسەی گوڵێکی ئەرخەوانی و دەگرژییەوە، شتێ هەبوو تیبێنیم کرد، چەند جارێ لەکاتی گەشتەکەماندا بێ ئەوەی بەتەواوی بیناسم: دووبارە سەرلەنوێ لەکاتی ڕۆژەکانی بریمگارتن بەشێوەییێکی غەریب و ئازار بەخش کاری تێکردم، هونەرمەندو نەقاشو مۆسیقازانو شاعیرانێکی زۆرمان لەمیاندا بوو- **کلینگسور** و **هوگو** و **ولفی** نیگەران و **لوشیری** بێدەنگ و **برنتانۆی** ڕووخۆش، کەسێتی ئەو هونەرمەندانە هەر چەندێ زیندوو و خۆشەویست بن، بەڵام ئەو کەسێتیانەی کە ئەوان خەیالیان لێدەکردەوە زیندوو ترو جوانترو بەختەوەرترو هەڵبەت باشترو حەقیقی ترن لەخودی شاعیرو داهێنەرەکان خۆیان، **بابلۆ** بە بەرائەت و بەختەوەرییێکی ئەفسوناوی لەگەڵ شمشاڵەکەی خۆیا دادەنیشت، بەڵام کچە شاعیرە نەرمو نیان و

سێبەر ئاسا دەچووە کەناری دەریاو لەژێر تیشکی مانگدا بەدوای گۆشەگیرییدا دەگەڕا، **هۆفمان** ساتمەی دەکردو نیمچە سەرخۆشێ بوو، بۆ ئەملاو ئەولا ڕایدەکرد بەناومیوانەکان، ئەویش وەکو هەموویان نیوە حەقیقی بوو، لەهەمان کاتدا- **لیند هورست**- ی ئەرشیفکار سەرگەرمی دێوەکان بوو، بۆ نوکتە، هەمیشە ئاگری هەڵدەپڕژاندو وەکو ماشین وزەی خۆی بەخەرج دەدا، لەلیۆی خزمەتکارم پرسی لەبەرچی هونەرمەندەکان هەندێجار نیوەزیندوو بەدیاردەکەون، بەڵام ئەوەی کە خەڵقی دەکەن هیچ گومانی تیانییە زیندوون، لیۆ سەیری کردم و سەرسام بوو لەپرسیارەکەم، پاشان ئەو بەودەلەی کە لە باوەشی گرتبوو، دایناو گوتی:
دایکەکانیش هەروان، کە منالی خۆیان دەبێ و شیرو جوانی و هێزیان پێدەبەخشن، خۆشیان ئەوەندە بە گرینگ نامێننەوەو پاشان کەسیش ئیدی لێیان ناپرسێتەوە.
- بەڵام مایەی خەمبارییە، ئەوەم پێگوت بێ ئەوەی زۆر بیر لە شتەکە بکەمەوە.
- وابیرناکەمەوە کە ئەوە لە شتەکانی دیکە خەمبارتر بێ، لەوانەیە مایەی خەمباریش بێ، بەڵام جوانیشە، یاسا وادەکا کارەکە کەوابێ.؟
-یاسا؟ بەسەرسامییەکەوە لێم پرسی ئەوە چ یاساییەکە لیۆ؟
- یاسای خزمەت، ئەوەی دەیەوێ عومری درێژبێ دەبێ

خزمەت بکات، بەڵام ئەوەی دەیەوێ حوکم بکات زۆر ناژی!
- کەواتە بۆچی زۆرانێک هەوڵ دەدەن حوکم بکەن؟
لەبەر ئەوەی تێناگەن، کەمن ئەوانەی کە لە دایک بووینە تاببنە ڕابەر، ئەوانە هەمیشە بەبەختەوەری و تەندروست دەمێننەوە، بەڵام ئەوانی دیکە هەموویان کە بە هەوڵی خۆیان بوون بە- گەورە- کۆتاییان بەهیچ دێ؟
- بەرەو چ شتێک لیۆ؟
- بەرەو شێتخانە بۆ نموونە
تەنها کەمێکی تێگەیشتم، بەڵام وشەکان لەخەیاڵدانمدا مانەوەو شعورێکی بۆ جێهێشتم، بەوەی کە لیۆ هەموو شتێ دەزانێ ، ئەو لەئێمە زیاتری دەزانی، ئێمەیەک کە لە ڕوودا گەورەی ئەو بووین.

***

## پاژی دووەم

لەم گەشتەدا کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، هەموو ڕێبوارێک بیرۆکەی تایبەتی خۆی هەبوو، سەبارەت بەوەی کەوای لە **لیۆ** کرد لەناکاو بڕیاری ئەوە بدات، لە نێوەندی دەروازەی ترسناکی دۆڵی قووڵی **موربیو**دا جێمان بهێڵێ، پاشان زۆر دوای ئەوە، بە شێوەیەک دەستم کرد بەوەی گومان لەباروزروفی ئەم ڕووداوە و بایەخی قووڵی ئەم ڕووداوە بکەم و دووبارە بەسەریدا بچمەوە، وەک چۆن لەڕوودا وا بەدیار کەوت، کە ئەمە هەرگیز سوتفە نەبووە، لەحەقیقەتیدا ڕووداوێکی زۆر بایەخدارە، بەڵکو ئەڵقەیەک بووە لەو زنجیرە ڕووداوانەی لەڕێگەیەوە، دوژمنی ئەبەدیمان هەوڵدەدا، پرۆژەکەمان وێران بکات، لەو سپێدە پاییزییە ساردەی کە کەشفی ئەوەمان کرد **لیۆ**ی خزمەتکارمان ونبووە، گەڕان و سووڕانیش بەدوای ئەودا بێهودەیە، هەر تەنها من نەبووم یەکەمجار ئەو هەستە دایبگرێ، کاتێ موسیبەتێ ڕوودەدات و قەدەرێک دێتە پێشەوە. ئەو کاتە هەڵوێستەکە ئاوا بوو، دوای ئەوەی بە گەرمی نیوەی ئەوروپاو بەشێکی سەدەکانی ناوەڕاستمان بڕی و لە دۆڵێکی

بەردینی زۆر تەنگ و تاردا خێوەتمان هەڵدا، کە کەلەبەرێکی وەحشی بوو، لەسەر سنوورەکانی ئیتالیادا، ئینجا دەستمان کرد بەگەڕان بە دوای لیۆ، کە بە شێوەیەکی نادیار ونبوو، لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژان، هەرچەند بەدوای ئەودا دەگەڕاین و دەسووڕاین ، ئومێدی دۆزینەوەی ئەومان کەمتر دەبوو، خەم و خەفەتمان زۆرتر دەبوو، سەبارەت بە بیرۆکەی ئەوەی، کە ئەو تەنها هەر ئەوە نەبوو پیاوێکی نەرم و نیان و میللی بێ لە خزمەتکارەکانماندا، بەڵکو لەوانەیە ڕووداوێکی بەسەر هاتبێ یا ڕایکردبێ، یاخود دوژمن گرتبێتی، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو، کە ئەمە سەرەتای گرفتگەلێکە و یەکەم هێماشە بۆ ڕەشەبایێ، کە بەسەرمان دادەدات، تەواوی ڕۆژێمان تا دوای خۆرئاوا، بەسەر برد و بە دوای لیۆ دا دەگەڕاین، تەواوی کەلەبەرەکە گەڕاین، لەکاتێکا کە ئەو هەوڵ و کۆششە هیلاکی دەکردین، هەستی نائومێدی و بێهودەییش لەناخی هەمووماندا شین دەبوو و سەریهەڵدەدا، ئەوەی کە غەریب و لە ئەقڵ بەدەر بوو، ئەوە بوو ونبوونی خزمەتکارەکە تا دەهات، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە ، بایەخی زیاتری دەگرتەخۆ، لەدەست دانیمان تووشی فەلاکەت و ماندوو بوونی دەکردین، هەر ئەوە نەبوو کە هەموو گەشتیارەکان و دەستەکە بەگشتی نیگەران بن لەپێناوی ئەو گەنجە ڕێک و پێکە، بەڵکو هەر چەند نائامادەیی ئەو زیاتر

دەچووە ناو یەقینەوە، هەست کردن بەوەی کە شوێنی ئەو پڕ نابێتەوە زیاتر دەبوو، بەبێ **لیۆ** ی تەبەش جوانو ڕووخۆش و نەرم و نیان و گۆرانییەکانی، بەبێ حەماسەتی ئەو بۆ پرۆژە مەزنەکان، پرۆژەکەمان بەشێوەیەکی ئاڵۆز وا خۆی دەنواند کە خەریکە مانای خۆی ون دەکات، لانی کەم من وا هەستم بە کارەکە دەکرد، سەرەڕای هیلاک بوون و تەگەرەی بچووک بچووک، لە مانگەکانی پێشووی گەشتەکە، هەتا بۆ ساتێکیش هیچ باسێک لە لاوازی ناوەوە و یاخود گومانێکی بەڕاستی نەکرا، هیچ ژەنەڕالێکی سەرکەوتوو و هیچ مەلێک لە ڕەفەی ئەو پەڕەسێلکانەی کە بۆ میسر دەچوون، ئەوەندەی من دڵنیا نەبوون لە ئامانجی خۆم و کارەکەم و هەروەها لەڕاستی و دورستی فەرمان و ئارەزووەکاندا، وەلێ ئێستێکە لەو شوێنە نەگبەتبارەدا لەکاتێکا بە بەردەوامی گوێ بیستی بانگەشە و ئەو هێمایانە دەبم، کە پاسەوانەکان بە درێژایی ئەو ڕۆژە زێرینە شینەی ئۆکتۆبەر ڕایدەگەیەنن، من جار لەدوای جار بە وروژانێکی ڕوو لەزیاد بوون، چاوەڕوانی هاتنی هەواڵ دەکەم و بێئومێدی دەچێژم، سەیری دەوروبەر و ئەو ڕوخسارە سەرسامانە دەکەم، ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە هەستێکی خەمەنگیز بەسەرمندا زاڵ ببێ، هەر چەند ئەو هێزو بڕستە لای من بەهێزتر دەبوو، زیاتر بۆ من ڕوون دەبۆوە، کە من

باوەڕی خۆم سەبارەت بە دووبارە دۆزینەوەی لیۆ لە دەست نەداوە و بەس، بەڵکو هەمووشتێک ئێستێکە بۆمن گوماناوی خۆی دەنوێنێ و شایانی متمانە نییە، مانای هەموو شتێک و نرخی هەموو شتێک، هاوڕێیەتی وباوەڕمان، سوێندو گەشتمان بۆ ڕۆژهەڵاتو سەرتاپای ژیانمان کەوتۆتە بەر هەڕەشە، هەتا بە گریمانە کردنی ئەوەی کە ئێمە هەموومان هەمان ئەوهەستەمان هەیە، هەتا ئەگەر منیش هەڵە بم لە تەقدیرکردنی شتە زۆرەکانی دیکەوە، کە بەڕاستی زۆر دوای ئەمە ئەزموونم کردوون، بەڵام هەڵەیەکم بۆ هەمان ئەو ڕۆژە گەڕاندەوە، سەرەڕای هەموو شتێک، حەقیقەتی غەریبی شت و مەکەکانی **لیۆ** هەر لە ئارادا دەمێنێتەوە، هەر چەند لیۆ وەکو هەموومان جگە لە جانتایەکی کەتانی بەسەر شانییەوە ، کە تاکە جەنتایەک بوو لەمیانی سی جانتای دیکە، هیچی دیکەی هەڵنەدەگرت. وەلێ ئاوا بەدیار دەکەوت، کە هەموو ئەو شتە گرنگانەی ئێمە بەیەکەوە هەڵماندەگرت، لەگەشتەکەماندا، هەمووی لەناو ئەو تاکە جەنتا ون بووە دایە.

ئەوەیان لاوازییێکی مرۆییانەی ئاشکرایە، لەوەی هەرشتێ کە ونی دەکەین، نرخێکی هەیە و زیادەڕۆیی تیاکراوە، واش بە دیار دەکەوێ کەمتر قەرەبوو دەکرێتەوە لەو شتانەی کەهێشتا هەر هەمانە، هەرچەندە زۆر لەو شتانەی لە گەلی **موربیو**دا

ونمان کردن، ونبوونیشیان هەراسانیان کردین، پاشان لەڕاستیدا بوو بەشتیگەلێکی ناگرینگ، یاخود دەرچوو گرنگ نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ئەوەیان ڕاست بوو، کە ئێمە لەوان کاتاندا نیگەران بووین، نیگەرانیەکی ڕەوا سەبارەت بەونبوونی زۆر لەو شتانەی کە بایەخێکی گرنگیان هەبوو، تاکە شتێکی کە زۆر غەریب هەبوو، ئەوە بوو، ئەوشتانەی ونیان دەکەین وەک یەک وابوون، دەرکەوتبان یانا، بایەخیان هەر یەکەو بەپلەیەک بوو، ئیدی وردە وردە بایەخێکی زۆرمان بەو شتانە دەدا، کە وا زەنمان دەکرد ون بوونە، بەشێوەیەکی هەڵە زۆرمان ون دەکردن، بەڵام ئێمە هەڵە بووین، بایەخێکی زۆرمان پێداون، وردە وردە لەناو پاراستراوەکانماندا کەشف دەبوون، جا بۆ ئەوەی لێرەدا بەڕوونی گوزارشت لەوە بکەین، کە ڕاستی بوو و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز، دەبێ بڵێین لە کاتی سەرهاتی گەشتە دورودرێژەکەمان، بەدیار کەوت، ئامێرو شتە بەنرخەکان و بیتاقەو ئەو بەڵگانەی کە ون بوون بوون، هەموویان، ئای لەو شەرمەزارییە لەوانە بوون کەقەرەبوو بکرێنەوە، بەڕاشکاویەکی تەواو وا بەدیار کەوت کە هەر یەک لە ئێمە جلەوی بۆ خەیاڵی خۆی شۆڕکردۆتەوە، تا خۆی بە خەسارەتە ترسناکەکان ئیقناع بکات، کە ناگەڕێندرێنەوە، وەک بڵێی هەریەک لە ئێمە هەوڵ دەدات ئەندێشەی ئەوە بکات، هەر شتێکی کە گرنگە

بۆ ئەو، ون بووە و دەبێ خەمی  بۆ بخوات، یەکێکمان جەواز گەشتی هەبوو، ئەویدی وێنەگرو سێهەم نامەی تەزکییەی بۆ خەلیفە پێبوو، ئا بەمجۆرە شتێ بۆ ئەوە شتێکی دیکە بۆ ئەم، هەر چەند لەکۆتاییدا ڕوون بۆوە، شتێ لەشتەکان وازەن دکرا ون بوبێ، یاخود قەت ون نەبوو بوو، یا ئەوە تا گرینگ نەبوو و دەتوانرا قەرەبوو بکرێتەوە، تەنها شتێکی بەنرخ مابوو کەبەڕاستی پڕ بایەخ بوو، بەنرخ تەقدیر نەدەکراو بنەڕەتی بوو، ئەویش بەڵگەنامەیێ بوو کە هەرگیز قەرەبوو نەدەکرایەوە، بەڕاستی ون بوو بوو، بە شێوەیەک هیچ جەدەلێکی قبوڵ نەدەکرا. ئێستێش بەشێوەیەکی نەزۆکانە بیرورا دەگۆڕدرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە ئەگەر ئەو بەڵگانامەیە، کە لەگەڵ لیۆی خزمەتکاردا ون بووە، بەڕاستی و دروستی لەمیانی شتو مەکەکانی ئێمەدا بووە یانا؟ ڕێکەوتنێکی تەواو هەبوو، سەبارەت بەنرخی زۆری ئەو بەڵگانامەیە، کەقەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵام چەند خەڵکێکی کەم لەمیانی ئێمەدا لەناو ئەوانیش خۆم، توانیان بەمتمانەوە رایگەیەنن کە ئەو بەڵگانامەیە، لەگەڵ سەرفەرەکەماندا هێنراوە، یەکێکیان تەئکیدی کرد کە بەڵگەنامەیەکی ئاوا لەناو جانتای کەتانی **لیۆ** دا هەلگیرابوو، ئەو بەڵگەنامەیەش قەت ئەسڵی نەبووە، بەڵکو هەڵبەت ڕوونووسێکی بووە، هەندێکی دیکە ڕایانگەیاند کە هیچ نیەتێ نەبووە بۆ هێنانی ئەو ڕوونووسە،

لەو گەشتەدا، چونکە ئەوە وا لە مانای گەشتەکەمان دەکات ببێتە جێی تیزپێکردنی، ئەوەشیان بووە هۆی گفتوگۆیەکی زۆر توندو تیژ، ئەوەی کە زیاتر بەدیارکەوت ئەوە بوو، بیروڕایەکی زۆرو پێکدژی تەواو هەبوو، سەبارەت بەشوێنی بوونی ئەسڵەکە (گرینگ نەبوو کە نوسخەمان هەبێ و ونمان کردبێ یاخود نا) ڕاگەیەنرا بەڵگەنامەکە لەلای حکومەت لە **کیفهاوزر** دانراوە یەکێکی دیکە گووتی: بەڵکو لەو تەنوورە شاردراوەتەوە کە خۆڵەمێشی سەرۆکە مردووەکەمانی تیایە، هەندێکی دیکە گوتیان ئەوە وڕێنەیە، سەرۆک بەڵگە نامەکەی بە پیتی ئەسڵی وێنەکێشاوە، کە تەنها خۆی دەیزانی و بە پێی ڕاسپاردەی خۆی، لەگەڵ لاشەی سەرۆکدا سوتێنراوە، هەموو پرسیارەکان سەبارەت بە بەڵگەنامە ئەسڵییەکە خاڵی بوو مانا، چونکە دوای مەرگی سەرۆک ئیدی کەسێ نەیتوانیوە بیخوێنێتەوە، بەڵام هەڵبەت زروری بوو تەئکید لەشوێنی بوونی چوار وەرگێڕدراوی – هەندێ دەیانگوت شەش – بەڵگەنامە ئەسلیەکە بکری، گوتیان وەرگێردراوی چینی و یونانیو عیبریو لاتینی هەیە کە لە هەر چوار پایتەختە دێرینەکەدا پارێزراون، بیروڕای زۆری دیکەی جیاوازیش گوتران، خەڵکێکی زۆر خۆیان پێیەوە بەند کردبوو، هەندێکی دیکە هەر لە سەرەتاوە قەناعەتیان بەگۆشەنیگایێ، پاشان بەیەکێکی دیکەی دژ هەبوو، دوایی بەخێرایی سەر

لەنوێ بیروڕای خۆیان دەگۆڕی، بە کورتی هەر لەوکاتەوەوڕا ئیدی یەکیەتی و یەقین لەناو کۆمەڵەکەماندا نەما، هەر چەند بیرۆکە مەزنەکە هێشتا هەموویانی بەیەکەوە کۆدەکردەوە، ئای چەند بەڕوون و ڕەوانی ئەوبگرە و بەردەی سەرەتام وەبیر دێتەوە، هەتا ئەو کاتە، شتێکی وا پێشترێ لە کۆبەندە یەککگرتووەکەماندا نەبیسترابوو، گێرمەو کێشەکە ڕێزئامێزو بە ئەدەب بوو، لانی کەم لەسەرەتادا، یەکەمجار نەبووە هۆی گێرمەو کێشەیەکی توند وتیژ، نەبووە هۆی تاوان دانە پاڵ یا ئیهانەی کەسێتی، لە سەرەتادا هێشتا هەر برای یەککگرتوو بووین، قەت لێک نەدەپچڕاین، ئێشتاکەش دەنگیان لە تەواوی دونیادا دەبیستم، ئێشتاکەش زەوی خێوەتگاکەمان دەبینم، کە ئەو یەکەم جەدەلەی بەسەرداکرا، گەڵای زێڕینی پاییز دەبینم لێرەو لەوێ، لە میانی ڕوخسارەعەبوسەکاندا هەڵدەوەری، بەبێ عادەتی خۆی.

یەکێکم دەبینی دەستەوئەژنۆ، ئەویتر پاڵی بەشەپقەکەی دابوو، من گوێم ڕادەگرت، لەکاتێکا هەستم بەخەم و ترس ڕوو لە زیاد بووندا بوو، بەڵام لەمیانی هەموو گۆڕینەوەی بیرو ڕاکاندا، من لە قوڵایی خۆمدا بە تەواوی متمانەم بەوە هەبوو، کە باوەڕم پێی بوو، بەشێوەیەکی خەمبارانەوە، متمانەم بەوە هەبوو کە بەڵگەنامە ئەسڵییەکە لەجانتاکەی لیۆدا بووە و لەگەڵ ئەویشدا ونبوو و نەما، جا هەرچەند مایەی خەمە بەڵام هەر باوەڕە،

باوەڕێکیسەقامگیربوو، هەستی متمانەی پێبەخشیم، لەو کاتەدا من بەڕاستی خەیاڵم لەوە دەکردەوە، کە دەمەوێ ئەو قەناعەتەی خۆم بە شتێکی دیکەی زیاتر پڕ هیوا بگۆڕمەوە، پاشان تەنها کە قەناعەتەکەم لەدەستدا، ئیدی والآ بووم بۆ ئەوەی تووشی هەموو جۆرە بیروڕایەک بم، دەرکم بەهەموو ئەوشتانە کرد، کە لەڕێگەی باوەڕەوە وەدەستم هێنا بوون. من وای دەبینم کە ئەم حەکایەتە نابێ بەمجۆرە بگێردرێتەوە، بەڵام حەکایەتی ئەو حیکایەتە سەبارەت بەو گەشتو کۆبەندە دەگمەنە، لە ئەقڵەکان و ژیانی ڕۆحیدا، وروژێنەر بوو، تا ئاستی سەرسامی؟ لەبەر ئەوەی من یەکێ لەدوا کەسانێ بووم، لەو کۆبەندەدا مابوومەتەوە، چەندم حەز دەکرد هەندێ لەو بەڵگەنامانەم سەبارەت بەکێشە مەزنەکەمانەوە هەبوایە، هەمان ئەو هەستەم هەبوو، کە خزمەتکارە پیرەکەی **بلادنە- شارلی مەزن** - هێشتا ئەو بەڵگەنامانەی هەر ماوەو نەمردووە، زنجیرەیەکی وروژێنەری لە ڕووداو و بەسەرهات وعەجاییبات وەبیردێتەوە، هەروەها چەندین وێنەو یادگاری هەیە، خۆ ئەگەر سەرکەوتن لەوە بەدی نەهێنێ، کە هەندێکیان بگەیەنێتە ئەوەی دوای خۆی، لە ڕێگەی وشە یا تابلۆ یاخود حەکایەت یا گۆرانییەوە، ئەوا لەگەڵ ئەودا ون دەبن و نامێنن، بەڵام بە چ نیوەندێک دکرێ کە چیرۆکی گەشتێ بۆ ڕۆژهەڵات

بگێڕێتەوە ، نازانم ئەوە  ئێستێکە یەکەم هەوڵە، کە بە باشترین نیەت دەستم پێکردوە، بەرەو ئەوەم دەبا کە هیچ سنورێکی نییە، ئیمکانیەتێکیش نییە کەتێی بگەم، بەشێوەیەکی سادە من گەرەکم بوو، لەو شتانە بکۆڵمەوە، کە سەبارەت بەڕەوتی ڕووداو و وردەکارییەکانی تاک تاکی گەشتەکەمان بوو بۆ خۆرهەلات، وەبیرم دێتەوە هیچ شتێ نەبوو زیاتر بە سادەیی دیار کەوێ، بەڵام ئێستێا هەرکاتێ دەست پێدەکەم، لەبەر ڕووداوێکی بچووک دەوەستم، کە قەت بیرم لێ نەکردبۆوە، ئەویش رووداوی ونبوونی **لیۆ**یە، لە جیاتی پارچە قوماشێ من رایەڵێکی هەزار داوی ئاڵۆزم لە دەست داوە،، سەدان دەست بۆ چەندین ساڵ خەریک دەکات تایبکەنەوەو رێکی کەنەوە، هەتا ئەگەر دەزووەکە نەپچڕێش، لەو کاتەی کە بەدەست دەگیرێت رادەکێشرێت لە ناو پەنجەکان نامینێ و وندەبێ، وا خەیاڵ دەکەم مێژو نووسیش کاتێک دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مەودایەکی دەستنیشانکراو دەکات، دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی هەمان ڕێچکەوە ، ئارەزووشیەتی کەبەدیقەت وێنەیان بکێشێ، چەقی ڕووداوەکە و هەڵوێستە هاوبەشەکان لە کوێیە؟ کە ڕووداوەکانیان بەدەوردا دەسورێنەوە و توندو تۆڵییان پێ دەبەخشێ؟ جا مێژوونووس  بۆ ئەوەی کەشفی شتێ وەک توندو تۆڵی بکات، یا شتێ وەک کارەسات،

یاخود جۆرێ لەمانا، وای لێدەکات بگێردرێتەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکان دەبێ چەند یەکیەتیەک دروست بکات، پاڵەوانێ یا نەتەوەیێ، یا بیرۆکەیێ، پاشان رێ بەو یەکیەتییە بدات، ئەوەی بۆ ڕوو بدات کە لە واقیعدا ڕوویداوەو هیچ ناوێکیشی نییە، جا ئەگەر دژوار بێ کە گێڕانەوەیێ پێشکەش بکری و پەیوەست بێت بەچەند رووداوێکەوە، کە بەڕاستی روویاندابێت و پشتڕاستیش کرابنەوە، ئەوە لەحاڵەتی مندا کارەکە دژوارتر دەبێ، چونکە هەموو شتێ دەبێتە جێی پرسیار، هەر لەو کاتەی کەبە وردی لێی رادەمێنم، هەمووشتێکیش لەبەر دەست ڕادەکات و لەبێن دەچێ، کاتێ کۆبەندەکەمان، کە بەهێزترین کۆمەڵەیە لە جیهاندا توانی لەناو بچێت، ئەو کاتە نە هیچ چەق و خاڵێک لە ئارادا نابێ، تا یەکەکان بەدەوریاندا دابسورێنەوە. لەگەشتەکەماندابۆڕۆژهەلات،کۆبەندەکەمان بناغەی کۆمەڵەکەمان بوو، لە هەموو شتێ گرنگتربوو، بەڵکو گرنگترین تاکە شت بوو لەژیانمدا، یاخود ئەو شتەی کەوا خۆی دەنوێنێ، ئەگەر ژیانی خۆمی لەگەڵدا بەراورد بکەم، ئەوە ژیانی من زۆر بێ بایەخە لە چاویا، ئێستا لە کاتێ من هەوڵ دەدەم خۆم بەوشتە گرنگەوە بگرم و وەسفی بکەم، یاخود لانی کەم بەشێکی وەسف بکەم، هەموو شتێ دەبێتە بارستاییەک لە چەند وێنەیەکی بەش بەش و وپەرش وبڵاو، کە لە شتێکەوە ڕەنگدەداتەوە، ئەو شتەش بریتیە

له **ئایا نەفسی من چییە؟** ئەونەفسە، ئەو ئاوێنەیە ، چەند سەیری دەکەم واخۆی دەنوێنێ، کە هیچ شتێک نییە، تەنها ڕووی دەرەوەی تۆپێکی شوشەییە و بەس، قەڵەمەکەی خۆم بەنیەتێکی ڕاست دەکێشمەوە، هیوادارم کە بەیانی یا لە هەرکاتێکی دیکە بەدوایدا بچم و سەرەتاییێکی دیکە دەست پێکەم، بەڵام لەپاشینەی مەبەست و هیوام و لە پاشینەی ئارەزوە گەورەو حەقیقییەکانمدا بۆ پێشکەشکردنی چیرۆکەکەمان، گومانێکی ترسناک دەمێنێتەوە، ئەو گومانەی کە لە دوای گەڕان و سووڕان بە دوای ونبوونی **لیۆ** دا وەدەرکەوت و هاتە ئاراوە، لە گەلی مۆریبۆدا، ئەو گومانەش تەنها بە فێدانی پرسیارێ

- **ئایا دەکرێ چیرۆکەکەی تۆ بگێڕدرێتەوە**- تەواو نابێ،

بەڵکو دووبارە پرسیار دەکرێتەوە :

- **ئایا لەگینە ئەزموون بکرێت؟**-

ئێمە ئەوانەمان وەبیر دێتەوە کە بەشداری جەنگی گەورەیان کردووە، ئەوانە هەر چەندە ڕاستی و چیرۆکی متمانە پێکراویان نییە، بەڵام دەبێ هەندێجار لە هەمان ئەو گومانانەیان چەشتبێ.

***

## پاژی سێهەم

هەر لەو کاتەی ئەوشتانەم نووسییەوە کە لەگەڵ ئێمەدا ڕەت بوون، ئەوە زیاتر لە کەڕەتێک لەبارەی پرۆژەکەم بیرم کردۆتەوە و هەوڵمداوە ڕێگە چارەیەک بۆ گرفتەکەم بدۆزمەوە، بەڵام چارەیەکم نەدۆزییەوە، هێشتاکەش هەر تووشی حاڵەتی فەوزا دەبم، بەڵام سوێندم خواردوە کە خۆم نەدەم بەدەستەوە، لە ساتی قەراربەندی ئەو سوێندەدا، یادگاریەکی خۆش وەک تیشکی خۆر بە خەیاڵمدا ڕابرد، وام بۆ بە دیارکەوت، کە ئەو یادگارییە، زۆر لەوشتە دەچێت کە من هەستم پێکردوە، ئەو کاتەی گەشتەکەمان دەستی پێکرد، لەو کاتەدا ئێمە لە ڕوودا بە ناو تاریکیدا دەڕۆیشتین، بێ ئەوەی بزانین بۆکوێ دەچین و بەبێ هیچ پێشبینیەکیش، بەڵام شتێکمان لە ناخەوە هەبوو کە بەهێزتر بوو، لە بویەرو لەوانەیی، ئەویش باوەڕمان بوو، بە مانای کارەکەمانو بەزەرووڕەتی ئەوکارە، کە ئەو هەستەم بیرکەوتەوە لەرزیم، هەر لەساتی ئەو تەزو بەگیاندا هاتنە پیرۆزەوە، هەمووشتێ روون بۆوە، وا بەدیارکەوت، کە لەوانەیە هەموو شتێ دووبارە ببێتەوە. هەرچۆنێ بێ بڕیارمدا، کە ئیرادەی خۆم تاقی بکەمەوە، هەتا ئەگەر لەسەریشم بێ سەرەتای چیرۆکە دژوارەکەم دەجارانیش یا سەد جاریش دووبارەبکەمەوە، هەمیشەش دەگەمەوە هەمان

ئەو ڕێگە داخراوەو سەر لەنوێ، سەد جاری دیکەش دەست پێدەکەمەوە، ئەگەر نەشتوانم سەر لەنوێ وێنەکان بە هەموو گونجانێکەوە کۆکەمەوە، ئەوە  ئەوەندەی بتوانم بە ئەمانەتەوە، هەموو بەشە لە یەک جیاوازەکان پێشکەش دەکەم، مادامەکی هێشتاکە لە ئێستادا دەکرێ، یەکەم بەندی سەرەتام لەگەشتە مەزنەکەماندا وەبیر دێتەوە بێ ئەوەی خاوببمەوە یاخود خۆم بخەمە بەر ڕەحمەتی ئەقڵەوە، چونکە من هەمیشە دەزانم باوەڕ بەهێزترە لەوەی کە پێی دەڵێن بوویەر، لەهەمان کاتدا هەوڵێکی دڵسۆزانەم دا تا بەرێگەیەکی عەمەلی و ماقوڵ نزیک کهومەوە لە ئامانجی خۆم، چوومە لای هاوڕێیەکی ڕۆژانی گەنجێتی کە لەو شارە دەژی و سەرنوسەری ڕۆژنامەیەکە ناوی **لوکاسە** بەشداری شەڕی گەورەی کردووە و کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە کە یەکجار زۆر فرۆشراوە، لوکاس بەخۆشەویستییەوە پێشوازی لێکردم، دیاربوو بەدیتنی سەرلەنوێی هاوڕێیەکی سەردەمی دێرینی خوێندن دڵخۆش بوو، دوو بابەتی دوور و درێژم لەگەڵ ئەودا هەبوو، هەوڵم دا وای لێبکەم لەوەزعی من تێبگات، من بیزم لەهەموو موراوەغەیەک دەبۆوە، بەڕاشکاوی پێمگوت کە من بەشدارییم کردووە لەو پرۆژە مەزنەی کە بێگومان گوێبیستی بووەو ناویشی **گەشتێ بەرەو ڕۆژهەڵاتە**، یاخود نێردەی کۆبەند یاخود ناوی هەرچییەک بێ لای خەڵک.. ئاخ

بەڵێ.. بەسوخرییەتەوە بزەیێکی هاتێ، دەبێ لەناو هاوڕێکانیداا وەبیری بێتەوە، هەموو ئەو گەشتەی کە جۆرێک لە بێڕێزیەوە واباو بوو، بە جۆرێک لە بێڕێزییەوە، پێیان دەگوت **هێرشی مناڵە سەلیبیەکان** جا ئەگەر بە جدییەوە لە ن نەڕۆوانرێتە ئەو بزاوتە، ئەوە بەڕاستی بەراورد دەکرا بەجۆرێک لەبزوتنەوەکانی برایانی **ثیوسوفی**، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەرسام بوون بۆ ئەو سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکی کۆبەندەکەمان، ئیدی بەرێزێکی ماقوڵەوە شتیان لەبارەی ئەو گەشتەدا، بەزاتەوە دەخوێندەوە سەبارەت  بە **سوابیای باڵاو** سەرکەوتن بەرەو **بریفارتن** و کۆنترۆڵکردنی گوندی چیای  **تیسین**، هەندێجار دەیانپرسی کە ئاخۆ ئەو بزووتنەوەیە دەیەوێ خۆی تەرخان بکات بۆ خزمەتی حوکمەتێکی کۆماری، بەڵام بێگومان مەسەلەکە لەزەیناندا ڕەویتەوە و نەماوە، ژمارەیەیێ لە ڕابەرانی پێشوو، بزوتنەوەکەیان بەجێهێشت، لە راستیدا ئەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان، وا دیاریان دەدا کەشەرم لەو بزوتنەوەیە دەکەن و ئارەزووی ئەو ناکەن، کە قەت وەبیر خۆیانی بهێننەوە. تاک تاک  هەواڵی بزوتنەوەکە دەهات و هەمیشە بەشێوەیەکی غەریب، هەواڵی پێکدژبوون، ئا بەمجۆرە مەسەلەکە وەکو زۆر لەبزاوتە سیاسیەکان و ئایینییەکان و هونەرییە غەربییەکان لە لایەک دانراو لە ساڵانی دوای جەنگدا لەبیرکران.

لەو کاتەدا پەیامبەرێکی زۆر و کومەڵەی نهێنی زۆر بەدیار کەوتن، کە مەبەستی مەسیحیەتیان هەبوو، پاشان ون بوون و نەمان، بێئەوەی ئاسەوارێک بەجێ بهێڵن. گۆشە نیگای ئەو روون و ئاشکرا بوو، بەنیەتێکی باشەوە گومانی دەکرد، لەوانەیە هەرکەسێ چیرۆکەکەی ببیستێ و خۆی بەشداری تێدا نەکردبێ، هەروا بیربکاتەوە، سەبارەت بەکۆبەندو گەشتەکە بۆ خۆرهەڵات، لای من گرینگ نەبوو بیروڕای لوکاس بگۆڕم، بەڵام هەندێ زیانیاریم بۆ ڕاست کردەوە، لەوانە بۆ نموونە کۆبەندەکەمان هەرگیز بەرهەمی دوای جەنگ نەبوو، بەڵکو درێژ دەبۆوە تا مێژووی هەموو جیهان دابگرێ، هەندێجار هەلبەت دەکەوتە ژێرەوە، بەڵام بێ پچڕانەوە، بەجۆرێک کە هونەری قۆناغی جەنگی گەورە تەنها چەند قۆناغێ بوو لەکۆبەندی ئێمە، زیاتر لەوەش **زەردەشت و لاوتسی و کسینۆفۆن و ڤیتاگۆریس و ئەلبرتۆس و ماگنوس و دۆنکیشوت و تریسترام شاندی و نوالیس و بۆدلیر)** لەبەشداربووانی دامەرزاندنی کۆبەندەکەی ئێمە دابوون، یاخود برایەکانی بوون ، وەک چۆن پێشبینیم دەکرد گرژییەوە. پێم گووت: باشە نەهاتوومەتە ئێرە فێرت بکەم بەڵکو هاتووم لێت فێربم، ئارەزوویەکی بەتینم هەیە کەشتێ بنووسم لەوانەیە مێژووی کۆبەندەکەمان نەبێ **لەشکرێکی تەواو لێتۆژە**

**کارامەکان ناتوانن شتێکی وابکەن،** بەڵکو لەوانەشەیە بە سادەیی چیرۆکی گەشتەکەمان بگێڕمەوە بەلاَم هەتا لە چوونیشم بۆ ئەوبابەتە سەرکەوتن بەدەست ناهێنم، مەسەلەکە مەسەلەی قودرەتی ئەدەبی نییە، وازەن دەکەم کە ئەوەم هەیە، لەوەزیاتر هیچ ئارەزوێکم لەو مەودایەدا نییە، نەخێر بەڵکو ئەو واقیعەی جارێک یان لەگەڵ هاروێکانم تیایا ژیاوم ئێستە نەماوەو نییە، هەرچەندەیادگارییەکانی بەنرخ نین و توندو تیژترین یادگارین لەلای من، بەڵکو زۆر دوور دیارن، کە لەجۆرێکی جیاوازی دەزوو تانوپۆکراون، بەپلەیەک وا بەدیار دەکەون لەئەستێرەکانی ترەوە، لەهەزار ساڵی دیکە ڕەگاژۆ بووینە، یاخود بریتین لە هەڵوەسە، لوکاس بەڕاستگۆییەوە کەوتە هوتافەوە - دەتوانم لەوە بگەم - دیاربوو قسەکانمان تەنها بایەخی ئەوی دەوروژان - چەند لەوە دەگەم! - ئا بەمجۆرە تەواو بە ئەزموونەکانی خۆم لە جەنگدا هەڵچووم، من وام خەیاڵم دەکرد، بە روون و ئاشکرایی و چالاکییەوە، ئەو جەنگەم چەشتووە، ئەوەندە نەمابوو بتەقێمەوە بەوێنەکانیەوە ، بەکرەی فیلمەکە لەناو سەرمدا وابەدیار دەکەوت، وەک بڵێی درێژییەکەی چەندین میل بێ، بەلاَم کە بۆ نووسینەوەی لەسەر کورسی دانیشتم و لەپێشمدا مێزێک هەبوو، گوند و دارستانی وێران و ئەو زەمین لەرزانەی کەبۆمبابارانەکان دروستی کرد بوون،

تێکەڵ بوونی بودەڵەیی و گەورەیی ، ترس و پاڵەوانێتی، گەدەو سەرە، ترس لە مردن بە خۆشییە قێزەوەنەکان، ئەوەندە دوور بوون بە پلەیەک کە پێوانەکردنیان هێجگار سەخت بوو، ئیدی بووە خەونێک وبەس و چیدیکە پەیوەست نەبوو بە شتێکەوە، چیتر ئەندێشە نەدەکرا، تۆ خۆت دەزانی من سەرەڕای ئەوەیش لەم دواییەدا کتێبێکم دەربارەی جەنگ نووسی، کە ئێستێکە زۆر دەخوێندرێتەوە و گفت و گۆی لەسەر دەکرێ، بەڵام ئایا دەزانی؟ خەیاڵ ناکەم کە دە کتێبی وەک ئەوە، بتوانێ هیچ وێنەیەکی حەقیقی جەنگ بۆ خوێنەرێکی باش بگوازێتەوە، ئەگەر ئەو خۆی نەچووبێتەوە شەڕەوە؟ زۆریش نین ئەوانەی کە وایان کردوە، هەتا ئەوانەیش کە بەشداریان تێداکردووە، تاقییان نەکردۆتەوە، دوای تێپەڕینی کاتێکی زۆر بەسەریانەوە، تاسووقی خەڵک بۆ ئەزموون کردنی شتەکان، تاسووقێکی بەهێز ترنییە لە تاسووقی بیرچوونەوەیان .
بێدەنگ بوو، سەرسام دیاریداو لە ناو بیرۆکەکانیدا سەرگەردان بوو، وشەکانی تەئکیدی بیرو ئازارەکانی منی کرد، دوای تێپەڕینی کاتێک بە نیگەرانیەوە لێم پرسی: ئەدی چۆن بۆ تۆ لوا کتێبەکە بنووسێت؟ بۆ ساتێک کەوتە بیرکردنەوەو پاشان لەتێڕامانی خۆی گەڕاو گوتی ئەوەیان بۆ من دەبوو، چونکە زروری بوو، لەسەرم بوو یا دەبێ کتێبەکە بنووسم، یاخود لە نائومێدیدا غەرق بم،

ئەوەیان تاکە ڕێگە چارەبوو، بۆ ڕزگار بوونم لەعەدەمیەت و پەرش وبڵاوی و خۆکوژی، لەژێر ئەوبارەدا کتێبەکەم نووسی، ئەو چارەسەرییەی  بۆ دابین کردم، کە پێشبینیم دەکرد، چونکە بەشێوەیەکی سادە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێ خراپە یا باش نوسراوەتەوە، ئەوەش تەنها شتێکە کە گرنگ بێ، لەکاتی  نووسینی دا پێویستم بەهیچ خوێنەری نەبوو بیری لێ بکەمەوە جگە لە خۆم یاخود زیاتر لەهاورێیەکی ئازیزی سەردەمی جەنگ لێرەو لەوێ،  ئەو کاتە بیرم لەوە نەدکردەوە کە کێ لەژیاندا ماوە، بەڵکو بیرم لەوانە دەکردەوە،  کە لەجەگدا کوژران، کاتێک کە دەنووسی من وەک یەکێ بووم کە وڕێنە بکات یا شێت بووبێ، وەک  بڵێی بەسێ یاخود چوار کەس دەورە درابووم و لاشەیان دادڕابوو، ئا بەمجۆرە کتێبەکە دەرچوو. لەهیکەوەو لەکۆتایی قسەکانی یەکەممماندا، گوتی: لێم ببوورە ناتوانم  زیاتر لەو بابەتە  هەتا وشەیەکی دیکە قسە بکەم ئیدی، ناتوانم و نامەوێت  خوات لەگەڵ، رایدام بۆدەرەوە. لەدیداری دووەمماندا هێوڕ بووبۆوەو باڵانسی خۆی وەرگرتبۆوە دووبارە هەمان بزە سوخریەت ئامێزەکەی گەڕابۆوە سەر لیۆی بەڵام وابەدیار کەوت کەئەو بە جیدییەوە مامەڵە لەگەڵ گرفتی مندا دەکات و هەوڵدەدات بە قووڵی تێی بگات، هەندێ پێشنیاری  پێشکەش کرد، لەگەڵ ئەوشەدا،

بەدیارکەوت سوودێکی کەمی بۆمن هەبێ، لەکۆتایی قسەکانی دووەم و کۆتاییدا، نزیکەی بە سوتفەوە پێی گوتم:
- گوێ بگرە تۆ بەردەوام دەگەڕێیتەوە بۆ ڕووداوی ونبوونی لیۆ، من حەز لەوە ناکەم، ئەو ڕووداوە وا دیاردەکەوێ کۆسپێک بێت لە ڕێگەی تۆوە - **خۆت رزگار کە... لیۆ بخەرە سەر ڕەفەوە**، وا بەدیار دەکەوێ کە ببێتە بیرۆکەیەکی چەسپاو. ویستم وەڵام دەمەوە کە مرۆڤ ناتوانێ هیچ کتێبێ بنووسێ بێ بیرۆکەیەکی چەسپاو، لەجیاتی ئەمە بە پرسیارێ کەقەت پێشبینی نەدەکرا لەرزاندمی کە ئایا بەڕاستی ناوی لیۆ بوو؟
زمانم تێک ئاڵا:
- نەخێر ناوی یەکەمی **کان** بوو، نەمدەناسی لەبیرم کردوە، لیۆ ناوی فامیلی بوو، هەموو بەم ناویان بانگ دەکرد. لەکاتی کە قسەم دەکرد ، لوکاس دەستی دایە کتێبێکی زل لە ناو کتێبخانەکەیداو پەڕەکانی هەڵدایەوە، بەخێرایەکی سەرسام ئامێز ئەوە کە لەدوایدا دەگەڕا دۆزییەوەو پەنجەی لەلاپەڕەیەکی کراوە لەکتێبەکەدا لەسەر شوێنێ دانا کتێبەکە دەلیل بوو، پەنجەی نایەسەرو ناوی **لیۆ. ب** لەوێدابوو. پێکەنی سەیرکە لیۆ مان هەیە لێرە، **ئەندریاس لیۆ ٩**

**–أ سيليرگرايين،** ناوێکی نائاساییه، لەوانەیه ئەو پیاوه شتێ لەپیاوەکەی تۆ **لیۆ** بزانێ، برۆ ببینه، لەوانەیه بتوانێ  هەواڵێ ئەوەی تۆ دەتەوێ ببینی بدا بەتۆ، من ناتوانم ببووره لێم، کاتم کەمه، بەدیتنت دڵخۆشبووم. تووشی واق وڕمانێک و وروژانێک بووبووم، لەو کاتەی که دەرگاکەم له دوای خۆم دادەخست لەهەمان ڕۆژدا چوومه **سیلیرگرابین** لەماڵەکه گەڕام و داوای کاک **ئندریاس لیۆم** کرد، لەژوورێکدا دەژیا، لەقاتی سێیەم. جار جاره له ڕۆژانی یەکشەموان، ئێواران دەگەڕایەوه، لەرۆژێ دا دەچووه دوای کاری خۆیەوه، لەپیشەی ئەوم پرسی گوتیان کاری جۆراو جۆر دەکات، هەروەها  دەتوانی نینۆکانیش ڕەنگ بکات و بایەخ  به قاچ و کاری شێلانیش دەدات و زەیت دەرمانیش لەگیا دروست دەکات، له باره خراپەکانیشدا، کاتێ که هیچ کارێ  نییه بیکات، جارجار خۆی به مەشقی سەگەکان و جوانکردنیان خەریک دەکات،  ڕۆیشتم و بڕیاری ئەوەمدا، چاکتر وایه سەردانی ئەو پیاوه نەکەم، یاخود لانی کەم مەبەستی خۆمی  پێ نەڵێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەیدای بینینی بووم، بۆیه له چەند ڕۆژەکانی کەمی دواییدا، له کاتی گەشته جیاجیاکانمدا چاودێری ماڵەکەیشم دەکرد، ئەمڕۆکەش هەر بۆ ئەوێ دەچم، چونکه من تاوەکو ئێستاش

ڕێک نەکەوتووە ڕوو بەڕوو چاوم بە **ئەندریاس لیۆبکەویت**، هەموو مەسەلەکان رابەراتیم دەکەن بەرەو بێئومێدی، بەڵام وام لێدەکەن بەختەوەر بم، یا لانی کەم دەموروژێنێ و دەمخاتە تاسووقەوە، بایەخ بۆمن و ژیانم دەگەڕێنێتەوە، ئەوەشیا کەمییەکی گەورەیە، لەوانەیە خەڵکانی خودان پیشەی ئازاد و زانا دەروونیەکان، کە هەموو کارەکانی مرۆڤ بۆ ئارەزووە زاتی‌یەکان دەگەڕێننەوە، لەسەر هەق بن، من ناتوانم نابینم ئەو مرۆڤە وابیبنم کە بە درێژایی ژیانی، خزمەتی کێشەیەک دەکات و چێژو بەختەوەری خۆی پشتگوێ دەخات و خۆی دەکاتە قۆچی قوربانی شتێکی دیاریکراو، بەڵکو بە هەمان ئەو رێگەیە بەو کارە هەڵدەستێ، کە مرۆڤی بازرگان لە بازرگانی کردن بە کۆیلە و بازرگانی کردن بە چەک ئەنجامی دەدات، پاشانیش قازانجەکە لە چێژ سەرف دەکات، بەڵام بێگومان من یەکسەر دەبەزم و دەشکێم لە گفتوگۆکردن لەگەڵ زانایێکی دەروونی وادا، چونکە زانایانی دەروونی، هەڵبەت هەر ئەوان سەردەکەون. بەو ڕادەیەی کە کارەکە پەیوەستە بەمن، ئەوان لەسەر هەقن پاشان ئەوەی من وام دادەنا خێر و جوانە، هەموو ئەو شتانەی لەپێناویا قوربانیم داوە، هەموویان ئارەزووی زاتی بوون، لە ڕاستیدا من هەموو ڕۆژێ، زۆر بەڕوونی ئەنانیەتی خۆم دەبینی، لەنەخشە کێشانی نووسینی جۆرێک لە مێژوو بۆ سەرفەری

ڕۆژهەڵات، لە سەرەتادا وام بۆ بەدیار کەوت، کەوا من پابەندی کارێکی گرنگم بەناوی کێشەیەکی ڕەوا، بەڵام وا وردەوردە لە ڕێگەی وەسفکردنی گەشتەکەمدا، دەردەکەوێ کە من هیچ ئامانجێکم نەبووە، جگە لە هەمان ئەو ئامانجەی کە لوکاس لە کتێبەکەی خۆیدا دەربارەی جەنگەوە هەیبووە، ئەوەیش **ڕزگار کردنی ژیانی من بوو**، بەوەی کە مانایەکی تازەی پێ بەخشی. ئاهـ.. ئەگەر من تەنها دەمتوانی ڕێگەکە ببینم.، ئەگەر ئەمن دەمتوانی یەک هەنگاو بهاوێژم بۆ پێشەوە وبەس. **لیۆ بخەرە سەر ڕەفەوە، خۆت لە لیۆ ڕزگار کە.** **لۆکاس** ئەوە پێگوتم، من دەتوانم سەری خۆم یا هەناوم بخەمە سەر ڕەفەوە تا لێیان ڕزگاربم بەڵام ناتوانم **لیۆ** بخەمە سەر ڕەفەوە. **ئەی خودای من تۆزێ یارمەتیم بدە..**

***

## پازی چوارەم

ئێستاکێ جارێکی دیکەش هەموو شتێ جیاواز خۆی دەنوێنێ، منیش نازانم ئاخۆ کارەکە سەبارەت بە گرفتەکەی خۆم، یارمەتی منی داوە یا نا، بەڵام بە ئەزموونێکدا ڕابردم، شتێک بۆمن ڕوویداوە کەقەت پێشبینیم نەدەکرد، **یا نا**؟ ئایا بەڕاستی من پێشبینیم نەدەکرد، ئایا من پەلەی ڕوودانیم نەکردووەو هیوام پێ نەبووەو لێی نەترساوم؟ بەڵێ. هەر وابووم، بەڵام هەر بە غەریبی دەمێنێتەوەو بەتەواوی لەوانە نییە.
بیست جار زیاترچوومەوە لای **سیلیرگرابین** ، یا من وام خەیاڵ کردوە کە زۆرجار بووە، زۆر بە دوای **٦٩–ا** دا دەگەڕام و دەسووڕام، هەمیشە ئەو بیرۆکەیەم لەسەردابوو- جارێکی دیکە هەوڵ دەدەم و ئەگەر هیچم بە هیچ نەکرد ئەوە ئیدی ناگەڕێمەوە- بەڵام من جار لە دوای جاردا دەگەڕامەوە، لەدوا ڕۆژی یەکەمدا ئارەزووەکەم هاتەدی، ئاخ چ وەدیهاتنێک بوو؟ لەکاتێکا لەو ماڵەدا نزیک دەبوومەوە، کە وام لێهاتبوو هەمووکون و کەلەبەرێکی ئەو ماڵەم لەگەڵچەکەیڕا دەناسییەوە، گوێم لەفیتەی ئاوازی گۆرانی یا سەمایێ بوو، ئاوازێکی میللی کە لە پەنجەرەی سەرەوەڕا دەهات.

تاوەکو ئەوسا هیچم نەدەزانی، بەڵام ئیدی گوێم لێڕاگرت، نەغمەکە یادەوەری وروژاندم، هەندێ یادگاری خەون ئامێز خۆیان ڕەپێش کرد، مۆسیقاکە ئاسایی بوو، بەڵام فیتەکە بە شێوەیەکی سەرسام ئامێز بە هۆی نەغمەیێکی نەرم ونیانەوە، هێجگار خۆشبوو، بەشێوەیەکی نائاسایی صاف بوو، هەمان بەختەوەری و عەفەویەتی جریوەی پاساری هەبوو، بەسەرسامییەوە وەستامو گوێم لێرادەگرتو تا رادەیەکی غەریب ، لە هەمان کاتدا کەوتمە ژێر کاریگەریێتیئەو مۆزیکەوە، بێ ئەوەی هیچ بیرۆکەیەکی بەدواداچوونیم هەبێ، یاخود بیرم لەوە کردبێتەوە کە دەبێ پیاوێکی دڵخۆش هەبێ یا لەدڵ نزیک بێ، کێ دەتوانێ ئا بەمجۆرە بکەوێتەوە فیتەوە. چەند دەقیەقەیەک لەوێدا وەستام، لەجێوە چەقیبووم و گوێم رادێرا بوو، پیاوێکی پیر کە ڕوخسارێکی نەخۆش و چاوێکی قووڵی هەبوو، بەلای مندا تێپەڕی، منی‌بینی وەستا بووم، ئەویش تەنها بۆ ساتێ دەستی کرد بەگوێگرتن، پاشان کە تێدەپەڕی بەتێگەیشتنەوە بۆ من گرژییەوە، دیدی جوان و ڕوونی ئەو پیاوە پیرە وابەدیار دەکەوت وەک بڵێی پێم بڵێ:

– **هەرلەشوێنی خۆت بمێنەوە، مرۆڤ هەموو ڕۆژێ فیتەیەکی وای گوێ لێ نابێت.**

تەماشای پیاوە پیرەکە هانیدام، داخم خوارد لە ڕۆیشتنی، لە هەمان ساتدا هەر زوو دەرکم پێکرد کە ئارەزووی من هەمووی

لەو فیتەیەدا دێتەدی، ئەوەیش کەئەو فیتەیە دەژەنی دەبێ **لیۆ** بێ.
خەریک بوو تاریک دادەهات، بەڵام پەنجەرەکان خاڵی بوون لە هەموو ڕووناکییەک، ئاوازەکە بە چەند جۆرێ کۆتایی هات و ئیدی بێدەنگی ئەو ناوەی داگرت، بە خۆم گوت، ئێستا ڕووناکی دادەگیرسێنێ، بەڵام هەمووشتێ لەتاریکیدا غەرق بوو، پاشان بیستم دەرگایەک لەتاقی سەەروە دەبێتەوە، دوای ئەمە یەکسەر یەکسەر بەسەر پلیکانەوە چەند ترپەی پێیەکم بیست، دەرگای ماڵەکە کرایەوەو کەسێک هاتە دەرەوە، ڕۆیشتنەکانی وەکو مۆسیقاکەی بوو، نەرم و خۆش بوو، بەڵام چەسپاو و ساغ و توندوتۆڵ بوو، ئەوەی کە رادەبرد پیاوێکی زۆر لاوازی سەرکۆت بوو، ئەوەندە زۆر درێژ نەبوو، **ئێستاکێ هەستەکانم بوون بەیەقین کە ئەوە لیۆ خۆی بوو.**
نەک لیۆی نێو دەلیلەکە، بەڵکو خودی لیۆ خۆی... هاوڕێی گەشتی ئازیزمان و لیۆی خزمەتکارمان، کە ونبوونی بەر لە دەساڵ یاخود زیاتر و تووشی غەمباری و شڵەژانێکی زۆری کردین. ئەوەندەی نەمابوو لەئانی خۆشی ناوەوەم و سەرسامیمدا قسەی لەگەڵدا بکەم، پاشان وەبیرم هاتەوە کە زۆرجار لە کاتی گەشتەکەمان بۆ رۆژهەڵات دەمبیست کە ئەو فیتەیەی لێدەدا، هەر هەمان هەڵچوونی ڕۆژانی پێشوو بوو، بەڵام بە شێوەیێکی غەریب، هەنێ جیاواز بوو، هەستێکی غەمبار بەسەرمادا زاڵ بوو،

وەکو خەنجەرێ لە دڵ، ئاە هەر لەو کاتەوە هەموو شتێ چەند جیاواز بۆتەوە؟ ئاسمان و هەوا و وەرزەکان و خەون و خەوتن و شەو و رۆژ، بەچەند گەورەیی و ترسەوە هەموو شتێ سەبارەت بە منەوە گۆڕا، بەشێوەیێ لەڕێگەی تەنها یادی ڕابردووەکانەوە ، کار دەکاتە سەر سافیرە و ئیقاعی ڕۆشتنی ئولفەتئامێز بەم قووڵییەوە، ئەو قەدەرە لەخۆشی و ئازارم پێ دەبەخشێ، پیاوەکە بە تەکمادا رابرد و سەری کۆتی بەسەر ملی رووتەڵەیدا کە لە کراسی کراوەیدا هاتبووە دەرەوە، بەدیار کەوت، ناسک و لەسەرخۆ بوو، پیاوەکە بەئاسانی و رووخۆشییەوە بەکۆلانە تاریکەکەوە ڕەت بوو، هەنگاوەکانی بەخۆو بە دوو سەندەڵی یا دوو پێڵاوی وەرزشی کە بە ئاستەمدەنگی دەبیسترا، بەبێ مەبەستێکی دیاریکراو بەدوای کەوتم.. چۆن دەتوانم قەدەغەی خۆم بکەم لەوەی کەبەدوای نەکەوم، شۆڕبۆوە کۆلانەکە هەرچەند هەنگاوەکانی نەرم و نیان و چوکە بوون، بەڵام لەگەڵ شەودا دەگونجان، لەهەمان ماددەی شەوتار دابوو، نەرم و نیان بوو، لەگەڵ سەعات و دەنگە خنکاوەکانی کە لە ناوەندی شاردا دەهاتن دەگونجا، هەروەها لەگەڵ نیوە ڕووناکی هەڵچووی گڵۆپە هەڵبووەکاندا، کەتازە بەدیار دەکەوتن. چووە ناو باخچەییێکی بچووک لە دەروازەی **سانت پۆڵ** و لەناو درەختیلە درێژ و خڕەکان ون بوو، کەوتمە پەلەکردن

نەبادا ونی کەم، سەر لەنوێ بینیمەوە لەسەرخۆ بە میانی درەختەکانی شەو و ئەکاسیادا دەڕۆیشت. ڕێگاکە لە ناو دارستانە بچووکەکەدا ڕێ ڕێ دەبوو بۆ دوو لق، دوو کورسی هەبوو لەلرێگە گیاییکەوە، لێرە لەبن درەختەکان تاریکیەکی تەواو بوو، لیۆ لە کورسی یەکەم تێپەڕی کە دوو عاشق لەسەری دانیشتبوون، کورسی دووەم خاڵی بوو، دانیشت و پاڵی بەکورسیەکەدا و سەری کەمێ بۆ دواوە برد و سەیری گەڵای درەخت و هەوری دەکرد، پاشان قوتییێکی مەعدەنی سپی خڕی بچووکی لەبەرکی سترەکەی دەرهێنا و لەتەنیشت خۆی بەسەر کورسییەوەی دانا و سەری کردەوە و لەسەرخۆ دەستی پێکرد. شتێکی لەقوتوەکە دەرهێنا لەدەمی نا و بەتام و بۆوە دەیخوارد، لەو کاتەدا من لەدەروازەکەوە بۆ دارستانەکە دەهات و دەچووم، و پاشان بۆ لای کورسیێ چووم و لەئەولای ئەو دانیشتم، چاوی بەرز کردەوە بەدوو چاوی خۆڵەمێشی ساف سەیری کردم و بەردەوام بوو لە خواردن، تەڕەییێکی ووشک کراوەی دەخوارد، کەمێک خۆخ و هەندێ موشمش یەک یەک لەمیانی پەنجەکانی دەیخواردن، هەر یەکەیان بەپەنجەکانی هەست پێدەدا و پاشان لەدەمی دەنا و بەتام و بۆوە زۆری دەجوی، کاتێکی زۆری پێچوو تا گەیشتە کۆتایی شتەکان و خواردی، پاشان قوتوەکەی سەر لەنوێ داخستەوەوتووڕی

هەڵدا، دواییش بۆ دواوە لار بۆوە و هەردوو قاچی درێژ کرد، ئەم کاتە بینیم کە پێڵاوی قوماشیەکەی دوو نەعلی لە گوریس چنراوی هەیە، لەناکاو گوتی **ئەمشەو دەباری** نەمدەزانی ئاخۆ قسە لەگەڵ مندا دەکات یا لەگەڵ خۆیدا. گوتم **بەڵێ وا بەدیار دەکەوێ**، لەکاتێکا من زۆر شڵەژابووم ئەوەم گوت، تا ئەوکاتەی کە ئەو هێشتا لەئادگار و ڕۆیشتنمدا منی نەناسیبۆوە و لەوانەیە یاخود من هەر دڵنیا بووم کەئێستا ئەو لەدەنگمەوە دەمناسێتەوە. بەڵام نا، قەت هەتا لەدەنگیشم نامناسیتەوە، هەرچەندە ئەوە یەکەم ئارەزووی من بوو، بەڵام ئەوە بووە هۆی ئەوەی دووبارە هەست بەوەڕسی بکەم، منی نەناسییەوە، لەکاتێکا ئەو وەک چۆن پێش دە ساڵ وەکو خۆی مابۆوە، ئەوەی کەئاشکرا بوو، پیر نەبوو بوو، کارەکە سەبارەت بەمن جیاواز بوو، جیاوازیەکی خەمئامێز. گوتم: تۆ زۆر جوان مۆسیقا دەژەنی، پێشتر لە **سیلیگرابین** گوێم لەتۆ بووە، زۆرم تام لێوەرگرت.. بەراستی تۆ مۆسیکزان بووی؟

– ئاخ ئایا تۆ؟ بە شێوەیەکی نەرم ئەوەی گوت،

– پیشەییێکی مەزنە کەواتە وازت لێ هێناوە ؟

– بەڵێ.. ئێستا.. هەتا کەمانچەکەی خۆشم فرۆشت.

– فرۆشتت؟ بەداخەوە! ئایا تۆ لەوەزعێکی خراپی؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا تۆ برسی؟ هێشتا هەندێ خواردنم هەیە لەماڵەوە،

هەروەها هەندێ پارەم هەیە لەنێو جانتاکەم.
-نا نا بەخێرایی گوتم.. مەبەستم ئەوە نەبوو، من باش دەژیم زیاتر لەوەی کەپێویستیم پێیەتی هەیتم.. بەڵام سوپاس بۆ تۆ لوتفێکی زۆر بوو تۆ کەئەوە بڵێی.. ئیدی مرۆڤ خەڵکی وا زۆر نابینێ.
- واخەیاڵ ناکەیتەوە؟! باشە، لەوانەیە، خەڵکی زۆر جار زۆر غەریبن تۆش کەسێکی غەریبی.
- منیش؟ بۆ؟
- چونکە پارە و پولی تەواوی خۆت هەیە لەگەڵ ئەوەشدا کەمانچەی خۆت دەفرۆشی چیتر مۆزیکتت خۆشناوێ؟
- هەڵبەتە: بەڵام زۆرجار وا ڕوودەدات کەسێ خۆشی لە شتێ نابینێ کەپێشتر خۆشی نەویستووە.. واش ڕوودەدات جار جارە مرۆڤ کەمانچەی خۆی دەفرۆشێ یا بە دیواری دادەدات یاخود ڕەسامێ ڕۆژێ لەڕۆژان هەموو وێنەکانی خۆی دەسووتێنێ، ئایا تۆ قەت پێشتر شتی وات لەم جۆرە نەبیستووە؟
- بیستوومە، ئەوە ئەنجامی بێ ئومێدییە کە ڕوودەدات، بەڵام من دوو کەس دەناسم خۆیان کوشتووە.
مرۆڤگەلی وەک ئەو گەمژەڵانە لەوانەیە ببنە مەترسی، مرۆڤ ناتوانێ یارمەتی هەندێ کەس بدات، بەڵام ئێستا تۆ چی دەکەی ئەگەر کەمانێکت نەبێ؟
- ئەو شتە یا ئەوە، لەڕاستی دا شتێکی زۆر ناکەم، ئیدی

گەنج نیم، زۆریش نەخۆش دەکەوم، بەڵام هێشتا لەبارەی ئەو کەمانەوە قسە دەکەیت؟ لەڕاستی دا ئەوەندە بایەخدار نییە. کەمان؟ وام لێدەکات بیر لەمەلیک داود بکەمەوە.

– مەلیک داوود؟ چ پەیوەندی بەوە بوو؟

– مۆسیقاریش بوو، کە گەنج بوو عادەتی بوو بۆ مەلیک **شاوولی** دەچڕی، هەندێ جاریش بەمۆسیقا میزاجی خراپی بەبا دەدا، پاشان هەر خۆی بووە مەلیک، مەلیکێکی مەزن تژی لەخەم، هەموو جۆرە میزاج و وەڕسکارییێکی هەبوو، تاجی لەسەر کرد، جەنگێکی هەڵگیرسان، هەموو جۆرە شتێکی وا، هەروەها زۆر کاری خراپیشی کرد و بەناوبانگ بوو، بەڵام کاتێ بیر لە ژیانی دەکەمەوە ئەوە جوانترین شتی ئەو داودە گەنجەیە کە گیتارەکەی خۆی هەڵدەگرێ و مۆسیقا بۆ شاووڵی هەژار لێ دەدات، وام بۆ بەدیار دەکەوێ کە پاشان بووە مەلیک، کە مۆسیقار بوو پیاوێکی باشترو بەختەوەرتریش بوو، بەحەماس و هەڵچوونەوە کەوتە وتاف لێدان: **هەڵبەت وابوو،** هەڵبەتە گەنج تر بوو لەو کاتە و جوان و بەختەوەرتر بوو بەڵام مرۆڤ هەمیشە بەگەنجی نامێنێتەوە، دەبێ داودی تۆ وێڕای زەمەن گەورەبێ و ناشیرینی و قێزەوەنی زیاد بکات، پڕ لەخەم و خەفەت دەبێ هەرچەند بە مۆسیقاریش بمێنێتەوە. بۆیە بوو بە داودی مەزن و کارەکانی خۆی هەموو ئەنجامدا

و مەزامیرەکانی خۆی نووسی و ڕێکخست، ژیان هەر گەمە نییە! کاتێ **لیۆ** هەڵسایەوە و سەری دانەواند و گوتی: - وا تاریک دادێ و دوای کەمێ دەبارێ، ئەوەندە زۆر نازانم لەبارەی ئەو کارانەی کە داود کردی و هەروا ناشزانم بە ڕاستی کە مەزنە.. جا بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕاشکاو بم ئەوەندە لەبارەی مەزامیرەکانی‌یەوە نازانم، بەڵام نامەوێ شتێ دژ بەو مەزامیرانە بڵێم، بەڵام هیچ وەسفێ نییە بۆ داود کە بۆ من بیسەلمێنێ کە **ژیان تەنها گەمە نییە**، ئەوە دەق ژیان چۆنە وایە، گەمەیێکە کاتێ کە جوانە و خۆشە، هەڵبەت مرۆڤ دەتوانێ هەموو جۆرە شتێکی تێدا بکات، بەوەی کە بیکاتە ئەرک یا مەیدانی جەنگ یا زیندان، بەڵام ئەوە قەت جوانی ناکات، ماڵاوا، بینینت دڵخۆشی کردم. ئیدی ئەو پیاوە غەریب و قشتە دەستی کرد بە ڕۆیشتنە نەرم نەرم و چەسپاوی خۆیەوهو دوور کەوتەوە. ئەوەندەی نەمابوو ون ببێ، کاتێ زەبتی دەروونیی خۆمم لەدەستدا، بە شەیداییەوە بەدوایدا رامکرد و بەپاڕانەوە هاوارم کرد: **لیۆ.. لیۆ.. تۆ لیۆیت تۆ ئەویت؟ نامناسییەوە؟** بەیەکەوە دوو برا بووین لەکۆبەند دەبێ هەروا بمێنینەوە، ئێمە بەیەکەوە بووین لەگەشتمان بۆ خۆرهەڵات، ئایا بەراستی منت لەبیر کردووە؟ بەراستی ئەتۆ- پاسەوانەکانی تاج- کلینبگسور و گولموند و ئاهەنگەکانی- بریمگارتن و دەروازەی موربیۆی خواروت

وەبیر نایەتەوە؟دڵت بەمن بسووتێ **لیۆ**!
رای نەکرد وەک چۆن من دەترسام وابکات، بەڵام ئاوریشی دەدایەوە، هەر بەتوند و تۆڵی دەڕۆیشت وەک بڵێی گوێ بیستی هیچ نەبووبێ، وەلێ هەلێکی بەمندا کەبگەمە ئەو، چی وای لێ بەدەر نەکەوت کە پەڵپ بگرێ لەوەی وێڕای ئەو بم. بەنەرمی گووتی: تۆ زۆر شڵەژاو و خێرای، ئەوەش باش نییە، وا لەڕوخسار دەکات کە گرژبێ و کەسەکەش نەخۆش، زۆر لەسەرخۆ دەڕۆین، ئەوە وادەکات مرۆڤ هێور بێتەوە، ئەو چەند دڵۆپە بارانە زۆر مەزنە، وانییە؟ وەکو کۆڵۆن لەهەواوە دێت. وەڵامم دایەوە :
- لیۆ بە ڕەحم بەتەنها یەک شتم پێ بڵێ، ئایا تۆ من دەناسیتەوە؟
بەنەرمییەوە گوتی :
- ئاخ، ئینجا لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت، وەک بڵێێ قسە بۆ کەسێکی نەخۆش یا سەرخۆش بکات.
- ئێستا باش دەبیت، تەنها ساتێکی وروژان بوو و بەس..
لێم دەپرسی کەئاخۆ من تۆ دەناسم یا نا؟ کێ بەڕاستی ئەویدیکە دەناسی؟ یاخود هەتا خودی خۆی دەناسێ؟ قەت ئەو کەسە نیم کە لە خەڵک تێدەگات، من بایەخیان پێنادەم، من ئێستا بەتەواوی لەسەگەکان دەگەم هەروا لەپاساری و پشیلە،

بەڵام بەڕاستی گەورەم تۆ ناناسم.
- بەڵام ئایا تۆ لەریزی کۆبەند نیت؟ یاخود لەگەڵ ئێمە دا نەهاتیە گەشتەکە.
- هێشتا هەر لەگەشتم گەورەم، هێشتاش لهڕیزی کۆبەندم، زۆرن ئەوانەی دێن و دەچن مرۆڤ ئەوانی دیکە دەناسێ یا نا، کارەکە لەگەڵ سەگان ئاسان ترە.. چاوەڕوانبە تۆزێ لێرە بمێنێوە.

پەنجەی خۆی بەخۆ پارێزیەوە درێژ کرد، لەڕاڕەوی باخە تاریکەکەوە وەستاین، کە لە تاریکییێکی کزدا بەرەو ژوور ون دەبوو، لیۆ لێوەکانی خۆی کردەوە و فیتەیەکی نەرم و درێژو لەرزاوی سەردا، ، پاشان تۆزێ چاوەڕوان بوو و سەرلەنوێ کەوتە فیتە لێدانەوە، تۆزێ پاشەکشەی کرد لەناکاو لەنزیکمانەوە کە لە پشتییەوە درابزونی کەپرەکە هەبوو، کەئێمە لەتەکیەوە وەستا بووین، سەگێکی **ئەلزاسی** لەمیانی درەختەکانەوە دەرپەڕی وبەدڵخۆشیەوە راپەڕی و لەگەڵ پەرژینەکەوە لەحیم بوو، تا پەنجەکانی لیۆی لەمیانی شیشە و تەلەکانەوە بەسەردا بێت، چاوە سەوزو و بەهێزەکانی سەگەکە دەدرەوشاییەوە، هەرچەند چاوی بەمن دەکەوت لەناخەوە دادەڕژا، ورتە ورتی وەکو بروسکێکی دوور بوو، هەر ئەوە تا دەبیسترا. **لیۆ** کەئەوی پێشکەشی من کرد گوتی:

– ئا ئەو سەگە ئەلزاسیەکەیە **نیکر**، ئێمە دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکترین، نیکر ئەوە کەمانجەژەنێکی پێشووە، نابێ شتێکی بۆ بکەی هەتا نابێ پێشی بوەڕی.

ئێمە لەشوێنی خۆمان وەستابووین، **لیۆ**ش فەروەی تەڕی سەگەکەی لەدرابزونەوە هەڵدەکڕاندو دەستی پێدادەهێنا، بەڕاستی دیمەنەکە جوان بوو، زۆر دڵخۆشی کردم، بەوەی دەمبینی چەند نەرم و نیانە لەگەڵ سەگەکە و لەوەش کە دەمبینی ئەو خۆشییە بەمن دەبەخشێت، کە سڵاوی ئەو ئێوارەیە بوو. لەهەمانکاتدا ئەوەی کەزۆر ئازاری دەدام و بۆم بەدیار دەکەوت تامل ناکرێ، کە **لیۆ** ئەوەندە نەرم و نیان بێ لەگەڵ سەگە ئەلزاسیەکە، لەوانەیە لەگەڵ سەگێکی زۆرەیشدا وابێت، لەوانەیە لەگەڵ هەموو سەگەکانی ناوچەکە هەمووی، لەکاتێکا جیهانێک لەگۆشەگیری لەوم دادەبڕێنێ، تەنها هەر ئەوە بەدیار نەکەوت کە راستگۆیی و ئولفەتێ کە من بە پاڕانەوە داوام لەو دەکردو بەشی ئەو سەگە– نیکر– بوو، بەڵکو ئەو راستگۆیی و ئولفەتە بۆ هەموو ئاژەڵێک و دڵۆپە بارانێک و بۆ هەموو پارچە زەوییێک بوو، کەلیۆ بەسەریەوەدا ڕۆیشتووە،، وا بەدیار دەکەوت کەخۆی بەتوندوتۆڵیەوە تەرخان کردبوو و دڵخۆشیش بوو بەتەواوی سەبارەت بەپەیوەندییێکی هاسان و پارسەنگ دەگەڵ ئەو شتەی کەدەوری داوە، چونکە

ئەو هەموو شتێکی دەناسی و هەموو شتێکیش ئەوی دەناسی و خۆشیدەویست، تەنها لەگەڵ من، منێک خۆشمویستووە و زۆر جاران پێویستیم پێی بووە.، هیچ پەیوەندیەک نەبوو بە تەنها خۆی لەمن گۆشەگیر کردبوو، بەساردی سەیری منی دەکرد و دوور بوو لەمن، منی لەیادەوەری خۆیدا سڕیبۆوە بەسستی ڕۆیشت، سەگە ئەلزاسیەکە لەلایەکەی دیکەی درابرونە کە وێڕای ئەوەوە دەڕۆیشت، چەند دەنگێکی نەرم و رازیبوونی لێوە دەهات، کە بەڵگەی کاریگەریێتی و بەختەوەری بوو، بەڵام بێ ئەوەی بوونی من لەبیر بکات، دەنگی دمەدمی خۆی گرتبوو کە لە دوژمنکاریێتی و داکۆکی کردن لەپێناوی **لیۆ**دا هەڵدەقولا.

سەرلەنوێ گوتم:

- لێم ببورە، خووم بە تۆوە گرتووە و کاتت بەفیڕۆ دەدەم، بێ شک تۆ دەچییەوە ماڵەوە و دەخەویت.

- هەرگیز من لاریم نییە کە شەوانە بەمجۆرە بەڕێدا بڕۆین، کات و ئارەزووم لێ کەم نییە، ئەگەر ئەوە مایەی وەڕسی نەبێ بۆ تۆ.

ئەوەی بە شێوەیەکی نەرم خۆشەویستییەوە گوت،هەلبەت بێ هیچ خۆپارێزییەک، بەڵام کاتێ ئەو وشانەی لە دەم دەهاتنە دەرەوە، هەستم بەوە کرد کە من لەسەرم و لە هەموو عەزەلەیەکی لەشمدا، چەند هەست بە ماندووبوون دەکەم،

هەروەها ئەو هەموو هەنگاوە شەوییە ماندووسازانە بۆ من چەند جارسکەرە.
بەخەمبارییەوە گوتم:
- بەڕاستیش من ماندووم. هەر ئێستا دەرکم بەوە کرد، هەروەها هیچ مانای نییە لبەر باراندا بە درێژایی شەو بێین و بچین و ببینە هۆی وەڕەس کردنی خەڵکانی تر.
بەئەدەبەوە گوتی: - هەرچۆنێکت بوێ.
- راستە کاکەدا **لیۆ**، لەکاتی گەشتەکە بۆ ڕۆژهەلات، ئاوا قسەت بۆ من نەکردووە، بەراستی تۆ هەموویت لەبیر چووە؟ باشە، سوودی نییە چیتر لەوە زیاتر دوات ناخەم.، شەوباش.
بەخێرایی لەو شەوە خەوناوییەدا ون بوو، بە گەمژەڵی تەنها مامەوە و سەرم لار بووبۆوە، گەمەکەم دۆڕاند و نەیناسیم و نەیدەویست بمناسێ، بەڵکو تیزیشی پێکردم. بەراڕەوەکەدا گەڕامەوە و سەگەکە- نیکر- لەپشتی درابرونەوە بەتوڕەییەوە پێم ڕەوی، من لە تاو شەرم و لەخەمباریان و لەبەر وەحشەت لەفێنکیی شێداری ئەو شەوە هاوینیەدا دەلەرزیم. پێشتریش لەڕابردوودا، تووشی کاتی وا هاتووم، لەساتەکانی بێئومێدی وادا وام بۆ بەدیار دەکەوت کەوا من وەک گەشتکارێکی سەرگەردان گەیشتومەتە جێ، گەیشتومەتە ئەوپەڕی دونیا و هیچ شتێ نەماوە بیکەم، تەنها تێرکردنی دوا ئارەزووم نەبێ،

ئەویش ئەوەیە واز لەخۆم بێنم تا لە لێواری دونیادا بکەومە ناو مردن خاوبوونەوە ، بەتێپەڕبوونی زەمان ئەو نائومێدییە چەندین جار تووشم بووتەوە، بەڵام پاڵنەری ناچاریی خود کوژی، ب لەبێن چوو و نەما، ئیدی مەرگ عەدەم نەبوو، یاخود خاوبوونەوەو و فەنا، بەڵکو بۆ من بووە زۆر شت. ئێستا وام لێهاتووە قبوڵی ساتەکانی بێئومێدی دەکەم، وەک چۆن مرۆڤ قبوڵی ئازاری تیژی جەستە دەکات. مرۆڤ بەرگەی دەگرێ لەو جا یا سەرپێچی دەکات، یاخود سەبر دەگرێت: مرۆڤ هەستی پێدەکات کە گەورە دەبێ و زۆر دەبێ، هەندێ جاریش فزولێکی پڕ هەڵچوون هەیە، یاخود پر سوخرییەت، لەبارەی ئەو مەودایەی کەپێی دەگات، یاخود تا چ رادەیەک دەتوانرێ ئازار زیاد بکات. بێز کردنەوەم لەو ژیانەی کە رزگاریم بوو لە وەهمەکانی، کە هەر لەدوای گەڕانەوەم لەگەشتە سەرنەکەوتووەکەم بۆ خۆرهەڵات، زۆر لەبەهاکانی خۆی و ڕۆحانیەتی ون دەکرد، هەروەها نەمانی متمانەم بەخودی خۆم و برستم ، تەوقی هەڵکار و پڕ لەداخی رۆژە خۆش و مەزنەکان، کە ڕۆژێ لەرۆژان پیایانا تێپەڕیوم، هەر هەموویان وەکو ئازار شین دەبن و وەک درەخت باڵا دەگرن و وەک چیا بەرز دەبنەوە و لەناخما دادەخورپێن، هەمووی پەیوەست بوو بەو کارەی پێشوو، کە من دەستم پێی کردبوو، لەبارەی وەسف کردنی گەشتەکە بۆ ڕۆژهەڵات

و کۆبەندەکە، ئێستا بۆ من وا بەدیار دەکەوێ هەتا بەرهەم هێنانیشی ئەوەندە جێی ئارەزوو نییە و ئەوە بەهایەی نییە، تەنها ئاواتێک کەبەهای هەبێ ئەوەیە، لە ڕێگەی کارو خزمەتم بۆئەو زەمەنە مەزنە و لە ڕێگەی سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ کۆبەندو ئەزموونەکانییەوە، خۆم پاک بکەمەوە و خۆم چارەسەر بکەم، کە گەیشتمە ماڵەوە ڕووناکییەکەم داگیرساند، لەسەر کورسیەکەم دانیشتم دە لاپەڕە دوانزە لاپەڕە بیست لاپەڕەم لەشکات و پاڕانەوە و پەشیمان بوونەوە بۆ **لیۆ** نووسی، وەسفم کرد کەپێویستیم بەوە، هەندێ وێنەی ئەزموونەکانی هاوبەشی خۆمان و هاوڕێ کۆنینەکانی کە هاوبەش بوون، هێنایەوە پێش تووشی کارەسات بووم، سەبارەت بەو دژوارییە گەورانەی کە هیچ کۆتایی نایەت و پڕۆژە نەبیلەکانی منی لەبێن برد. ماندووبوونی ساتەکە نەما و بەو وروژانەوە وەستام و ئیدی دەستم کرد بەنووسین، نووسیم کەسەرەڕای ئەو هەموو دژوارییە، ئەوە من بەرگەی خراپترین کار دەگرم و لەسەرمە نهێنییەک لەنهێنیەکانی کۆبەندەکە ئاشکرا بکەم، سەرەڕای هەموو شتێ، ئەوە لەنووسینی کتێبەکەمدا سەبارەت بەیادگاری گەشتەکە بۆ ڕۆژهەڵات و سەبارەت بەشاناز بارکردنی کۆبەندەکە نابەزم. ئیدی وەک بڵێی پڕ لەشوڕو تاوبم، لاپەڕە لەدوای لاپەڕەم بە وشەی بەپەلە پڕ دەکردەوە، هەمووی خەم و تاوان و تاوان دانە پاڵ

بوو، بۆ ئەو دەروونەی کەبەبێ بیرکردنەوە و باوەڕ و هەبوونی ئومێدێ، بەوەڵام وەک ئاوی گۆزەییێکی شکاو لەمندا دەتەقیەوە تەنها ئارەزووی ئەوەم هەبوو، تۆزێ باری خودی خۆم سووک کەم، لەکاتی شەودا نامە قەبە و شەپڕێوەکەم بردە نزیکترین سندوقی بەرید، لەکۆتاییدا لەو کاتەی سپێدە هەڵاتبوو رووناکیەکەم کوژاندەوە و چوومە ژووری بچووکی خەوتنەوە، لەکۆشکی نزیک ئەو ژوورەی لێی دەژیم، لەسەر جێگادا راکشام یەکسەر خەوتم، بۆ ماوەییێکی دوور و درێژ کەوتمە خەویکی قووڵەوە.

***

## پاژی پێنجەم

دوای ئەوەی لەخەو رابووم، چەند جارێ بۆرژیمەوە، ڕۆژی داهاتوودا کە هەڵسام و سەرم ئازاری دەدام، بەڵام خۆشحاڵ بووم، لەبەر زۆر سەرسامی بەختەوەری و شڵەژانم، **لیۆ**م بینی لە ژووری مەعیشەتمدا، بەسەر لایەکی کورسیەوە، ڕونیشتبوو، وای لێ دیار بوو کە ماوەیەکی درێژە لەوێ چاوەڕوان دەکات.
هاوارم کرد:
- **لیۆ** کەواتە هاتی؟
گوتی: لە کۆبەندەوە منیان بۆ لای تۆ ڕەوانە کردووە،
نامەیێکت دەربارەی کۆبەند نووسی بوو، دام بە بەرپرسەکان،
دەبێ لەبەردەم عەرشی سامیدا ئامادەبیت، ئایا دەتوانین
بڕۆین؟
بەشڵەژاوییەوە کەوتمە پەلەکردن، تا پێڵاوەکانم لەپێ بکەم، مەکتەبەکەشم هێشتا لەبەر فەوزای شەوی ڕابردوو شپرزە بوو، ئەوکاتە هیچم وەبیر نەدەهاتەوە، سەبارەت بەو شتانەی بەو هێزو نیگەرانیە، بەر لەچەند سەعاتێکی کەم بۆم نووسی بوون، بەڵام وا بەدیار دەکەوت کارەکە بێهودە نەبووە، شتێ ڕوویداوە، **لیۆ** هاتووە، لەپڕێکا بۆ یەکەمین کەڕەت، پەییم بە بایەخی وشەکانی برد، کەواتە

هێشتا **کۆبەند** ماوە، شتێکم لەبارەیەوە نەدەزانی و بێ من هەبووە، و منیان بە هاوریزی خۆیان دانەناوە، هێشتا کۆبەند و عەرشی سامی هەیە و هێشتا بەرپرس هەن وبە دوای منیاندا ناردووە. کە دەرکم بەکارەکە کرد ترسام، چەندین مانگ لەو شارە ژیاوم و غەرقی یاداشتەکانمبووم، سەبارەت بەکۆبەند و گەشتەکەمان، نەمدەزانی کەئاخۆ پاشماوەی کۆبەندەکە هێشتا هەیە و نەشم دەزانی لە کوێیە و یاخود لەوانەیە من دوا ئەندامی بم. لە راستی دا بۆ ئەوەی یەکجار بە راشکاوی دانی پیانێم، من لەهەندێ ساتی دیاریکراودا، ئەوەندەم متمانە نەبوو بەوەی کەئاخۆ کۆبەند، یاخود ئەندامێتیم تێیدا ڕۆژێ لەڕۆژان شتێکی حەقیقی بووبێ، بەڵام ئەوە لێۆ لێرە وەستاوە و کۆبەند ناردوویەتی، تا بەدوای مندا بگەڕێ، بیریان هێناوەتەوە کەمن داواکراوم و ئەوان دەیانەوێ گوێ لەمن رابگرن و لەوانەشە حوکمم بدەن، باشە، من ئامادەم، من ئامادە بووم کە دەریخەم من خیانەتم لەکۆبەند نەکردوە، ئامادەش بووم گوێ رایەڵ بم، بۆ من وەکو یەک بوو، بەرپرسان سزام بدەن یا بمبورن، من پێشتر ئامادە بووم، قبوڵی هەموو شتێ بکەم، هەروا قبوڵی حوکمەکەیان بکەم بۆ هەرشتێ بێ و گوێڕایەڵیان بم. ڕۆیشتین و لێۆ بەپێش کەوت، جارێکی واش وەک چۆن بەر لەچەند ساڵێ وام دەکرد، لەوکاتەی کە چاودێری ڕێگەی

ڕۆیشتنی ئەوم دەکرد، دەبوایە وەک خزمەتکارێکی چاک و نمونەیی پێیەوە سەرسام بم، لەکۆڵانەکەداو لەپێش مندا بەلەش سووکی و سەبرەوە کەوتە ڕێ، تا ڕێگەم پێشان بدات خزمەتکارێکی نموونەیی بوو لەکاری خۆیدا، هەروا رابەرێکی نمونەییش بوو، بەڵام گریمانەکانی منی خستە ژێر ئەزموونێکەوە، ئەوەندە سادە نەبوو، کۆبەند بەدوای دا ناردووم عەرشی سامی چاوەڕێم دەکات، هەموو شتێ بۆ من عەزاب بوو: هەموو ژیانی ئایندە و رابردووم بڕیاری لەسەر دەدرێت جا یا دەمێنێتەوە یا ماناکەی خۆی ون دەکات، من لەبەر پێشبینی کردن و خۆشی و نیگەرانی و ترسی شاراوە دەلەرزیم. ئەو ڕێگەیەی کە لیۆ گرتبوویە بەر، هەر لەبەر خاتری بێ سەبری من وا بەدیار کەوت دوور و درێژ بێ بۆ من، بەشێوەییێک ناکرێ لێبوردویی دەگەڵدا بکرێ، دەبوایە دوو سەعات زیاتر بە ناو عەریبترین پڕ لە موفاجەئەترین تەلاندا، بە بە دوای رێ نیشاندەری خۆمدا بکەوم، لیۆ دوو جاران لەچاوەڕوانێدا جێی هێشتم، تا بچێتە کلێسا نوێژ بکات، بۆ ماوەییێکی درێژ وام بۆ بەدیار کەوت کەئەو کارە کۆتایی نییە، کەوتە تێڕامانەوە لەبەردەم خانووی شارەوانی کۆن و قسەی بۆ دەکردم سەبارەت بەدامەزراندنی‌یەوە لەسەدەی پانزەم لەلایەن ئەندامێکی ناوداری کۆبەندەوە. هەرچەندە ئەو ڕێگەیەی کە ئەو گرتبوویە بەر لە ڕۆیشتنیدا، وا

بەدیار دەکەوت کەراست و پڕ حەماسەت بێ و ئامانجدارە ، بەڵام من سەبارەت بەو هەموو وەرسوڕانەوە و دەورات و قوچانەوەیەی ئەوەوە، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی، وەڕس بوو بووم، ئەو ڕۆشتنە کەتەواوی سپێدەی پێ چوو، لەوانە بوو بەچارەگە سەعاتێ کۆتایی هاتبا، لەدیماهیدا دا منی بردە کوچەییێکی کپ لەلایەک و پاشان بۆ ناو تەلارێکی بێدەنگ و زۆر گەورە، لەدەرەوەڕا وەکو تەلاری ئەنجومەنێکی فراوان یا مەتحەفێ دیار بوو. سەرەتا هیچ کەسێ لە هیچ شوێنێکی تەلارەکە بەدیار نەکەوت، ڕاڕەو و پلیکانەکان چۆل و هۆل بوون، دەنگی تەپەی هەنگاوەکانی ئێمەی لێ بەرز دەبۆوە، لیۆ دەستی کرد بەگەڕان لەڕاڕەو و پلیکانە و ساڵەکاندا، کهرەتێک بەخۆپارێزییەوە دەرگاییێکی گەورەی کردەوە، ستۆدیۆییێکی قەرەباڵغی هونەرمەندێکمان بینی **کلینگسوری** هونەرمەند لەبەردەم ستاندی تابلۆدا، خۆی و کراسە بۆکیێت دارەکەی وەستابوو. ئاە! چەندین ساڵە ڕوخساری ئەو خۆشەویستەم نەبینیبوو، بەڵام زاتم نەکرد سڵاوی لێ بکەم، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، کەسێ هەیە چاوەڕوانم دەکات، من داواکراوم، کلینگسور زۆر بایەخی بەئێمە نەدا، سەری خۆی بۆ لیۆ جوڵاندەوە، جا یا ئەوەتا منی نەدی یا نەیناسیمەوە، پاشان بەشێوەییێکی کپ و دۆستانە، بەڵام بنبڕ کە بچینە دەرەوە، چونکە ئەو ڕێگە نادات بەهیچ کەسێ لەکاری بکەن.

لەکۆتاییدا لەبەرزایی ئەو تەلارە زلەوە گەیشتینە کۆشکێ کە بۆنی کاغەز و کارتۆنی لێدەهات، بە سەدان یاردە لە دەرگای کارتۆنی بەسەر دیوارەکانەوە دیاربوو، بەرگی کتێب و کاغەزی پێچراو و و بەڵگە هەبوون، ئەرشیفێکی زەبەلاح یاخود نووسینگەییێکی زل هەبوو، کەسێ بایەخی بەئێمە نەدا، هەموو کەسێ بەکپی بەسەرکاری خۆیەوە بوو، واهاتە بەرچاوم، کەدونیا هەمووی و هەتا ئاسمانی رازاوەیە بە ئەستێرهش، لێرەدا حوکم دەکرێ و تۆمار دەکرێ و چاودێری لێ دەکرێ، لەوێ بۆ ماوەییێکی درێژ وەستاین و چاوەڕوانیمان دەکرد، زۆر لە لێپرسراوانی ئەرشیف یا نووسینگە بەبێدەنگی پەلەیان بوو، کۆمەڵەی خشتە و ژمارەکانیشیان لەدەست دابوو، پلیکانەکان قیت دەبوونەوە و سەر هەڵدەگەڕان و مەسعەد و داشقە بچووکەکانیش بە خۆ پارێزی و کپییەوە دەجولانەوە.. لەکۆتاییدا لیۆ بەدیار کەوت و گۆرانی دەگوت، گوێم لەنەغمەکە ڕاگرت لەناخەوە کەوتمە ژێر کاریگەرێتی گۆرانیەکەیەوە، پێشتر زۆر چاک ئەو نەغمەیەم دەناسیەوە، نەغمەی یەکێ لەگۆرانیەکانی کۆبەندەکەمان بوو، لە پڕێکا بەبیستنی گۆرانیەکەوە تاومدا، هەموو شتێ دەجولایەوە، بەرپرسەکان پاشەکشەکان کرد و هۆڵەکە فراوان بۆوە، فراوانبونێکی تاریک، خەڵکە بچووک و کۆشش کارو ناحەقیقییەکان، لەناوچەی ئەرشیفە زلەکەی دواوە کاریان دەکرد،

بەڵام لای پێشەوە هەر بەفراوانی و خاڵی مایەوە، هۆڵەکە بە درێژیەکی ترسناک فراوان هەڵگەڕا، لەناوەندەوە کورسیەکان زۆر ڕێک بوون، پاشان بەرپرسێکی زۆر وەژووریَ کەوتن، هەندێکیان لەدواوە بوون و هەندێکیان لەدەرگا زۆرەکانەوە، لەکورسیەکانەوە نزیک کەوتنەوە و پاشان یەکە یەکە بەسەریانەوە دانیشتن، ئیدی ریز لەدوای ریز کورسییەکان لەسەرخۆ پڕ دەبوونەوە، شێوەی کورسییەکان وردە وردە بەدیار دەکەوتن و کۆتایی بەعەرشی مەزن هات، کە هیچ کەس لەسەریا دانەنیشت، **سەندریۆم** پڕبۆوە تا گەیشتە عەرش، لیۆ بەدیدێکی خۆ پارێزەوە سەیری کردم داوای لیَ کردم بەسەبر و بێدەنگ و بەرێز بم و پاشان لەئاپۆرەکەدا ون بوو، لەپڕێکا رۆیشت و ئیدی نەمتوانی بیبینمەوە، بەڵام لەملاو لەولادا زۆر ڕوخساری ناسراوم بینی، هەندیَ لهو بەرپرسانەی بە دەوروبەری عەرشی سامیدا ئاپۆرەیان دابوو گرژ و مۆن بوون و هەندێکیان ڕوو بەبزە، **ئەلبێبروس ماگنوس** و کەشتیوان و **فازودیگای کەشییەوان** و **کلینگسۆری** هونەرمەند و ئیدیکەم بینی. لەدیماهیدا بێدەنگی باڵی کردەوە، و قسە بێژ هاتە پێشەوە، بە تەنهایی و بچکۆڵە لەبەردەم عەرشی سامی دا وەستام، بەحاڵەتێک لە نیگەرانی زۆرەوە بۆ هەموو شتێک ئامادە بووم، بەڵام بە گونجانێکی تەواو لەگەڵ ئەو شتەی کە ڕوودەدات، بڕیاری لیَ

دەدرێ، دەنگی قسە بێژ لەهۆڵەکەدا بەئاشکرایی و کپییەوە دەهات و گوێم لێ بوو دەیگوت **خۆ تاوانبار کردنی برایەکی راکردوو لەکۆبەندا،** ئەژنۆکانم لەرزین.. کارەکە پەیوەندی بەژیانمەوە هەبوو، بەڵام ڕاستییەکە بوو دەبوایە وابێ، چونکە دەبێ هەموو شتێ ڕێکبخرێ، قسە بێژ بەدواداچوو و گوتی: **ئایا ناوت ٥.٥یە**؟ ئایا بەشداریت کردووە لەڕۆیشتن **بۆ** سوابیای باڵا و ئاهەنگی بریمگارتن؟ ئایا کەمێک وازت لەڕەنگەکانی خۆت هێناوە، کەمێک لە دوای دەروازەی **موربیو**؟ ئایا دانت پیا ناوە کە تۆ دەتەوێ چیرۆکێ بنووسی، لەبارەی گەشت بۆ خۆرهەڵات؟ ئایا خۆت بەوە داناوە کەپابەند بیت بەوادەی خۆت و بە وادەی پابەند بوونت بە بێدەنگی سەبارەت بەنهێنی کۆبەند؟ من یەک لەدوای یەک وەڵامی پرسیارەکانم بە- بەڵێ- دایەوە، هەتا ئەو پرسیارانەش کەبۆ من ناڕوون و ترسناک بوون. بەرپرسەکان بە چرپە و هێما بۆ ماوەییێکی کورت کەوتنە گفتوگۆ، پاشان قسەبێژ دووبارە رایگەیاند: خۆ تاوانبار خۆی سەرپرشکە لەوەی کەشفی هەموو یاسایێکی و هەموو نهێنییێکی کۆبەند بکات لەوەی کەدەیزانێ، زیاتریش لەوە هەموو مەحفوزاتەکانی کۆبەند لەپێناوی کارەکەیدا، لەبەر دەستی ئەودایە، پاشان قسە بێژ چۆوە دواوە، کۆمەڵی لە

بەرپرسان پەرتەیان لێکرد و دووبارە ون بوونەوە، هەندێکیان لەدواوەی هۆڵەکە و هەندێکیان لە ڕاڕەوەکان بۆ دەرەوەی هۆڵ، بێدەنگیەکی تەواو هۆڵەکەی داگرت، لەو کاتەی بەنیگەرانییەوە سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد، شتێکم بینی کەوتە سەر بەڵگەکانی ئەرشیف، کەبۆ من شتێکی باو بوو، کە دەستم دایێ کتێبەکەی خۆمم تێدا ناسییەوە، سەرەتای ئالۆزیم، هەمان ئەو دەستنووسەی دەستم پێکردبوو **چیرۆکی گەشت بۆ خۆرهەڵات، بەقەڵەمی ه.ه** لەسەر بەرگە شینەکەیدا نووسرا بوو. دەستم دایێ و لاپەڕە چکۆڵەکانم کە بڕێکی بە دەست نووسرابوو خوێندەوە، پڕ بوو لە ڕەش کردنەوە و چاکردنەوە، بەپەلە و تاسوقەوە بۆ کارکردن، ئەو هەستە کۆنترۆڵی کردم کە من دواجار، ئێستاکە و پاش رازی بوونی رابەرەکانی سەروو و نەک هەر ڕازیبوونیان  ئەمە بەڵکو پیلەکردنیشیان، رێم پێدراوە ئەم کتێبە تەواو بکەم. کە درکم بەوە کرد ئیدی هیچ سوێندێ پابەندم ناکات و من ڕێم پێدراوە بچمە ناو ئەرشیفەوە، بۆ ناو ژووری ئەو زێڕ و زیوە زۆرەوە.. بەهای کارەکەم گەورەتر و مەزنتر لەپێشوو هاتە بەرچاو، بەڵام هەرچەندە ئەو پەڕانەی لە نووسینەکم دەخوێندەوە، ئەوە سەرسامیم بە ڕەشنووسەکە کەمتر دەبۆوە، هەتا لە زۆرترین کاتی بێزاریو خەمباری پێشترێمدا،  ئاوا سەخیف و بێکەڵک بۆمن بەدیار نەدەکەوت،

وەک چۆن ئێستا وایە، هەموو شتێک بەشپرزەیی و سەخیفی بۆ من بەدیار دەکەوت، ڕوونترینی پەیوەندیەکان شڵەژا بوو بوون، ئەوەی زۆرترین بایەخی هەبوو و زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو لەبیرکرا، هەموو شتێکی لێڵ و نا گرینگ هاتە پێشەوە، دەبێ سەر لە نوێ بیاننووسمەوە و تەواو لەسەرەتاوە، کەبەدوای نووسینەوەی دا چووم، دەبوایە ڕستە لەدوای ڕستە رەشیان بکەمەوە، لەکاتێ کە ڕەشم دەکردنەوە، بەسەر کاغەزدا ورد دەبوون، پیتە خوار و درشتەکان پەرش و بڵاو دەبوونەوە و دەبوون بەکڵۆی پەرش و بڵاو و دەبوونە جەڕڕەی قەڵەم و خاڵ و بازنە و گوڵی بچووک وئەستێرە.. لاپەڕەکان وەک مافوورەکان بەنەخشەکێشانی جوانکاری بێ مانا پڕ بوونەوە، هەر زوو هیچ شتێ لەدەقەکەدا نەمایەوە. خۆم گەلاڵە کردەوە، هەوڵم دا شتەکان بەڕوونی بەدیکەم، ئاسایی بوو کە من پێشتر بێ توانا بووم لەپێشکەش کردنی وەسفێکی ئاشکرا و پاک، چونکە لەڕاستیدا هەموو شتێک پەیوەست بوو بەو نهێنیانەی کە قەدەغە بوون لەسۆنگەی سوێندم بۆ کۆبەندەکە ئاشکرایان بکەم، هەوڵمدا خۆم بە دوور خەمەوە لە وەدەرخستنی بابەتیانەی چیرۆکەکە، بەبێ گوێدانە ئەو پەیوەندی و مەبەست و ئامانجانەی، کە بایەخیان هەبوو، خۆم بە ئەزموونەکانی خۆم پابەند کرد، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ ئەوە ببینێ کە منیان گەیاندە کوێ، لەلایەکی دیکەوە هیچ

کۆتیَ یا پابەندییێک بە بێدەنگ بوون نەمابوو، چونکە بە تەواوی مادۆنی ڕەسمیم وەرگرتبوو، زیاتریش لەمە ئەو سروودانەی کە تەواو نابن و هی هەموویانە، لەبەردەمم کرابوونەوە.. ئەوەی بۆ من ئاشکرابوو ئەوە بوو، هەتا ئەگەر کاری پێشووشم لە جوانی نەکەوتبیَ، ئەوە دەبیَ سەر لەنویَ دەست، لەسەر بناغەیێکی نویَ دەست پێبکەمەوە و جارێکی دیکەش تەواوی بکەم، بڕیارم دا بە وەسف کردنێکی کەمی کۆبەندەوە دەست پیَ بکەم، بناغە و دەستوری کۆبەند، دەبیَ ئەو هەموو پۆلبەندکارییە زل و بیَ کۆتایی و گشتگیرو و ڕێک و پێکانە وەڵامی پرسیارەکانم بدەنەوە. بەر لە هەموو شتیَ بڕیارم دا، بیَ دەست نیشان ڕوودەکان کردن بپشکنم، دەبوایە من فێربم چۆن ئەو ئامێرە زەبەلاحە بەکاربهێنم، بێگومان من بەر لە هەموو شتێکی دیکە، بەدوای بەڵگەنامەکانی کۆبەند گەڕام. ئەوەی کە لەکۆمەڵەکەدا نووسرابوو **بەڵگەنامەی کۆبەند، سەیری بەشی– کریسوستوموس، کۆمەڵە بکە لە قەسیدەی ٣٨–٨،** جوانە، بەشەکە و کۆمەڵەکە و قەسیدەکەم بەئاسانی دۆزییەوە، سروودەکان بەشێوەیێکی سەرسام ئامێز ڕێکخرابوون، ها ئەوە ئێستە منیش بەڵگەنامەیێکی کۆبەندم لەدەست دایە، لەسەرم بوو ئامادەبم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گریمانەی ئەوەی کە من ناتوانم بیخوێنمەوە، لەڕاستیشدا

من نەمتوانی بیخوێنمەوە، بەپیتی یۆنانی نووسرابوو، وەک چۆن بۆم دیارکەوت، من تا ڕادەییێکی باش یۆنانیم دەزانی، بەڵام شتێ هەبوو، کەبەنووسینێکی غەریب نووسرابوو، پیتەکانی یەکجار قەدیم بوون، سەرەڕای ئەوەی کەلە ڕوودا ئاشکرابوو، بەڵام زۆربەیان بۆمن داخرابوون، شتەکەی دیکە دەقەکە یا ئەوەتا بەلەهجەیەکی نێوەخۆیی نووسرابوو، یاخود بەزمانێکی نهێنی هیچ شتێکی لێ تێنەدەگەیشتم، تەنها وشەیێ نەبێ بەسوودفە وەک بڵێی من لەدوورەوە بە دەنگ و لێکچوونەوەی دەیخوێنمەوە. بەڵام هەوڵ و تەقەلای من چۆکی دانەدەدا، هەتا ئەگەر بەڵگەنامەکەش نەخوێندرابایەوە، بەڵام پیتەکانی یادگاری زیندووی ڕابردووی بۆ من دەگەڕاندەوە. بەشێوەییێکی تایبەتی **لونگوسی** هاوڕێی خۆم بینی کە پیتی یۆنانی و عیبری لە ئێوارەدا لە نێو باغدا دەنووسی و لە شەویشدا پیتەکانیش دەبوونە پاساری و دێو و مار. لەپۆلبەندی کارەکەوە سەیرم دەکرد، زۆر ترسام سەبارەت بە زلی ئەو بابەتەی کەتیایا چاوەڕوانیم دەکات، بەسەر زۆر لە وشەی ئاشنا و زۆر لەناوە دیارەکاندا ڕۆیشتم، بە لەرزینەوە بەسەر ناوی خۆمدا ڕابردم بەڵام زاتم نەکرد بەناو ئەرشیفی ئەودا بگەڕێم، کێ دەتوانێ بەرگە بگرێ کە گوێی لەحوکمی دادگایێ بگریت کە بە تەواوی مەعریفەوە بەسەر ئەودا درابێ؟

لەلایەکی دیکەوە دۆزیمەوە، بۆ نموونە، ناوی هونەرمەند **بۆل کلی** کە لە گەشتدا ناسیم و هاوڕێی **کلینگسور** بوو، لەئەرشیف دا بەدوای ژمارەکەیدا گەڕام، سینەیەکی چکۆڵەم بینی زێڕکفت، دار خورماییێکی بەسەرەوە بوو، یا ئەوەتا ڕەسم کرابوون یا هەڵکەنرابوو، هەرسێ گەڵای یەکەمی کەشتیەکی شینی بچووکی دەنواند، هەروەها ماسییەکیش بە پولەکەی زێڕین و کتێبێ لەبروسکە دەچوو، لەسەری نووسرابوو:

**شین وەک بەفر**

**ئەو بولە وەکو کلی**

ئەوەی کەلە بارەی **کلینگسور و لونگوس و ماکس و تیلییەوە** خوێندمەوە خۆشیەکی تژی کارەساتی پێ بەخشیم، هەروەها نەمتوانی بەرگری ئارەزووی زانینی هەندێ شت بکەم لەبارەی **لیۆوە**، بەسەر پۆلبەندکاری لیۆ دا نووسرابوو:

**تەسلیم بۆوە !**

**ئەسقوفی! ١٩، شەماس.د.٧.**

**کورنو ئامون.٦.**

**خۆی بەدەستەوە داوە.**

ئاژیری **خۆی بەدەستەوە داوە** ورووژاندمی و نەمتوانی بگەمە دەوری ئەو نهێنییە، بەڵام من لەهەموو هەوڵێکی تازەدا، تا دەهات زیاتر پەییم بەوە دەبرد، کە چەند زۆر بوون ئەو بابەت و مەعریفە

و هۆكاره سیحرییانەی، كه له ناو ئەو ئەرشیفەدا بوون و خەونم پێیانەوه نەدەدی، وا بۆ من بەدیار دەكەوتن، هەموو جیهانی تێدا بوو. دوای چەند جەولەیێكی خۆشهێن و یاخود سەرسام سەبارەت به لقه زۆرەكانی مەعریفه، زۆر جاران بەفزولێكی زۆرەوه دەگەڕامەوه لای **لیۆ**، ئینجا لەكاتێكا كەمن لەخەزانەیێكی پڕدا دەگەڕام، وشەی **فاتیمەم** لەگەڵ ئەم سەرنجەدا دۆزیەوە:

**– ئەمیره، خۆرهەڵاتی ٢٠**

**شەو، ئاش ٩٨٣**

**ئامۆژگاری– به تامه– ٧.**

گەڕام و سووڕام لەو شوێنه، لەئەرشیف دۆزیمەوه، عولبەیەكی بچووك هەبوو دەتوانرا بیكەینەوه، كەچەند وێنەیێكی بچووكی ئەمیرەیەكی جوانی تێدا بوو، یەكسەر هەزار و یەك شەوەو چیرۆكەكانی گەنجێتیمی بیر هێنامەوە، هەروەها خەون و ئارەزووه مەودا مەزنەكەی ئەو كاتەی لەپێناوی فاتیمهدا بۆ خۆرهەڵات گەشتم كرد. یەكەم هەنگاوی خزمەتی خۆم بەجێگەیاند و ناوی خۆم وەك ئەندامیٚ لەكۆبەند نووسی، عولبه چوكەڵەكه بەمەندیلێكی حەریری وەنەوشەیی پێچرابوو، كەزۆر جوان رازابۆوه و بۆنێكی زۆر شیرین و دێرینی هەبوو كه تژی بوو لەیادگاری ئەمیرەی خۆرهەڵات، لەكاتێكا من ئەو بۆنه سیحراوی و دەگمەنەم هەڵدەمژی، لەپڕێكا و بەشێوەیێكی بەهێز

یادی ئەو سیحرە شیرینە منیشی گرتەوە، کە چۆن لە کاتێ کەگەشتەکەم بۆ ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد، کۆنترۆڵی کردم، پاشان چۆن گەشتەکە بەهۆی چەند بەربەندێکی خیانەت لێکترازا کەلە راستیشدا دا نادیار بوو، پاشان چۆن ئەو سیحرە وردە وردە نەما و دوایی چۆن بوو بەوەڕەسی و وەهمەکان لەبێن چوون و ئیدی هەر لەو کاتەوە بوو کە نائومێدی تەواو بوو بە هیوای ژیان و خۆراک و خواردنەوەیمن ، بڕستی ئەوەم نەبوو مەندیل یا وێنەکە ببینم، چونکە پەردەی ئەو فرمێسکەی چاوی داپۆشی بووم چڕ بوو، ئیدی وام لێهات بیر بکەمەوە، کەوێنەی ئەمیرەی عەرەبی بەس نییە تا ببێتە نوشتەیێ بە ڕووی جیهان و دۆزەخدا و بمکا بەسوارچاکێ یا سەلیبییێ، من ئێستا پێویستیم بەجادوی دیکە هەیە بەهێزتر، ئای چەند شیرین و بێگوناە و پیرۆز بوو ئەو خەونەی کەبەسەر گەنجێتیمدا زاڵ بوو بوو.
ئەو خەونەی کەوای لێ کردم ببمە چیرۆکبێژ و مۆسیقار و راهیبێکی تازەو بردە مۆریبو.
چەند دەنگێ لەرامانەکانمدا وەئاگای هێنام، لە هەموو لایەکی لەدەوروبەرمدا، ئەو فراوان بوونە بێ دیماهیەی هۆڵی ئەرشیف بەشێوەییێکی ترسناک ڕووبەڕووم بۆوە، بیرۆکەیێکی دیکەم بۆ هات، یاخود ڕاستتر ئازارێکی دیکە وەک تیشکی بروسکە لەمندا هەڵچوو، من بەسادەیی خۆم دەمەوێ چیرۆکی کۆبەند

بنووسمەوە کەچی بەزییو و گەمژەڵانە، کەناتوانم گوزارشتی لێبکەم، نەمتوانی یەک رەمز لەهەزار و لە مەلایین بەڵگە و کتێب و وێنە و سەرچاوەکانی کە لەئەرشیفدا هەبوون بکەمەوە و تێیان بگەم، هەروەها بە خۆم پێدەکەنیم و بێتوانا بووم لەوەی کە لە خۆم ناگەم هەستم بە لەڕ و لاوازی خۆمدەکرد. من خۆم دی کە لە ناوەندی هەموو ئەو شتانەی رێم پێدراوە خۆمی پێ بخافڵێنم وەستاوم، تا بەدیقەتەوە دەرک بەوە بکەم، کۆبەند چییە و من چیم، بەرپرسەکان لەدەرگا زۆرەکان بەژمارەییێکی زۆرەوە هاتنە ژوورەوە، هێشتا سەرەڕای پەردەی فرمێسکم توانای ئەوەم هەبوو زۆریان بناسمەوە، **جوب ی ساحیر و لند هۆرستم ناسیەوە، هەروەها ئەرشیف کار و مۆزارت لابا و بابلۆ** ئەو ئەنجومەنە حازر و ئامادەیە چەند ریزێک لەکورسی پڕکردبۆوە،کەلەلای دواوەدابەرزوبەرتەسک تردەبۆوە، هەروەها بەسەر عەرشەوە، کە ترۆپکی ئەنجومەن بوو، گومەزێکی زێڕینی بریقەدارم بینی، قسە بێژ هاتە پێشەوە و پاشان ڕایگەیاند:
– کۆبەند ئامادەیە لە ڕێگەی بەرپرسەکانیەوە، حوکمی تاوانبار – **٥** – بدات، کەهەستی کردووە پابەندە بە پاراستنی نهێنی کۆبەند و ئێستا دەرکی بەوە کردووە، کە مەبەستی ئەو چەند غەریب نکۆڵکار بووە، کە ویستویەتی چیرۆکی کۆبەند بنووسێتەوە، ئیدی باوەڕی بەبوونی نەماوە و سەبارەت بە کۆبەند خیانەتکار بووە.

پاشان ئاوڕی لەمن دایەوە و بە دەنگە گەورە ڕوون و ئاشکراکەی‌و پرسی:
- ئەی ئەو کەسەی کە خۆت تاوانبار کردووە — ٥ — ئایا بەدادگای عەدل رازی دەبی و دەخزێیتە ژێر باری حوکمەکەیەوە؟
وەڵامم دایەوە بەڵێ.
بەدواداچوو:
- ئەی ئەو کەسەی خۆت تاوانبار کردووە - ٥- ئایا رازیت بەوەی دادگای عەدل، کە پێکهاتووە لەسەرۆکەکان، حوکمی خۆی بەسەرتا بدات بێ بوونی سەرۆک، یاخود دەتەوێ سەرۆک خۆی حوکمت بەسەردا بدات:
ووتم: - رازیم بەوەی کەبەرپرسەکان بەبوونی سەرۆک یاخود بەبێ بوونی حوکمی من بدەن.
قسە بێژ ئەوەندەی نەمابوو تەواو بکات، کەدەنگێکی نەرم لەوبەری هۆڵەکەوە گوتی:
- سەرۆک خۆی ئامادەیە حوکمت بەسەردا بدات.
ئەو دەنگە نەرمە بەشێوەییێکی غەریب منی هەژاند، لەقوڵایی هۆڵدا و لەئاسۆکانی دووری ئەرشیفەوە پیاوێ هات، رۆیشتنەکەی لەسەرخۆ و هێمن بوو و کراسەکەی بەزێڕ رازابۆوە زیاتر نزیک بۆوە، لەناوەندی بێدەنگی ئەنجومەن و ڕۆیشتنەکەیم

ناسییەوە، بزاوتەکەیم ناسیەوە، دواجاریش دەم و چاویشم ناسیەوە، **لیۆ** بوو، خۆیی و جلێکی ڕازاوەی گەش، لەمیانی ڕیزی بەرپرساندا وەک پاپا چووە سەر عەرشی سامی، وەک گوڵێکی مەزن و دەگمەن بەهای جلەکانی خۆی هەڵگرت بەپلیکانەکەدا سەر هەڵگەڕا. هەموو ڕیزێک لەبەرپرسەکان هەڵدەسانەوە، تا سڵاوی بسەننەوە، کاتێ بەلایاندا تێدەپەڕی بەخاکەڕایی و هەست کردن بە لێپرسینەوە و بە ویژدانی ئاسوودەوە، پایە بەرزو بریقەدارەکەی خۆی بەسەرشانەوە بوو، بە هەمان ئەو خاکەڕاییەی کە پاپای ئەقدەس و بەتریرک شارەی خۆیان هەڵدەگرت، سەرسام بووم و کەوتمە ژێر کاریگەریێتی چاوەڕوانی ئەو حوکمەی کە من خۆم بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی ئامادە دەکرد، بەجۆرێک لەخاکەڕایی کەتیایا سزا و پاداشت وەک یەک بوون، سەرسامی و کاریگەربوونم کەمتر نەبوو لەوەی **لیۆی** خزمەتکار و حەماڵی پێشوو، ئەوە کە ئێستا ڕابەرایەتی کۆبەند دەکات ئامادەیە حوکمی خۆی بەسەر مندا بدات، بەڵام زیاتر درووژاو و سەرسام و شڵەژاو و بەختەوەر بووم، کەسەبارەت بەو کەشفە مەزنەی خۆم بۆ ئەو ڕۆژە، کە کۆبەندەکە تەواو سەقامگیر و بەهێزە وەک چۆن هەمیشە وابوو، **لیۆ** و کۆبەند نین کەمنیان جێهێشتووە و منیان لەئەوهامەکانم دابڕیوە، بەڵکو من خۆمم بە تەنها، کەبێهێز و گەمژە بووم،

کەخراپ لەئەزموونەکانم گەیشتم و گومانم لەکۆبەند دەکرد و پێموابوو، گەشت بۆ ڕۆهەڵات سەرکەوتوو نییە و خۆم بە ڕزگاربوو و مێژوونووسی چیرۆکێکی کۆتایی هاتوو و لەبیرکراو دەزانی، لەکاتێکا لە کەسێکی ڕاکردوو و خائین و هەڵاتوو زیاتر نەبووم، سەرسامی و دڵخۆشی لەو کەشفەمدا هەبوو، من بەبچووکی و بەکەمییەوە لەژێر عەرشی سامیدا وەستا بووم، کە ڕۆژێ لەڕۆژان تیایا وەک برایەک لەو کۆبەند قەبوڵ کرام و ئەو سروتانەم ئەنجامدا، کە سەرەتا منیان کردە رەبەن، ئەڵقەی کۆبەندم وەرگرت پاشان یەکسەر بەدوای لیۆی خزمەتکارم نارد لەپێناوی گەشتەکەدا. لەو ساتەدا لە نێوەندی ئەو کارانەدا هەمووی دەرکم بەگوناهێکی تازە و خەسارەتێکی تازە کرد، کە ناتوانم راڤەی بکەم، هەروەها هەستم بەشەرمەزارییێکی تازە کرد، ئەڵقەی کۆبەندم لە دەست نەبوو، ونم کردبوو، نازانم کەی و لە کوێ، هیچ کەڕەتێ بەر لەو ڕۆژە ونم نەکردبوو. لەو کاتەدا **لیۆی** بەڕێز لیۆی وەرپێچراو بە زێڕ، بەدەنگە نەرم و جوانەکەی دەستی کرد بەقسەکردن، وشەکانی بەنەرمی و خۆشییەوە، وەک تیشکی خۆر گەیشتە من. وشەکان لەعەرشی سامیەوە دەهاتن :

– تاوانبار خۆی هەلی ئەوەی هەبوو، کە خۆی لە گوناهەکان

رزگار بکات، زۆر شت هەیە دژی بگوترێ، لەوانەیە ئەندێشە بکرێ و لێی ببوردرێ، ئەو نادڵسۆز بوو بۆ کۆبەند و سەرکۆنەی کۆبەندی کردووە، بەهۆی سەرنەکەوتنی و گەمژەڵێتی و گومانی لەبەردەوام بوونی کۆبەند کردووە، ئارەزوویکی غەریبی هەبووە کە ببێتە مێژوونووسی کۆبەند، ئەوانە هەمووی پارسەنگی ئەو گران ناکەن، ئەوانە هەمووی ئەگەر خۆ تاوانکار رێگەم بدات گوزارشتی لێ بکەم، گێژ و وێژی تازە دەستپێکردوویکە دەکرێ بە بزەییێک لەبێنی بەرین، هەناسەی ئۆخەم هەڵکێشا و سوکەڵە بزەییێک کەوتە سەر لێوی ئەنجوومەنی ئامادە باش، بەڕاستیترین گەورە گوناهی من و هەتا خەیاڵم سەبارەت بەوەی کە کۆبەند نەماوە و من تەنها قوتابیم کەماومەتەوە، لەلای ڕابەر تەنها **وڕوگێژیە و مەسەلەیەکی پوچە**، ئەوەیان جێ هەناسەدانێکی مەزن بوو، لەهەمان کاتدا دروست منی گەڕاندەوە خاڵی سەرەتام. بەڵام لیۆ بە دوای قسەکەی خۆی داچوو و ئیدی دەنگە نەرمەکەی بەراستی خەمبار هەڵگەڕابوو:

– تاوانی دیکەی زیاتر جیدی هەیە دراوەتە پاڵ شکایەت لێکراو و لەهەموویان خراتر ئەوەیە، کە وەک خۆ تاوانبارکارێ بە هۆی ئەو هەموو گوناهانەوە نەوەستاوە، بەڵکو وا بە دیار دەکەوێ کە هیچ شتێ نازانێ سەبارەن بە کۆبەندەوە ، ئەو لەناخەوە

داخی ئەوە دەخوات کە لە فیکری خۆیدا هەڵەی بەهەقی کۆبەندەوە کردوە و ناتوانێ لەخۆی ببورێ، نەیتوانیوە **لیۆی** ڕابەر بناسێ کاتێ کە ڕۆلی کەسێتی لیۆی خزمەتکاری بینیوە، ئەوەندەی نەماوە دەرک بەوە بکات کە چەند دڵناسۆزە بۆ کۆبەند، بەڵام لەکاتێکا کە ئەو بیرۆکانە بە هەڵە و گەمژەلّییەکی زۆر تەواو دادەنێ، پاشان بەڕحەتیەوە دەزانێ کەبە یەک بزە لەبێن دەچن، ئەو بە پیلە کردنەوە گوناهە ڕاستیەکانی خۆی کە زۆر زۆرن، لەبیر دەکات.. هەریەک لەو گوناهانە بایی ئەوەندە جیدیەتی تیایە کەخراترین سزای بەسەردا دابەزێنن.

دڵم بە خێرایی داخورپا، لیۆ ئاوڕی لێدامەوەو گوتی:

- **٥** – ئەی شکات لێکراو، پاشان بەگوناهەکانی خۆت دەزانی و دەزانیت، لە ئایندەشدا دەزانیت چۆن خۆتی لێ ڕزگار دەکەیت، بەڵام تەنها بۆ ئەوەی نیشانت بدەم کەتۆ چەند لەوەزعی خۆت ناگەی، من لێت دەپرسم:

- ئایا ڕۆیشتنی خۆتت لە شار وێرای لیۆی خزمەتکار لەبیرە چۆن بوو؟کە وەک نێردراوێ هاتبووە لات تا ئامادەی بەردەم عەرشی سامیەت بکات؟ بەڵێ. تۆ لە بیرتە، لە بیرتە چۆن بەتەک ئەنجومەنی شارەوانی و کەلیسای **قەدیس بۆلس** و **کاتدرائیە** رەت بووین؟ کە چۆن لیۆی خزمەتکار چووە ناو کاتدرائیەکەوە تا بکەوێتە سەر ئەژنۆ

و کەمێ نوێژ بکات و تۆ چۆن هەر بە تەنها کۆسپ نەبووی لەگەڵ مندا بچیتە ژوورەوە تا ئەرکەکانی خۆت بەجێ بگەیەنی، بەو شێوەی کە لەگەڵ بەندی چوارەمی سوێندخواردنەکەت بۆ کۆبەند دەگونجێ، یا چۆن لە دەرەوە ماویتەوەو سەبرت نەمابوو و بەوەڕسی چاوەڕوانی کۆتایی سروتە سەخیفەکەت دەکرد، کەوا بۆ تۆ بەدیار دەکەوت قەت پێویست نییە، سەبارەت بەتۆ زیاتر لە ئەزموونکردنێکی ناماقوڵی نەمانی سەبری ئەنانی تۆ، شتێکی دی نەبوو؟ بەڵێ، تۆ وەبیرت دێتەوە، ڕەفتاری خۆت وەبیر دێتەوە لە بەردەم دەرگای کاتدرائیە بەس، پێت نا بەسەر پێداویستیە بنەڕەتییەکانی کۆبەند و نەریتەکانی، سوکایەتیت بەئایین کردو و برایەکی خۆت لە کۆبەند بێزواند ، زۆر بەبێ سەبرییەوە هەل و بانگەشەی نوێژ و تێرامانت رەت کردەوە.
ئێمە ناتوانین لەم گوناهانە ببوورین، ئەگەر زەروفێکی تایبەتی لەحاڵەتی تۆدا نەبێت.
ئەوە ئێستا کێ زەربەی خۆی لێدا، ئێستاکێ هەمووی دەڵێ، ئیدی هیچ مەسەلەیەکی مام ناوەندی لە ئارادا نیە، هەتا گێلایەتیش، زیاتر لە ڕاستگۆیی بوو، لەناخەوەی دام.
- نامانەوێ هەموو گوناهەکانی شکات لێکراو بژمێرین،
سەرۆک بەدواداچوو و گوتی:
- تووشی هیچ حوکمێ نابێ، لە سەر بنەمای پەیامەکەی،

ئێمە دەزانین کارەکە هیچی پێ ناوێ، ئەوە نەبێ کە دەبێ بیرهێنەرەوەی خۆمان هەستێ بە بێدارکردنەوەی ویژدانی شکات لێکراو، وای لێبکات ببێتە خۆ تاوانبارکارێکی پەشیمان. سەرەڕای ئەوەش ئەی ئەو کەسەی کەخۆت تاوانبار کردووە ئامۆژگاریت دەکەم هەندێ لەکارەکانی دیکەی خۆت بهێنیەوە پێش چاوان بەر لەحوکمی ویژدانت، ئایا ئەو ئێوارەیەت بهێنمەوە بیر کەزیارەتی لیۆی خزمەتکارت کرد و حەزت لێبوو وەک برایێ لەکۆبەند بتناسێتەوە، هەرچەندە ئەوە مەحاڵ بوو چونکە وات لەخۆت کردبوو کە وەک برایێ لەکۆبەند ناودار نەبیت؟ دەمەوێ ئەوەت وەبیر بهێنمەوە کەخۆت بە لیۆی خزمەتکارت گوت؟ دەربارەی فرۆشتنی کەمانەکەت؟ ئەو ژیانە خودکوژییە تەنگ و تار و گێژ و ترسناکەی ساڵە زۆرەکانت زۆرت وەبیر بهێنمەوە؟ شتێکی دیکە هەیە ئەی برا – **٥** – کەنابێ لێی بێدەنگ بم، لەوانەیە لیۆی خزمەتکار توند بووبێ، لەوانەیە زۆر ڕەسمی بووبێ، لەوانەیە تێگەیشتن و سەبرێکی تەواوی نەخستبێتە ڕوو بۆ تۆ و زروفی تۆ، بەڵام دەسەڵاتی باڵاتر هەیە، دادوەری دیکە هەن کە لە لیۆ زیاتر بێ هەڵەن، **ئایا حوکمی ئاژەڵ لەسەر تۆ چییە ئەی داواکراو**؟ ئایا –**نیکر–** سەگت لەبیرە؟ ئایا کە تۆی ڕەت کردەوە و تاوانباری کردی ئەوەت لەبیرە؟ هێشتاکەش ئەو هەر پاکە، ئەو نەبرایە لەکۆبەند و نە ئارەزوومەند، وەستا..

- وەستا.. بەڵێ، **نیکری ئەلزاسی**، بەڕاستی منی ڕەت کردەوە و منی تاوانبار کرد. ڕازی بووم، لەلای ئەلزاسییەوە من حوکم درام، هەروەها لە لایەن خۆمەوە.
لیۆ دووبارە دەستی پێکردەوە:
ئەی ئەو کەسەی کەخۆی تاوانبار کردەوە **-٥-** لەو تیشکە زێڕینەی کە لە پۆشاک و سەیوانەکەی دابوو، دەنگێکی سارد وشاد و ڕوون، وەکو دەنگی رابەر کاتێ کە لە بەردەم دەرگای **جیوڤانی** لە فەسلی کۆتایی بەدیار دەکەوێ زەنگی لێدا، ئایا گوێت لەمن گرت ئەی ئەو کەسەی کەخۆت تاوانبار کردووە (ە) رازی بووی لێم؟، تۆ، وەک چۆن گریمانەی دەکەین، حوکمت بەسەر خۆت داوە وانییە؟
- بەڵێ.. بەدەنگێکی کز گوتم.. بەڵێ
- وای دادەنێین کە حوکمێکی خراپت لەسەر خۆت داوە؟
بەچپە گوتم، بەڵێ .
کە لیۆ لەسەر کورسی عەرش هەڵسایەوەو بە لوتفەوە دەستەکانی خۆی درێژ کرد. گوتی:
- ئەی بەرپرسەکان، ئێستاکێ ڕوو لەئێوە دەکەم، بیستتان و زانیتان کارەکە چۆن بوو لەگەڵ برای کۆبەندەکەمان - **٥** - کەئەوەشیان حاڵەتێکی غەریب نییە بۆ ئێوە، دەبوایە زۆر لە ئێوە ئەزموونی ئەو حالەتە بکەن، تا ئێستا داواکراو نەیزانیوە و نەیتوانیوە باوەڕ بەوە بهێنێ کە وەرگەڕان و ڕێ ونکردنی

تاقی کردنەوەیەک بووە، زەمانێکی زۆری بەسەر چووەوە خۆی نەداوە بەدەستەوە، سالانێکی درێژ بەرگەی گرتووە گرتووە، بێئەوەی شتێک لە بارەی کۆبەندەوە بزانی و بە تەنها ماوەتەوە، لەو کاتەی کە هەموو شتێکی دەبینی وێران بووە، لەکۆتاییدا دا هێزی نەماوەخۆی بشارێتەوەو و خۆی بەرزەفت بکات، ئێش و ئازاری زۆر گەورە بوو، ئێوەش دەزانن کاتێ تولانەوە تەواو دژوار دەبێ، ئەوە مرۆ بۆ پێشفە دەچێ، براما‌ن **(٥)** لەتاقی کردنەوەدا گەیشتە نائومێدی، نائومێدیش ئەنجامی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزە، بۆ تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤایەتی و پاساودانی، نائومێدی ئەنجامی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانەیە بۆ تێپەڕاندنی ژیان لەگەڵ فەریلە و داد و تێگەیشتن و بەجێ هێنانی ئەو شتانەی کەژیان داوای دەکات، منداڵەکان لەلاییێکی بێئومێدیدا دەژین و بێدارەکانیش لەلایەکی دیکەوە، داوا کراو (٥) ئیدی منداڵ نییە، هەروەهاش بەتەواوی بێدار نییە، هێشتاکەش لە ئەوپەڕی نائومێدیدایە، بەسەریا زال دەبێت و بەمجۆرە دەگاتە قۆناخی دووەمی مەشق، ئێمە دووبارە بەخێر هاتنەوەی دەکەین بۆ ناو کۆبەند، کە لەمەودوا داوای ئەوە ناکات لەمانای بگات و دووبارە ئەو ئەڵقەیەی ونی کردبوو بۆی دەدۆزینەوە، کە **لیۆی** خزمەتکار بۆی پاراستبوو. ئەوکاتە وتە بێژ ئەڵقەکەی بۆ هێنام و ڕوومەتی ماچ کردم

و ئەڵقەکەی لەپەنجە کردم، کە سەیرم کرد، هەر کە هەستم بەساردیە ماددەنییەکەی کرد بەسەر پەنجەکانمەوە، هەزاران شتم بۆ هات، هەزاران کار کە ئەندێشە ناکرێن، لەو کارانەی پشتگوێ خستن و بەکەم زانین، یەکەمجار وام کەوتە خەیاڵ کەئەڵقەکە چوار بەردی هەیە لەچەند مەوداییێکی وەک یەک، ئەوەی کە بەشێکە لەسوێندی کۆبەند و ڕێسای کۆبەند ئەوەیە ئەڵقەکە لەسەرخۆ بەدەوری پەنجەم دا بسوورڕێنم لانی کەم ڕۆژێ جارێک، لەگەڵ هەر یەک لە چوار بەردەکانیش، یەک لەبەندەکانی بنەڕەتی سوێندەکەم وەبیر بێتەوە،من نەک هەر ئەوە نەبووم کە ئەڵقەکەم ون کردبێ، هەتا بۆ جارێکیش ونم نەکردووە، بەڵکو من بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە ترسناکانە، چوار بەندە بنەڕەتییەکەم دووبارە نەکردۆتەوە و قەت بیرم لێ نەکردبۆوە، یەکسەر هەوڵم دا لەناخەوە سەر لەنوێ دووبارەی بکەمەوە، وام لەخەیاڵدا بوو هێشتاکە لەناخمدایە و وەکو **ناو** بە منەوە نووساوە و هەوڵ دەدات لە ساتێکدا بیری بێتەوە، بەڵام لەو ساتەدا بەبیری نایەتەوە. نا.. بە بێدەنگی لەناخمدا مایەوە، نەمتوانی ڕێساکان دووبارە کەمەوە، ڕێساکانم لەبیر کردوون، چەن ساڵێکە نەموتۆتەوە، چەند ساڵێکە بایەخم پێ نەداون و تەقدیسم نەکردوون، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم بەبراییێکی متمانە پێکراوی کۆبەند زانیوە. وتەبێژدەستی بەسەرقۆڵمداهێنا،شڵەژان وشەرمی قووڵی منی تێبینی

کرد، پاشان گوێم لێبوو، ڕابەر سەراەنوێ دەستی بە قسەی کردەوە:
- ئەی داواکراو و خۆتاوانبارکار **(٥)** بێگوناه دەرچوویت، بەڵام دەبێ خەبەری ئەوەت بدەمێ کە ئەرکی برایێ کەبێ گوناه لەقەڵەم دەدرێ لەحاڵەتێکی وادا، ئەوەیە کەبێتە ڕیزی بەرپرسان و یەکێ لەکورسییەکانی بەرپرسان بگرێ، دوای ئەوەی تاقی کردنەوەی باوەڕ و گوێ ڕایەڵی تێدەپەڕێنێ، مافی ئەوەی هەیە تاقی کردنەوەی خۆی هەڵبژێرێ، ئێستا ئەی **(٥)** ی برا، وەڵامی پرسیارەکانم بدەرەوە! ئایا تۆ ئامادەیت کە سەگێکی وەحشی کەوی بکەیت، وەک ئەزموونێ بۆ باوەڕەکەت؟
بەترسەوە پاشەکشەم کرد، هاوارم کرد لەکاتێکا لێی وەدوور دەکەوتمەوە: نەخێر.. ناتوانم ئەوە بکەم.
ئایا ئامادەیت و ئارەزووتە بە فەرمانی ئێمە ،یەکسەر سروودەکانی کۆبەند بسووتێنی، وەک چۆن وتەبێژمان بەشێکی لەبەر چاوەکانت دەسووتێنێ؟
ئینجا وتەبێژ دەستی خۆی درێژ کردە ناو خەزنە پڕ و ڕێکەکەوە و ڕایکێشا، پڕ بوو لەکاغەز، هەزاران کاغەز، کاتێ بەسەر لولە زلەکەوە سووتاندی منی ترساند، **نەخێر** ئەوەم گوت لەکاتێکا من پاشەکشەم دەکرد **ناتوانم ئەوەش بکەم.**
ڕابەر هاواری کرد :
**– برا خۆت بەدەستەوە بدە، دەی ئەی برا هار و هاجەکە**

به سادەترین کارەوە دەستت پێکردوە ، کە کەمترین لایەنی باوەڕی دەوێ، هەر کارێکی دیکەی کە دێتە پێشەوە، سەختیەکەی زیاتر دەبێ.. وەڵامم دەوە:

**- ئایا تۆ ئامادەیت دووبارە بگەڕێیتەوە ناو ئەرشیف، تا خۆت بناسی؟**

هەستم کرد کە سەرمامە و هەناسەم وەستا، بەڵام تێگەیشتم، هەموو پرسیارێکی دیکە سەخت تر دەبێ، هیچ مەفەری نییە، تەنیا بەرەو خراتر نەبێ، بە قووڵی هەناسەم هەڵکێشا، هەستامەوە و گوتم:

**- بەڵێ.**

وتەبێژ بە پێشم کەوت بەرەو سەکۆکان، کەسەدان خەزنەی پڕی بەسەرەوە بوو، سەیرم کرد و حەرفی **(٥)**م بینی، ناوی خۆم دۆزییەوە هەروەها ناوی باوانم- **ئیوبان**- کەبەر لەچوار سەد ساڵ ئەندامی کۆبەند بووە و پاشان ناوە من، ئەم قسەیەی لەسەر نووسرابوو:

**ورێنە باز– ر– زیارەتکەر–C X**

**مەدەنی– کالفنی– مورتەد– وەرگەڕاو– ٤٩ (نازانم ئەمە مەدەنییە یا نا).**

کاغەزەکە لەدەستمدا لەرزی، لەو کاتەدا بەرپرسەکان یەک لە دوای یەک لە سەر کورسییەکانی خۆیان هەڵسانەوە و دەستیان بۆ من درێژ کرد و راستەوخۆ تەماشای ڕوخساری منیان

دەکرد، پاشان هۆڵەکەیان جێهێشت، عەرشی سامی خاڵی بوو و لەکۆتاییدا ڕابەر لەعەرش دابەزی و سەیری ڕوخسارمی کرد، پاشان بەبزەییێکی نەرم وەک بزەی ئەسقوف گرژییەوە دوای ئەوان هۆڵەکەی جێهێشت، لەویّ بەتەنها مامەوە و یاداشتەکەشم لەدەست دابوو، تا بگەڕێمەوە ئەرشیف و بەدوای زانیاری دا بگەڕێم، نەمتوانی یەکسەر خۆم ڕادەمە لای ڕاوێژی ئەرشیف سەبارەت بەخۆم. بەدوو دڵییەوە لەهۆڵە چۆڵەکەدا وەستام، خەزنە و ڕاڕەو و سندوق و ڕەفەکان، کەڵەکەی زانستە گرینگەکانم بینی، کە دەتوانم لێی وەنزیک کەومەوە، لە هێڵێکی درێژدا درێژ بوو بوونەوە، بەڵام لەبەر ترسم لەبینینی کاغەزی تۆماری خۆم و ئارەزووی زۆرم بۆ مەعریفە، ڕێم دا تۆزیّ کار و باری خۆم دوابخەم، بۆ ئەوەی یەکەم جار هەندیّ شت بزانم کەبۆ من و کێشەکەم گرینگ بوون، هەروەها بۆ چیرۆکی گەشتەکەم بۆ ڕۆژهەڵات، بێگومان من پێشتریّ زانی بووم کە چیرۆکەکەم حوکمی بەسەرا درابوو و حەسم کرابوو، منیش قەت کۆتایی بەنووسینەوەی ناهێنم، بەڵام فزوڵی من وەک خۆی مایەوە. یاداشتێکم بینی کە خراپ بەرگ کرابوو، لەمیانی یاداشتەکانی دیکەدا لەناو یەکیّ لەخەزنەی دۆسییەکاندا دیار بوو، بۆ لای چووم و یاداشتەکەم ڕاکێشا، لەسەریا نووسرابوو.

**– گەلی موربیو.**

هیچ وشەییێکی دیکە نەبوو یارمەتی ئەوە بدات بەکورتی و

بەدیقەتێکی زیاترگوزارشت لە ناوەرۆکێکی فزولی بکات. لەکاتێ کە دڵم دادەخورپا، شوێنەکەی ئەرشیفم دەپشکنی، بەشێکی زۆر لە ئەرشیفەکە، بڕێکی زۆر لەکاغەزی تێدا بوو، لە هەموویان گرینگتر، نوسخەیێ لەوەسفی گەلی مۆربیو بوو، کە لە کتێبێکی ئیتاڵی کۆنینە وەرگیرابوو و پارچەییێکی چوارگۆشە هەبوو، چەند سەرنجێکی کورتی لەسەر نووسرا بوو، لەبارەی ئەو ڕۆڵەی **موربیو** گێڕابووی لەکۆبەندا، هەموو سەرنجەکان هێمایان بۆ گەشتی خۆرهەڵات و بنکە و ئەو کۆمەڵە دەکرد کە منی تیا بوو، لێی نووسرا بوو، کۆمەڵەی ئێمە لەگەشتی خۆی گەیشتە ڕۆژهەڵات، ئەلەوێدا خزامە ژێر باری ئەزموونێ، کەلێی سەرنەکەوتم، ئەویش ونبوونی **لیۆ** بوو، هەرچەندە دەبوایە ڕێساکانی کۆبەند ڕێمان نیشان بدەن، هەتا سەرەڕای ڕووداوی مانەوەی کۆمەڵە بەبێ سەرۆک، ئەوە بەندەکان بەسوود بوون، بەڵام لە سەرەتای گەشتەکەدا حسێبمان بۆ نەکردبوون، بەڵام هەر لەو ساتەوەی کە کۆمەڵەکەمان بەون بوونی **لیۆ**ی زانی، ئەوا ڕاستێتی و باوەڕی خۆی ون کردوو گومانی لا پەیدا بوو کەوتە ناو گفتوگۆییێکی بێهودەوە، لەکۆتاییشدا بەپێچەوانەی ڕۆحی کۆبەند، کۆمەڵەکە شەت و پەت بوو و لەبەرەیەک هەڵوەشایەوە، ئیدی ئەم وەسفەی نەگبەتی ئێمە لەمۆربیو، نەیدەتوانی سەرسامم بکات، لەلایەکی دیکەوە زۆر سەرسام بووم، دوای ئەوەی لەبەر یەک هەڵوەشان و

سەرگەردانی کۆمەڵەکەی خۆمانم خوێندەوە، بەدیقەت کە لە سێ کەس کەمتر نا لەبراکانی کۆبەند هەوڵیان داوە لەبارەی وەسفی گەشتەکەوە بنووسن و ئەوە بخەنە ڕوو کە لەموریبو ڕوویداوە. من یەکێ بووم لەو سێ کەسە و نوسخەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەنووسراوەکەی من لەبەشەکەدا هەبوو، هەردوو نووسراوەکەی دیکەم بەهەستێکی غەریب خوێندەوە، هەردوو نووسراوەکان لەبنەڕەتدا وەسفی ڕووداوی ئەو ڕۆژەیان بەشێوەیەکی وا کردبوو، کە زۆر جیاواز نەبوو لەو شێوەی کەمن وەسفم کردبوو، بەڵام چەند جیاوازییێکم بۆ بەدیار کەوت، لەیەکێکیاندا خوێندمەوە: دیار نەمانی **لیۆ**ی خزمەتکار بوو، کە لە پڕێکا و بەشێوەیێکی ترسناک پلەی ئەو ئاڵۆزی و جیاوازیەی، کە تەواوی یەکێتی ئێمەی شەت و پەت کرد ، ئاشکرا کردبوو، تاوەکو ئێستاکەش دیارە، بێگومان کەمێک لەئێمە یەکسەر زانیان یاخود گومانیان کرد لەوەی کە لیۆ تووشی هیچ ئازارێ نەبووە و ڕاینەکردووە بەڵکو بەنهێنی لەلایەن بەرپرسانی کۆبەند بانگ کراوە، بەڵام کەسێ لەئێمە نەبوو بەبێ هەست بەپەشیمانی و شەرمێکی قووڵ وەبیری بێتەوە. کە چۆن بەئەزموونەکهوە تێپەڕیوین، کاتێ لیۆ جێی هێشتین ئەوە باوەڕ و گونجان لەناو ئێمە کۆتایی هات، وەک ئەوەی کەخوێنی برینێکی نادیار لە کۆمەڵەکەماندا ڕژابێ، لەسەرەتادا جیاوازی هەبوو لەبیروڕادا، پاشان شەڕ و گێچەڵێکی بێکۆتایی لەبارەی

مەسەلە زۆر سوخریە و نەزۆکەکان، لەبیرمە بۆ نموونە ڕابەری زۆر میللی و زۆر چاکی کۆرس **٥.٥،** دەیگوت لیۆی ون بوو، خۆیدا بردووە، جگە لەچەند کەلوپەلێکی بەنرخی دیکە، بەڵگەنامە موقەدەسە کۆنینهکەشی لە گەڵ خۆیدا بردووە،، دەستنووسی ئەسڵی- **ئوستاز**- بۆ چەند رۆژێ گێرمەو کێشەیەکی گەرم و کوڕ کەوتە ئاراوە سەبارەت بەو قسەیە، جا بە چارەسەرکردنی قسەی **(٥)** بەشێوەییێکی ڕەمزی ئەوە تەئکیدکردنە غەریبەکەی بایەخێکی گرنگی هەبوو، بەراستی بەدیار کەوت کە خۆشی کۆبەندو گونجانی ناو کۆمەڵ، بە تەواوەتی نەماو کۆتایی هات ئەو کاتەی **لیۆ** کۆمەڵە بچووکەکەمانی بەجێهێشت، خودی **(٥)**ی موسیقار نمونەیەکی خەمبار بوو بۆ ئەوە. هەتا ڕۆژی گەیشتنمان بە- موریبو- یەکێ بوو براکانی کۆبەندەکە کە لە هەموان زیاتر هەوادار و بەباوەر تر بوو، جگە لەو جەماوەری خۆی کە وەک هونەرمەندهەیبوو، سەرەڕای کەسێتی لاوازی خۆی، لە هەموو ئەندامەکان زیاتر چالاکی هەبوو، بەڵام نوقمی نیگەرانی و بێئومێدی و نەمانی متمانە بوو بوو، ئیدی زیاتر بوو بە کەسێکی وا کە ئەرکەکانی خۆی پشتگوێ دەخست، هەروەها بەرەو عەسەبییەت و شەڕانگێزی و نەبوردەیی چوو، لەکۆتاییدا، رۆژێ لەرۆژان لەڕێپێوان دا دواکەوت و ئیدی پاشان هەر بەدیار نەکەوتەوە، کەس بەخەیاڵی دانەهات کە

لەپێناویا دا بوەستێ و بەدوای دا بگەڕێ. دیار بوو فیراری کردبوو، لەبەدبەختیشدا ئەو یەکەم کەس نەبوو، لەکۆتاییدا شتێ لەکۆمەڵە بچووکە گەشت کەرەکەی ئێمەدا نەمایەوە. ئەم پەرەگرافەشم لە کتێبی مێژوونووسێکی دیکەدا دۆزیەوە:
– تەواو کە رۆما دوای مردنی قەیسەر رما، یاخود بیرکردنەوەی دیموکراسی و لە دونیادا، دوای ئەوەی کە **ویلسۆن** وازی لە میتۆدەکانی خۆی هێنا دارما، هەرواش کۆبەندەکەمان. لەمۆربیوی نەگبەتباردا ورد و خاش بوو، بەوەندەی کە دەتوانین لەبارەی لۆمە و بەرپرسیارێتی‌یەوە قسە بکەین، بەوەندەی کە دەتوانین قسە لەبارەی  لۆمەکردن و بەرپرسیارێتی بکەین،ئەوە دوو ئەندامی بێ وەی بوون کە بوونە هۆی دارمانەکە، ئەوانیش **ە .ە ی مۆزیکزان** و **لیۆ** بوون، لیو یەکێ بوو لەخزمەت کارەکان. ئەو دوو کەسە لەرابردوودا جەماوەرهێکە زۆریان هەبوو، دوو ئەندامی باوەڕدار بوون بەکۆبەند و دڵسۆز بوون بۆی، سەرەڕای کەموکوڕیان لە تێگەیشتنی دەوری گرینگی کۆبەند لەمێژووی دونیادا، ڕۆژێکیان ون بوون بێ ئەوەی ئاسەوارێ جێ بهێڵن دوای ئەوەی کە زۆر شتی بەنرخ و بەڵگەنامەی گرینگیان لەگەڵ خۆیاندا برد، ئەوەش دەلالەتی ئەوەیە، کە ئەم دوو وەڕەسە بەرتیلیان لەدوژمنانی کۆبەند وەرگرتووە، جا ئەگەر خەیاڵی ئەو مێژوونووسە بەو قەدەرە شپرزە و بێ دیقەت

بێ- **نرخی تێبینییەکانم من چییە؟** هەرچەندە کە ئەو ڕاپۆرتی خۆی وەک دیارە، بەهەموو باوەڕێک و بەقەناعەت و دیقەتی تەواوە ئامادە کردووە، جا ئەگەر هاتوو دە ڕاپۆرتی دیکەمان لەبارەی (موربیو) و لەبارەی- لیۆ- منیش دۆزییەوە، ئەو دیارە کەهەمیشە هەموویان دژ بەیەک و هەریەکەیان ئەویتر بێ مانا دەکات، هەرگیز، کۆششی مێژووییمان بێهودەیە، هیچ ماناییێکی نییە. تا لەسەریا بەردەوام بین و بیخوێنینەوە، مرۆ دەتوانێ بەتۆز لێکەوتووییانەوە لەم بەشەی ئەرشیفدا جێیان بهێڵێ. کە بیرم لەوە کردەوە کە ئەوەی لەسەرمە لەو ساتەدا بیزانم، لەرزێک بە جەستەما داهات، وای هەموو شتێ چەند گۆڕاوەو لە ڕێ لایداوەو شپرزە کراوە، چەند مایەی پێکەنین و چەند ناڕاستە کە هەموو کەسێ لەم ئاوێنەیەدا، ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی لە پشت ڕاپۆرت و ڕاپۆرتە دژو خورافاتەکان بشارێتەوە چی ڕاست ماوە تەوە کە باوەڕی پێ بکەین؟ ئەی چی دەمێنێتەوە لەزانین، ئەو کاتەی کە خۆم دەناسم، سەبارەت بەکەسێتیم و مێژووی خەزن کراوم لەو ئەرشیفەدا؟ دەبێ بۆ هەموو شتێ ئامادە بم، لەپڕێکا ئیدی بڕستی ئەوەم نەما کە بەرگەی گومان و بێ متمانەییم بگرم، پەلەم کردە بەشی **شاتو روم رس گشتوی** تەماشای ئەو بەشەم کرد کەتایبەت بوو بەمن و ژمارەکەم، لەو بەشەدا وەستام ، ئەو شتە موشکات

بوو، کەناوی منی بەسەرەوە بوو، ئەوەیان گرفت بوو، کەپەردە نەرمەکەم لادا، بینیم شتێکی نووسراوی تێدا نەبوو، هیچ شتێ نەبوو تەنیا پەیکەر، کەنمونەییێکی کۆنینەی داڕزاوی دروست کراو لەدار یا شەم بوو، رەنگێکی زەرد هەڵگەڕاو بوو، وام بۆ بەدیار کەوت کەوا ئەمە جۆرێکە لەبتی وەحشیو خوداوەندی، لەیەکەم تەماشادا وام بۆ بەدیار کەوت کە تەواو داخراوە و ناتوانین تێبگەین، پەیکەرێ بوو، لەڕووی عەمەلییەوە دوو شتی تیا بوو، یەک پشتیان هەبوو، بۆ ماوەییێک بەسەرسامی و وەڕسیەوە سەیرم کرد، پاشان تێبینیم کرد شەمعەیەک هەبوو لەهەڵگرێکی ماددەنی، بەسەر چرادانەکەوە توند کرابوو، کبریتێکی لەتەکەوە بوو، شەمعەکەم داگیرساند پەیکەرێکی دوانەیی غەریب بەدیار کەوت، بەشێوەیەکی دیار ڕووناک بوو. لەسەرخۆ ئیدی بیرۆکەکە دەستی پێکرد لەبەردەمما بەدیار دەکەوت، لەسەرخۆ تەنها و وردە وردە ئیدی دەستم کرد بەوەی کە گومان بکەم و پاشان دەرک بەوە بکەم کە مەبەستی کێیە نوێنەرایەتیی ئەو بکات؟ نوێنەرایەتی وێنەیەکی منی دەکرد ئەو لێکچوونەی بەمن بەشێوەیەکی وەڕسکار و نیوە حەقیقی لاواز بوو، ئادگارێکی لێڵاوی هەبوو، لە گوزارشتەکانیدا شتێکی نیگەران و لاواز و مردوو یاخود ئارەزووی مردن هەبوو، وابەدیار دەکەوت وەک بڵێی پارچەییێک لە داتاشراوێک بوو،

دەکرێ پێی بگوترێ- **نەمان**- یاخود- **مەرگ**- یاخود هەر شتێ لەوە بچێ، لە لایەکی دیکەوە ئەو شکڵەی دیکە کە بە پەیکەری منەوە نووسا بوو، وێکڕا یەک پەیکەریان دروست دەکرد، کە بەهێز بوو لە ڕەنگەکانی، لە حالەتێکدا کە دەرکم بەوە کرد تەمسیلی کێ دەکات، کە بەدروستی خزمەتکار و **لیۆ**ی رابەر بوو، شەمعەیێکی دیکەم دۆزییەوە لەدیوار و ئەویشم داگیرساند، ئێستێ توانیم کە هەیکەلە دووانەکیەکە ببینم کەتەمسیلی من و (لیۆ)ی دەکرد، هەر ئەوەنا کە روونتر بۆوە و هەموو وێنەیێ زیاتر بە خاوەنەکەی دەچێت، بەڵکو ئەوەشم بینی کە ڕووپەڕی پەیکەرە دوانەکیەکە زۆر روون بوو، مرۆڤ دەیتوانی سەیری ناوەوەیان بکات، وەک چۆن سەیری ناو شوشە یاخود شتێکی شکاو بکات، لەناو هەردوو پەیکەردا شتێکم بینی کە لەسەرخۆ دەجوڵایەوە، زۆر لەسەرخۆ، بەهەمان ئەو ڕێگەیەی کە مارێکی خەوتوو دەجوڵێتەوە، شتێ لەوێ ڕوویدەدا وەکو هەڵڕژانێکی لەسەرخۆ و نەرم و نیان و بەردەوام، یاخود وەک توانەوە، بەراستیش شتێک هەبوو دەتوایەوە، لە وێنەی منەوە هەڵدەڕژایە وێنەی لیۆوە و پەیم بەوە برد کرد، کە وێنەی من لەتۆڕی چوونە ناو وێنەی لیۆ دایە و تیایدا دەکوڵێ، تا خۆراکی باتێ و بەهێزی بکات، وێرای کات مژادی و یەکەم هەموو دەتوایەوە و دەڕژایە ناو دووەمەوە، بەجۆرێ کە تەها یەک وێنە دەمایەوە،

ئەویش وێنەی **لیۆ** بوو، دەبوایە ئەو گەشە بکات و منیش نەمێنم، لەکاتێکا وەستا بووم و سەیرم دەکرد و هەوڵم دەدا لەو شتە بگەم کە دەیبینم، وتووێژێکی کورتم بیرکەوتەوە،ئەویش ئەوە بوو، کە جارێکیان لەگەڵ **لیۆی** خزمەتکاردا، لە ڕۆژەکانی **ئاهەنگی بریمگارتندا** ئەنجامم دابوو، ئێمە لەبارەی مەخلۆقاتەکانی شیعردا کەزیاتر زیندووتر و حەقیقی ترن لەخودی شاعیرەکان خۆیان وتووێژمان بوو. ڕووناهی هەردوو مۆمەکان کزهەڵگەڕان و کوژانەوە، ماندووبوونێکی فرە و ئارەزووی خەوتن کۆنترۆڵیان کردم، ئاوڕم دایەوە و دوورکەوتمەوە، تا بەدوای شوێنێکدا بگەڕێم، بتوانم تیایدا ڕاکشێم و بخەوم.

***

### ❊ ٥. ٥ کورتکراوەی ناوی نووسەر خۆیەتی

* هەندێ ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو ناوانەی کە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، ڕەنگە سوودێکی هەبێت بۆ زیاتر چوونە ناو بیرۆکەی ڕۆمانەکەوە، کە ئەمانەن:

- **قدیس کریستۆڤر** :- یەکێک بووە لە پاڵپشتیکارو سەرخەری کاسبکارو هەژارەکان، پیشەی خۆی حەماڵ بووە، ئەو بوو کە خاچی مەسیحی بە شانی خۆی هەڵگرت.

**نینۆن** : - کچێکە لە سەفەرەکەدا هاوڕێی **هیرمان هسە** بووە ، ئێرەیی بە فاتیمەی ڕۆژهەڵات بردووە، کە ڕەمزی جوانی ڕۆژهەڵات بووە لە ڕۆمانەکەداو نووسەر ئامانجی بووە ببیبینێت. .

**شارلی گەورە** :- کوڕی پاشای فەرەنجە بوو.

**ئیدوارد بومگارتن**:- فەیلەسووفێکی ئەڵمانی بوو- ١٦٦٢- . ١٧١٤ یەکەم کەسی بواری لێکۆڵینەوەی زانستی جوانی بووە.

**کونت کسیرلینگ**:- فەیلەسووفێکی ئەڵمانی بوو، لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای بەلتیق ژیاوە، لەقەبی کونت ی هەبووە،١٨٨٠- ١٩١١ ، گەشتی بە هەموو دونیادا کردووە.

**کوندالینی**: - هێمایە بۆ هێزی ژیان و نەشوەت.

**گۆلدموند** :- ڕۆمانی نەرسیسی گۆلدموند- هرمان هیسە، هێمایە بۆ پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە.

**ستاوفن** :- شارێکیباشووریئەڵمانییایە.
**هوهشتاوفن** :- خانەوادەیەکی سەر عەرشی ئەڵمانیابووە.
**تریستان کلنگسور** :- شاعیرێک بووە بە هەرسێ شیعری ئاسیاو بێهوودە و شمشاڵ ناوبانگی دەرکردووە، لە هەمانکاتدا هێمایە بۆ سیحربازێکی ئەڵمانی بەد، کە بارسیفاڵ ڕووبەڕووی بۆوە.
**بول کلی** :- سەرداری هونەری نوێی ئەڵمانی بووەو لە بۆن لەدایک بووە.
**بارسیفال** :-ئۆپێرای فاگنر-١٨٧٢-١٨٨٢ کە نیتشەبە بێچارەی ناودەبات.
**ئەلبیرتۆ ماگنۆس** :-١٢٨٠-١١٩٣ کاهین و ڕەبەنی دێر بووە، هەوڵی ئاشتەوایی گشتی داوە، فەیلەسووفێکی چاخی ناوەند بووە.
**فاماگوستا** :- دورگەیەکە لە قوبرس بە شاری تارمایی ناونراوە .
**دورگەیپەپولان** :-دورگەیەکەلەبەشیتورکیای قوبرسکەسەدجۆر پەپولەیتیایە.
**دەریایمانگ** :-جێ بایەخی فەلەکییەکان بووە، شوێنێ بووە بۆسەیرکردنیمانگ.
**نۆڤالیس**:- ١٧٧٢- ١٨٠١ فەیلەسووف و شاعیرێکی ئەڵمانی

بووه، که به گوڵی شینی ئه‌به‌دی ناودار بووه، ئه‌ویش دونیا گه‌ڕاوه.
**سدهارتا**:- پاڵه‌وانی سه‌ره‌کی سیره‌ی ژیانی بودایه به مانای ئه‌وه‌ی که ده‌گاته ئامانجی خۆی له ڕێگه‌ی ته‌ئه‌موله‌وه. ڕۆمانێکی نووسه‌ره‌که‌یه.